(137) ا. ڤ . جیفیلیکۆف ، سەرچاوەی پێشوو ، لە 91 .

## لە نیکۆلۆ مەکیاڤیللی‌یەوە

## بۆ لیۆرانسۆی مەزنی کوڕی

## بیارۆدی میدیتچی (1)

خـەڵکی پیشـەیان وەهایـە کـاتی دەیانـەوێ خۆیـان لـە مـیر نزیـك بکەنـەوە , تەقـەلا دەدەن جـۆرە دیاری‌یەکی‌پێش کەش بکەن کە بـە بـاوەری خۆیـان گرانبـەها بـیچ و یـا لـەوە بابەتـە شـتانەبێ کـە دەزانن میر هۆگریانە .بەم شێوەیە دیاری بە زۆری لە بابەتی ئەسپ وچەك و جـل وبـەرگی رازاوە بـە زێڕو گەوهەر و زۆر کەل وپەلی جوانی تر کە شیاوی شان و شکۆی میران بن , بە سەریاندا دادەبـارێن . سا منیش لەبەر ئەوەی حەز دەکەم سووکە بەڵگەیەك بـۆ نیشـانەی دڵسـۆزی‌ی خـۆم بەرامبـەر بـە جەنابی پایەبەرزتان پێشکەشبکەم , لەناو ئەو شتانەدا کە هەمن , هیچـی وەهـام نەدی‌یـەوە مایـەی شانازی پێوەکردنم بێ و لدی خۆم جیگەی رێزلێنانێکی زۆر بێ , ئەو زانستی‌یەم نەبێ کە دەربـارەی کـردارو رەفتـارە پیرۆزەکـانی گـەورەپیاوان هەمـەو لـە ئـەنجامی تـاقی کردنەوەیـەکی دوور ودرێـژی خۆمەوەو شارەزاییم لە کارەسـات و بەسـەر هاتـەکانی ئـەم سـەردەمەی ئیسـتامان و وردکردنـەوەی رووداوەکـانی رابـردوودا دەسـتم کـەوتوە. ئینجـا دوای خۆمـانووکردنێکی زۆر بـە وردبوونـەوەو کۆلینەوەوە لە کردار و رەفتارەکـانی ئـەو پیـاوە مەزنانـە , گەیشـتمە چـەند ئـەنجامێك کـە ئـەوەتا لەچوارچێوەی بەرگێکی بچووکدا , پێشکەش بە پایەبەرزتانی دەکەم .من هەر چەندە وایدادەنێم ئەم کارە شیاوی ئەوەنی‌یە پایەبەرزتان لێمی وەربگرن, بەڵام باوەڕم بە مروڤ پەروەریتان دەمخاتـە سـەر ئەو رایەی کە هەست وسۆزتان بۆ وەرگرتنی کتێبەکەم دەبزوێ چـونکە بڕواتـان هەیـە کـە مـن لـەوە زیاترم لە وزەدا نی‌یە دیاری‌یـەکتان لەمـە بایەخدارترپێشـکەش بکـەم کـە دەزانم یاریـدەتان دەدا لـە ماوەیەکی کورتدا لە هەموو ئەو کاروبارانە حاڵی بـن کـە مـن فێریـان بـووم و سـاڵانێکی زۆری پـڕ لـە تەریکی و مەترسیم بۆ فێربوونیان بەسەر بردوون . هەولچیشم نەداوە کتێبەکەم بە رستەی درێژدرێـژ ,یا بە نەقش ونیگاری وشەی پفدار , یا پلێلەو زلزلەی رەنگینی دروسـتکراوی ئـەوتۆ برازێنمـەوە کـە گەڵی لە نووسەران بۆ تـاس و لووسـدانی بەرهەمـەکانیان پـەنا یـان دەبەنـە بـەر .چـونکە مـن تـەنیا هێندەم ناوناوبانگ بۆ کتێبەکەم دەوێ کە لە سایەی بایەخداری و سەنگینی‌ی باسەکەیەوە بۆی ساز ببێ .من دڵنیام هیچ لە خۆبایی بوونێك لەوەدانی‌یە کە مرۆڤێکی تەریکی سەرکز بێتە پێشەوەو خۆی لە هەوڵدانی باسـکردنی حکوومەتـەکانی مـیران هـەڵبقورتێنی‌و رێنمایی‌یـان بکـا , چـونکە وێنـەگرانی

دیمەنەکانی سروشت ناو دۆڵ و نشیوەکان دەکەنە مەڵبەند , هەتا لەوێوە وێنەی قەڵاو چیاکان رەسم بکەن راستەقینەیانیان دەسگیر ببێ . بەم پێیە تۆش دەبێ میرێك بیت تا بتوانیت بە وردی شارەزای دڵ و دەروونی گەل ببیت , هەروەکوو پێویستە یەکێك بیت لە کورِوکالآنی گەل تا بتوانیت تەبیعەتی میران بناسیت. جا ئاخۆ بەم هەیە تکا لە پایەبەرزاتان بکەم ئەم دیارییە بچووکەم بەهەمان گیانی پێشکەش کردنەکەیەوە لێ وەربگرن ؟ خۆ ئەگەر لوتفتان نواندو پەیرەوی ناوەرۆکی ئەم کتێبە کرد , ئەوا دوایی پێدەزانن چ حەزێکی بە تەوژمم لە دڵدایە بتانبینمەوە گەیشتن بەو مەزنییەی کە بەهرەو خۆشبەختی خودی خۆتان بۆی لە سەرپێن.ئەگەر پایە بەرزتان مەرحەمەت بفەرموون و لەو کەشکەلانی فەلەکەتانەوە سەیری ئەم پەنای سەرکزییە بکەن تیایدا داسەکناوم , ئەوا پێدەزانن چ ئازارێکی گەورەو گران کە بەد بەختییە نەگریسەکەم تووشی کردووم , لە نا هەق دەچێژم .

## 1
## شێوەکانی حکوومەت و
## جۆری دامەزراندنیان

گشت ئەو حکومەت و مەملەکەتانەی لە رابردوو دا فەرمان رەوایی نەژادی ئادەمیزادیان کردوە و تائێستاش دەیکەن ، لە دوو شێوە بەدەر نین : یا شێوەی جەمهوریەتە ، یاخود شێوەی پادشایەتی یە یا میاتگری دەبێ کە بەدرێژایی سالآنێکی دوورودرێژ حوکم کۆدن لە ناو کەسانی یەك بنە ماڵەدا ئەم دەست و ئەو دەستی پێدەکرێ، یاخود تازە دروست دەبێو دێتە کایەوە . پادشایەتی یە تازە دروست بوەش ، یا لە هەموو شتێکدا نوێ دەبێ وەك حاڵەتی (میلان) کە فرانسشیسکۆ سفۆرزا [2] خۆی تێدا کرد بە پادشا ، یاخود پاشکۆیەکی نوێ دەبێ و دەدرێتە پاڵ مەملەکەتی میرێکی میراتگر ، واتە میرەکە دەیداتە پاڵ مەملەکەتەکەی خۆی وەك حاڵەتی مەملەکەتی (ناپۆلی )[3] کگە پادشای ئیسپانیا حوکمی دەکا . ئینجا ئەم جۆرە دراوەپاڵەش ، یا ئەوەتا بەم شێوە حوکمە راهاتوو بووە لەبەر ئەوەی ژێردەستەی میرێکی تر بووە ، یاخود دەوڵەتێکی سەربەست بووە و بەلآم لە رێگەی هێزی سوپایی تایبەت میرەکەوە ، یا هێزی کەسانی ترەوە ، یا لە رێگەی خۆشبەختی و توانا و دەستەڵآتێکی تایبەتیەوە دراوەتە پاڵ مملەکەتی ئەم میرە .

## 2
## پادشایەتیی و میراتگری

لەم بەشەدا باسی جمهوریەت ناکەم ، چونکە لە شوێنێکی تردا بە دوورروودرێژی لێێ دەدوێم ،[4] بە ڵکو باسی پادشایەتی دەکەم و لەو رێ و شوێنانە دەدوێم کە شێوە جۆراو جۆرەکانی پادشایەتی ی پێ بەرێوە دەبرێن و دەپارێزرێن . جا بەرادەی یەکەم ئەرکی پاراستنی پادشایەتی ی میراتگری کە

خەڵكی تیادا بە بنەماڵە فەرمانڕەواكـە ڕاهـاتوون ، ئاسـانترە وەك لـە ئـەركی پاراسـتنی پادشـایەتی یەكی نوێ ، چونكە لەوەیاندا تەنیا ئەوە بەسە كە پیـاو دەسـت درێـژی نەكاتـە سـەر ئـەو پاشمـاوە میراتیانـەی خـەڵكی ئاشـنایان بـوون و بشـتوانێ لەگـەڵ هـەر دۆخێكـی چـاوەڕوان نـەكراودا خـۆی بگونجێنێ مير گەر كۆششكارو كارامەبێ ، هەمیشە دەتوانێ لەم ڕێگایەوە پایەو پلەی خۆی بپارێزێ تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێ كە مەگەر هێزێكی بێ ئامانی زۆر كاریگـەر بێتـە كایـەوەو لـەو پایـەو پلـەی دەریـەرێنێ . تەنانەت ئەگەر دەریش پەرێنرا ، هێشتا هەر دەتوانێ كـە هـەر هێنـدەی مـیرە تازەكـە سـووكە پریشـكێكی بـەخت ڕەشـی گرتیـەوە ، ئـەم پایـەو پلـەی پێشـووی خـۆی وەربگرێتـەوە . نمونەش بۆ ئەمـەی وتمـان ئیتالیایـە كـە دۆق فیـزار تـوانی لـە سـاڵی 1484 دا لـە ڕووی هێرشـی و پەلاماری ڤینیسیاییەكان و[5] لە ساڵی 1510 دا لەڕووی هێرش و پـەلاماری پاپـا یۆلیۆسـدا خـۆی ڕابگرێ ، ئەوەش لەسایەی یەك شتەوە بوو كە تەمەن درێژی بنەماڵكەی بوو لە فەرمانڕەوای كردنـی شارەكەدا . جا لەبەر ئەوەی كارێكی ئاساییە كە هیچ دوبەرەكیەك بە حوكمی پێویستی و ناچاری ، نەتوانێ قەوارەی میرێكی خاوەن هەقی شەرعی بشلەقێنێ ، هـەروەها ئـەوەش كـارێكی ئاسـاییە كـە گـەل ئـەو مـیرەی زۆر خـۆش بـووێ چـونكە ئەگـەر ئـەو خراپەكاریانـەی لایدەوەشـێنەوە لـە ڕادەبەدەرنەبن و خەڵكەكە ناچاری بوغزاندنی نەكـەن ئـەوا بەلایانـەوە ئاسـاییدەبێ كەبەپەرۆشـەوە هۆگری بن و بە درێژایی ساڵانی حوكمرانییەكەم بەزم و ڕەزمی تازەبازی و نوێ كردنەوە فـەرامۆش بكەن ،چونكەهەر ئاڵوگۆڕێك لە ڕژێمی حكومدا هەردەم ڕێگا بۆ ئاڵ و گۆڕێكیتر خۆش دەكا .

## 3

## پادشایەتی تێكەڵاو

كۆسپ و تەگەرە هەمیشەیەخەی پادشایەتی نۆی دەگرن . چـونكە دەوڵـەت ئەگـەر لەوبابەتـە نەبێ كە تازە دروست بووبێ ,بەڵكوو لە ڕێگەی ئەندامەتیـەوە بـێ لـە دەوڵـەتێگی تێكـەڵاودا , ئەوا بەرادەی یەكەم ئاژاوەی لە ئەنجامی ئەو كۆسپ و تەگەرە ئاساییانەوە تێدا سەر هەڵـدەدا كە لە هەموو مەملەكەتە تازەكاندا ڕوودەدەن ,لەبـەر ئـەوەی كـە خـەڵكی لـە حـەزو ئـارەزووی خریانەوە بە هیوای چاككردنی باری ژیانیان , ڕوو لـە گـۆڕینی حوكمرانـەكانیان دەكـەن. ئینجـا ئـەم بـاوەڕە هانیانـدەدا بـۆ شـۆڕش بـەرپاكردن دژی ئـەو حوكمرانانـەی خەڵەتانـدبوویانن . بەتایبەتی ئەگەر بە تاقیكردنەوە بۆیان دەركەوتبوو كـە بـاری ژیانیـان لـە خراپـەوە بـۆ خـراپتر چووە . ئەمەش ئەنجامێكی دروستی هۆیەكی بەڵگەنەویستی ترە كـە بریتیـیە لـەو ئەشـكەنجەو ئازارە بێ پەروایەی سەربازەكانی حوكمرانە نوێیەكە بە خەڵكی ئەو مەملەكەتـەی دەنۆشـن كـە میرەكە خستوێتییە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە , یا بریتییە لەو زەرەو زیان و دەسدرێژی كردنە لە ژمارە نەهاتووانەی لە داگیركاریەكەی دەوەشێنەوە. بەم شێوەیە تۆ هەردەم دوژمنـار دەبیـت و دوژمنانیشت لەوانە دەبن كە لە ئەنجامی داگیر كردنی ولآتەكەیاندا زەرەرمەند بـوون .وەكـی تـر

ناشتوانیت دۆستایەتیت لە گەڵ ئەوانەدا بپارێزیت کە بۆ دەسگیر خستنی ئەم مەملەکەتەتازەیە یاریدەیان دابیت , چونکە لە تواناتدا نابیٚ هەموو هیوا و ئاواتەکانیان بەجیٚبێنێت . هەر وەکوو ئەوشت لە وزەدا نابیٚ کە بە توندوتیژی و بەسەختی رووبەروویان ببیتەوە , لەبەر ئەوەی وا هەست دەکەیت کە قەرزێکیان بەسەر تەوە هەیە لەبەر هەموو ئەم هۆیانە تۆ لەشکرەکانت چەند بە هێزیش بن , هیشتا هەر پێوستیی هەرە زۆرت بە سۆزو خوشەویستیی خەڵکەکە دەبیٚ تا بتوانیت ولاٌتەکەیان داگیر بکەین . ئینجا رەنگە ئەم قسانەم ئەو هۆیانە روون بکەنەوە کە بوونە مایەی دەرپەراندنی پادشای فەرەنسا لویسی دوانزەیەم [6] لە ( میلان) و هەردوای داگیر کردنیشی لە سایەی لەشکرە بەهێزکانیی‌ەوە بە ماوەیەکە کەم . لە کاتێکدا ئەو هێزەی دەریپەراند , بریتی بوو لە تەنیا لە شکرە بچووکەکەی لۆدفیکۆ [7] کە هەر لە سەرەتاوە دیاربوو ئەو ئامانجەی پیٚ بەدی دەهێنریٚ , چونکە ئەو خەڵکەی لە سەرەتادا بە رەزامەندیی خۆیان و بە خۆشنوودیی‌یەوە دەرگای شارەکەیانیان بۆ پادشای فەرەنسا خستە سەرپشت, هەر زوو هەستیان کرد کە ئەو هیواو ئاواتانەی بی تەمایان بوون , وەك بڵقێکی سەر ئاو بوون و هیچ کام لەو سوود و مەسڵەحەتانەیان دەسگیر نەبوو کە چاوەروانی بوون . بەم جۆرە نەیانتوانی لە ژێر باری فەرمانرەوایی میرە تازەکەیاندا بمێننەوە , لەبەر ئەوەی لیٚی بە گومان بوون. بەلاٌم هەقە ئەوەش بوتریٚ کە ئەو حوکمرانەی مەملەکەتێکی لیٚ هەلگەراوە داگیر دەکاتەوە , ئەمجارەیان بە ئاسانی لە دەستی نادا . چونکە ئەنجامی وریا بوونەوەی بە دوای شۆرشەکەدا , وای لێدی لە رووی پارێزگاری کردنەوە لە پایەوپلەی خۆی کەمتر توند وتیژی لە سزادانی تاوان باران و گرتنی گەمان لێکراواندا بنوێنیٚ و کەمتر هەولٚی خۆبەهێزەکردن لە ئاستی لایەنە لاوازەکانی خۆیدا بدا .جا هەر چەند تەنیا سەر هەڵدانی یەکێکی وەك دۆق لۆدفیکۆ لە سەر سنووری میلانەوە کارێکی وای کرد فەرەنسا لە جاری یەکەمیدا دەسەلاٌتی بی‌سەر شارەکەدا لە کیس بچیٚ , بەلاٌم لە جاری دووەم دا ئەو دەسەلاٌت و سەروەرییەی بەسەر شارەکەدا وەختێك لە دەس چوو کە هەموو جیهانی لیٚ راست بووەوە لەشکرەکانی شکێنران و ناچار کران ئیتالیا جی بهێڵن , ئەمیش لە سایەی ئەو هۆیانەوە بوو کە لەوبەر لیٚیان دووام . بەلاٌم بەهەر حالٚ لەهەر دوو جاردت دۆراندی .

من ئەوەبوو هۆیە گشتیەکانی دۆراندنەکەی جاریی‌یەکەمیانمك باس کردن و ئینجا ئێستا دێمە سەر شیکردنەوی هۆیەکانی لە جاری دووەمدا و روونکردنەوەی ئەو ریٚو شوێنانەی کە فەرەنسا دەیتوانی پەیرەویان بکا تا نەیەلیٚ ئەوە روویدا ، یا ئەو ریٚو شوێنانەی کە هەر حوکمرانێکی تری وەك پادشای فەرەنسا ، ئەگەر لەوەزعی ئەمدابوایە ، دەبوو پەنایان بەرێتە بەر کەچی نەیکرد . جا سەرەتا دەبێت ئاگاداری بیت کە ئەو دەوڵەتانەی بەچونەپاڵ دەوڵەتێکی تر کە لەوە بەر هەبووە یەکدەگرن و کەرەنگە هەردوو لا لە یەك نەتەوە بن و بەیەك

زمان بدوێن یاخود وەهاش نەبن پاراستنی چونە پاڵەکەی تێدا زۆر ئاسان دەبێ ،بە تایبەتی ئەگەر دەوڵتە دراوە پاڵەکە بە سەربەستی رانەهاتبێ بەڵام لێرەدا بۆ بەدوور گرتنی وەزعەکە لەمەترسی ، پێویستە ئەو بنەماڵەیەی لەوەبەر حوکمرانیی دەوڵەتەکەی کردوە لەرەگوریشەوە بنبربکرێ و ئیتر ئەوەی دەمێنێتە وە تابلێی ئاسانە چونکە بارودۆخە باوەکەی رابردوو تێکناچێ و ناشڵەقێ و خەڵکەکەش لە سایەی هەر حوکمرانێکی تازەیاندا کە دێت ، حەز بە هێمنی و ئاسودەگی دەکەن نمونەش بۆئەمە بەروونیلەبۆرگندیا و بریتانیو گاسکۆنیا و نۆرماندیادا دەردەکەوێ کە لە دەمێکە لەگەڵ فەرەنسادا یەکیانگرتوە.ئەم وڵاتانە ئەگەرچی هەندی جیاوازیان لەرووی زمانەوە لە نێواندا هەیە ، بەڵام نەریت و خووی خەڵکەکە لە هەموویاندا تارادەیەکی زۆر وەك یەکەو دەتوانن شان بەشانی یەکەوە برۆن و زۆر بە رێکو پێکی و برایانە پێکەوە بژین بۆ یە هەرکەس دەیەوێ دەست بە سەر ئەم جۆرە مەملەکەتانەدا بگرێ و مەبەستی بێ لە دەستایان نەدا ، دەبێ هەمیشە دوو شتی زۆر بایەخداری لە پێش چاو بن . یەکەمیان قەڵاچۆکۆدنی بنەماڵە حوکمرانەکەی پێشووەو دووەمیشیان گۆرینێکی بنەرەتی نەخاتە ناو جۆری یاساو باج سەندنی مەملەکەتە دراوەپاڵەکە . بەم شێوەیە هەردوو وڵات دەتوانن لەماوەیەکی زۆر کورتدا یەك بگرن و یەك دەوڵەت پێك بهێنن .

بەڵام پیاو کە ناوچەیەکی جیاواز لە زمانی خەڵکەکەی و لەجۆری یاساو نەریت و خویاندا دەخاتەسەر مەملەکەتەکەی خۆی ، ئەو کۆسپ و تەگەرانەی تووشی دێن گەلێ گەورەو سەخت دەبن و تەخت کردنیان بە نیازی پاراستنی مەملەکەتە تازەکە ،خۆشبەختی و کۆشش و تەقەلایەکی بی وچان و بەردەوامیدەوێ . رەنگیشە باشترین رێ و شوێن و چاکترینیان لە ئاسوودەبەخشیدا ، ئەوە بێ کە حوکمرانە نوێیەکە بارەگای خۆی بگوێزرێتەوە بۆ مەملەکەتە تازەکە ، چونکە ئەم بریارە مەملەکەتەکەی سەلامەت ترو تەمەن درێژتر دەکا، وەك چۆن تورکەکان لە وڵاتییۆناندا کردیان . ئەوان ئەگەر چی بۆ هێشتنەوەی یۆنان لە ژێر چنگیاندا پەنایان بردە بەر گەلێ رێو شوێنی تر . بەڵام لە راستیدا ئەگەر تورکەکان خۆیان نەچونایەتە ناو وڵاتی یۆنانەوە تیایدا نیشتەجێ نەبوونایە ، ئەو کارەیان بۆ ساز نەدەبوو ، لەبەر ئەوەی کە بوونی داگیر کەر خۆی لە ناوچەکەدا یاریدەی دەدا هەست بەهەر ئاژاوەیەك لە ساتی روودانیدا بکاو یەکسەر چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە . لە کاتێکدا ئەگەر لێی دووربوو . دوایماوەیەك ئینجا دەیبیستێ کە ئەو وەختە چارەسەر کردنی زەحمەت دەبێ زیاد لەمە . ئەو ساناوچە داگیر کراوەکەش نابێتە مەیدانی رمبازێنێ حەزو ئارەزووی کاربەدەستانیحوکمرانەداگیرکەرەکەو رەعیەتەکەش لە رێگەی پەیوەندی کردنی راستەو خۆوە بە حوکمرانەکە خۆیەوە ، دەتوانن ئەو دادپەروەریە دەست گیر بخەن کە بەئاواتییەوە دەبن ئینجا لەبەر ئەوەی رەعیەت هەمیشە حەز دەکەن مل کەچیی خیان بۆ حوکمرانەکەی خۆیان دەربخەن ، ئەمە هانیان دەدات بۆ خۆش

ویستنی ،یا ئەگەر خۆشیشیان نەویٚ هەر هیچ نەبی لیٚی دەسەڵەمیٚنەوە .هەروەها ئەگەر دەوڵەتیٚکی بیٚگانە نیازی پەلاماردانی ئەو خاکە داگیرکراوەی هەبیٚ ، ئەوا بونی میرەکە تیایدا وای لیٚدەکا لە هەنگاوبۆنانیدا سلّ بکاتەوە ، چونکەدەزانیٚ دەرپەراندنی ئەو میرە لە بارەگاکەی چەند زەحمەت و بە ئەرك دەبیٚ ، بەلاّم گومانی تیٚدانیە کە باشترین چارەسەر، دروست کردنی مرومۆلگە لەشویٚنیٚك یا دوو شویٚنی ستراتیژیدا و هەندیٚ لە خەلّکی ولاّتەداگیرکارەکەی تیٚدا نیشتە جی بکریٚ ، یاخود دەبیٚ هیٚزیٚکی گەورەی سەربازی لەولاّتەداگیرکراوەکەدا بهیٚلّریٚتەوە ئەم مرۆمۆلّگانە ئەرکیٚکی کەم دەخەنە ئەستۆی میر . ئەو کەهەندیٚك لەرەعیەتەکەی خۆی بۆ ئەو شویٚنانە دەنیٚریٚ ، لە سەرەتادا هیٚندەی دەکەویٚتە سەر کە مەسرەفیٚکی زۆر کەمیان بکیٚشیٚ و هەر ئەوەندەبیٚ پیٚی بژین ، بەم کردەوەیەشی خراپەی تەنیا بۆ ئەو کەسانە دەبیٚ کە زەوی و خانووبەرەیان بۆ نیشتەجیٚکردنی خەلّکە تازەکە لیٚداگیردەکریٚ ئەوانەش ژمارەیەکیزۆر کەم لە خەلّکیولاّتە داگیرکراوەکە پیٚکدەهیٚنن کە دوای لەدەست چوونی زەویەکانیان لات و هەژار دەکەون و دەربەدەری ئەم لاو ئەو لادەبن و لە توانایاندا نابیٚ زیان بەمیر بگەیەنن . لە کاتیٚکدا خەلّکەکەیتر کەهیچ خراپەیەکیان لەگەلّ نەکراوە بۆ دلّراگرتنی حوکمرانەکەو لە ترسی ئەوەی بە دەردی زەوی لیٚداگیرکراوەکانیان نەبا ، بە ئاسانی هیٚمنی و ئاسایشی خۆیان دەپاریٚزن بە کورتی ئەم مرۆمۆلّگانە هیچی ئەوتۆ لەسەر میر ناکەن و دانیشتوانیشی لایەنگیرو دلّسۆزی دەبن و کەمتر لەو خەلّکەی ولاّتەکە بۆی زەرەربەخش دەبن کە هەژار و دەربەدەر بوون و ئەوانیش وەك وتمان دەستەلاّتی زیانگەیاندنیان بە میر نابیٚ ، ئینجا پیٚویستە لەوەش بەئاگابین کە ئیٚمە دەبیٚ لەگەلّخەلّکدا یابە بەزەییبین یا قەلاّچۆیان بکەین ، چونکە ئەوان لەتوانایاندا هەیە تۆلّەی خراپەکاری بچوك بکەنەوە ، بەلاّم لە ئاستی تۆلّە سەندنەوەلە خراپەکاری گەورەو کاریگەردا دەستە وستانن لەبەر ئەوە ئەگەر ویستمان دەست لەمرۆڤیٚك بوەشیٚنین دەبیٚ هیٚندە کاریگەر بیٚ کەبەدوایدا تووشی ترس لە تۆلە سەندنەوەی نەبین .

وەکی تر هیٚشتنەوەی هیٚزی سەربازی لە بری مرۆمۆلگ مەسرەفیٚك دەخاتە ئەستۆی میرکە گشت دەسکەوتی دەولّەتەکە بەرگەی ناگریٚ و لە ئەنجامدا مۆلّکە تازەکە زیانی پیٚ دەبەخشیٚ نەك قازانج . ئەمە جگە لە دلّشکاندنی سەرجەمی خەلّکیولاّتە داگیرکراوەکە کە دەبینن لەشکریٚك لە خاکەکەیاندا خۆی داکەتاوە ، ئەم جۆرە هەست کردنەش بەی دلّشکاوی هەموو خەلّکەکە دەکابە دوژمنیٚکی ئەوتۆ کەدەتوانن زەرەر ببەخشن .چونکە ئەوان ئەگەر ژیٚر کەوتوون ,بەلاّم هیشتا لەسەر مالّ و مولك و لە خاکی خۆیاندان . بەم جۆرە هیٚزی سەربازی بەهەر حالّیٚك بیٚبیٚ کەلکە , لە کاتیٚکدا مرۆمۆلگ گەلیٚ بەکەلکە .هەروەها فەرمانرەوای هەر ناوچەیەکی بیگانەی داگیر کراو , وەك باسم کرد , دەبیٚ خۆی بکاتە پیٚشەواو پاریٚزەری دراوسی لاوازەکانی و هەولّیش بدا بەهیٚزەکانیان لاواز بکا و پاراستنیانی لە شالاّوی حوکمرانیٚکی

بيگانەی بە هێـزو دەسـەلاتی وەك خـۆی لا مەبەسـت بـێ .ئینجا ئەوسا دەبنینـێ لەلایـەن ئـەو دراوسی‌یانەوە کە بە هۆی زیادەخوازی یا ترسەوە لەگەڵ یەکتردا ناکۆکن , هەمیشە داوای دەس تێوەردانی کاروبارییانی لێدەکرێ . ئەمە کت ومت لە ئیتۆلی‌یـەکانی روودا کـاتی رۆمانـەکانیان بـۆ ولاتی یۆنان بانگ کردو ئیتر ئەمانیش سەیریان کرد هەر ناوچەیەو لەسـەر خواسـتی خەڵکەکـەی دەچنە ناو ی‌یەوە , چونکە ئەوە بنەمایەکی گشتی‌یە کە وەختێ‌بیگانەیەکی بەهێز دەچێتە نـاو میراتی‌یەکەوە کەسانی لاواز لە دانیشتوانی یەکسەر دەبنـە پشـتیوانی . هاندەریشـیان بـۆ ئەمـە حەسوودی بردنیانە بەوانەی لـەوە بـەر کاروباریانیـان گرتبـووە چـنگ. بـەم شـێوەیە حوکمرانـە تازەکە لە راکێشانی وردە پیاو ماقولان و دەسرۆیشتوواندا بەلای خۆیـدا , زەحمەتی‌یـەکی ئـەتۆ نـابینێ ,چـونکە بـە تـەواوی حـەزو ئـارەزووی خۆیانـەوە پشـتگیریی ئـەو دەوڵەتـەی دەکـەن کـــەبنیادی نـــاوە .بـــەلام بەهـــەر حـــاڵ دەبـــێ وریـــابێ نەیـــەڵی بگەنـــە رادەی بـــەهێزی و دەسەلاتداری‌یەکی زۆرو ئیتر لەرێگەی هێزەکـانی خـۆی و پشـتگیریکردنی ئـەو پیـاو ماقولانـەوە ,بەئاسانی دەتوانی خاوەن هێزەکان لە میراەتی‌یە نۆێیەکەیـدا لـەناو بـەرێ ولـە هەڵسـووڕاندنی کاروباری میراتی‌یەکەیدا خۆی ببێتە تاقە حوکمڕان . ئینجا ئەو میرەی لـە فـەرمانڕەوایی کردنـدا ئەم رێگەیە ناگرێتەبەر کە باسم کرد و لێی لادەدا , ئەوا هەرچی‌یەکی دەسگیر بوونی لە دەستی دەدا و بگـرە لـەماوەی فەرمانڕوایی‌کردنـە کورتەکەشـیدا تووشـی گێچـەڵ وکۆسـپ و کەنـدێکی لەچارەنەهاتوودەبێ. رۆمانەکان لە هەموو ئەو ناوچەنەدا کە داگیریان دەکردن هەمیشە لەسـەر ئەم سیاسەتە دەڕۆیشتن . مرۆمۆلگیان تێدا دروست دەکـردن و خەڵکەکـەی خۆیانیـان لـە نـاودا نیشتەجێ دەکرد . وردە پیاو ماقولانیان لەخشتە دەبرد وماوەی بەهێزبوونیشیان نەدەدان و یـا ئەوان ەی یەهێز بوونایە لە دەسەلاتیان دەخستن . هەروەکوو نەیاندەهێشت هـیچ حـوکمرانێکی بیگانەی تر جێ پێ لە ولاتی ئەوانەدا بکاتەوە. حاڵـەتی ولاتـی یۆنـان لـەم رووەوە نموونەیـەکی دەگمەنەومن بۆتانی دەخەمەروو, ئەوە بوو رۆمانەکان بە سەرێك ئاخی‌یەکان وئیتۆلی‌یەکانیان (8) کردە دۆستی خۆیـان ومەملەکـەتی مـەکۆنیایان (9) لـەناوبرد وئەنتاکی‌یـەکانیان دەرپـەراند , بـە سەرێکیشی ماوەیان نەدا ئاخی و ئیتۆلی‌یە دۆستەکانیان ناوچەکانی خۆیان بـەر فـراوان بکـەن و پەل بۆ دوورتر بهاون . هـەروەکو و گوێیـان نەدایـە ئـەو تەماعـەی کـە ( فیلیـپ) (10) بـەنیازی دۆستایەتی‌بەستن لەگەڵیاندا دەیخسـتە بـەریان , لەوەختێکدا نـەبێ کـە سـەرکزو لاوازیـان کـرد هەروەها ماوەیان بە ئەنتیۆخۆسیش (11) نەدا دەست بەسەر هیچ بەشێکی یۆناندا بگـرێ ئەگـەر چی بی‌هێزیش بوو.

ئەوەی رۆمانەکان لەم حاڵەتانەدا کردیان , دەبێ گشت ئەو میرە ژیرانـەش بـەبێ لێلادان بیکـەن کە بایەخ نـەك تـەنیا بـەکاروباری حـاڵی حازریـان دەدەن ,بـەڵکووبیریان بـۆ ئـەو ناکۆکی‌یانـەش دەچێ کەچاوەڕوانی روودانیان لە دوارۆژدا دەکـرێ هـەتا خۆیـان بـۆ رووبەرووبوونـەوە خـۆلادان

لەمەترسـیان ئامادەبکـەن وچـونکە چـاوەڕوانکردنی ڕوودانیـان وا لـە مـرۆڤ دەکـا بتـوانێ بـە ئاسانیچارەسەریان بکا .بەڵام ئەگەر گوێ نەداتێ تا ڕوودەدەن , چارەسەر کردنەکە بـێ سـوود دەبێ لەبەر ئـەوەی دەبینـێ نەخۆشـییەکە ئـەو وەختـە بنجـیدا کوتـاوە . ئەمـە تـەواو لەگـەڵ نەخۆشیی سنگدا دەگونجی کـە دوکتۆرەکـان دەربـارەی دەڵـێن :– لەسـەرەتایدا دەستنیشـان کردنی زەحمەتە و چارەسەرکردنی ئاسانە, بەڵام ئەگەر ماوەیـەکی بـە سـەردا تێپـەڕی و خرایـە پشت گوێ ئەوا دەستنیشان کردنی ئاسانە دەبێ و چارەسەرکردنی زەحمەت . جا لە کاروبـاری دەوڵەتیشدا کت ومت وەها دەکەوێتەوە . چونکە پێزانینی خراپەکاری پێش ڕوودانی کە ئەمە بۆ مرۆڤی ژێر کارێکی زەحمەت نییە و ڕێی بۆ خۆش دەکا بە ئاسانی چارەسەری بکا . لەکاتێکدا ئەگـەر کـەم ئـەقڵی بـووە هـۆی مانـەوەو بـەردەوام بـوونی تـا وای لێ بـێ هـەموو کـەس بتـوانێ دەستنیشـانی بکـا , ئـەوا چـارە بـۆ دۆزینـەوەی لـە توانـادا نـابێ بـۆ نموونـە ڕۆمانـەکان بـەر لەماوەیـەکی زۆر هەسـتیان بـە ڕوودانـی هـەر ئـاژاوەو سەرپێچـی کردنێـك دەکـرد و بـەو پـێیـە چارەسەریان بۆ دەدۆزییەوە . پیشەشیان وەها بوو کە نەیەڵن کـە خۆبـەدوورگرتن تـا سـەر لـە شەر کارێکی بێ هوودەیـە و تـەنیا دەتـوانرێ دوا بخـرێ کـە دواخسـتنەکەش بـە زۆری سـوودی لایەکەیتر تێدا دەبێ بۆ یە بریاریاندا لـە گـەڵ فیلیـپ و ئەنتیۆخۆسـدا لـە یۆنانـدا بجـەنگن ، تـا نەیەڵن شـەرەکە بکەوێتـە نـاو ئیتالیـاوە . ئەمـە لەکاتێکـدا ڕۆمانـەکان ئـەو وەختـە دەیـانتوانی خۆیان لە هەردوو جەنگەکە بـەدوور بگـرن . بـەڵام نـەیانکرد و گوێشـیان نەدایـە سـوودبینین لـە دواخستنیان  کە ئەوە لە ڕۆگاری ئێستادا بۆتە پەندێك و بەسەر زمانی هـەر یـەك لـە پیـاوە زۆر ئاقڵەکانمانەوەیەو دەڵێن دەبێ چێژی دواخستن لە دەس نەدەین ، بەڵکوو وایـان بـە بـاش زانـی کارەکە بدەنە دەست لایەنی چاکەو ڕاسـتگۆیی هەستونەسـتی خۆیـان ، چـونکە ڕۆژگـار هـەموو شتێکی لێدەوەشێتەوە دەشێ بەوپەری کەم تەرخەمی یەوە یا خێر بدا بەدەستەوە یا شەر .
ئێستا با بگەڕێینەوە سەر فەرەنسا و بزانین ئایا ئەویش کاروباری وەها مەیسەر کرد؟ من باسـی شارل [12] ناکەم ، بەڵکو لە لویس دەدوێم کـە کردارەکـانی فەرەنسـامان بـە شـێوەیەکی باشـتر نیشاندەدەن و دەسگرتنی بەسـەر ئیتالیـادا ماوەیـەکی درێـژتری خایانـد لـەم پێداچـوونەوەیەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو بۆ هێشتنەوەی دەوڵەتە بێگانەکەی ژێردەستەی لە جەنگیدا ، تـەواو بە پێچەوانەی قسەکانی منەوە هەڵسوراوە . ئەوەبوو ڤینیسابییەکان پادشا لویسـیان بـۆ ئیتالیـا بانگ کرد تا لە ڕێگەی ئەوەوە دەستگیرخستنی نیوەی لۆمباردیان بۆ خۆیـان مسـۆگەر بکـەن . من لەسەر چوونەکەی و لەسەر ئەو دەورەی هیچ لۆمەی ناکەم ، چونکە ئەوێك کە زۆر ئارەزووی چوونە ناو ئیتالیاوەی دەکرد ، تەنانەت بێئەوەی هیچ دۆستێکیشی لە وڵاتەکەدا هـەبێ وەختـێ سەیری کرد وا لە ئەنجامیکردەوەو هەڵس و کەوتەکانی شارلی پادشا کەی پێش خۆیەوە هـەموو دەرگاکـانی لـەی ڕوودا داخـراون ، ناچـار بـوو دەسـت بخاتـە نـاو هـەر دەسـتێکی دۆسـتایەتی

خوازەوە کە بۆی درێژبکرێ ، دەشگونجا ،ئەگەر لە کردارەکانی تریدا ئەو هەڵانەی نەکردایە کە کردنی نەخشەو پیلانەکانی تری بە خێرایی سەرکەوتن بەدی بێنن .

پادشا کە لۆمباردیای سەندەوە ، هەرزوو ئەو ناوو ناوبانگەشی وەرگرتەوە کە شارل لە دەستی دابوو ینجا بە دوایدا جەنەوا چووە ژێر رکێفی یەوە فلۆرنسایییەکانی[13] بوونە دۆستی و مارکیزی مانتواو[14] دۆقەکانی فیراراو[15] بەنتیڤۆگلی و[16] خانمی فۆرلی و[17] گەورەپیاوانی فاینزاو[18] پیزارۆو[19] ریمینی و کامیرینۆو بیومبینۆو خەڵکی لۆکاو پیزاو[20] ییەنا[21] هەموو کەوتنە هەڵپەی دڵ راگرتن و دۆستایەتی بەستن لەگەلیدا گومانیشی تێدانیە ڤینیسایییەکان دەرکیان بەئەنجامی سەرکێشی کردنی خۆیان کرد و زانی یان چۆن تەقەلادانیان بۆ دستگیرخستنی چند شارێکی لۆمباردیا ، بووە هۆی دەستگرتنی پاتدشا بەسەر دوو لە سێبەشی ئیتالیادا .

هەروەها پادشا زەحمەتێکی ئەوتۆی لە پاراستنی ناوو ناوبانگ و مەملەکەتەکانیدا لە ئیتالیادا تووش نەدەهات ئەگەر پەیرەوی ئەو ئامۆژگاریانەی بکردایە کەلەوەبەر باسم کردن و بەپەرۆشەوە بەباوەرێکی بتەوەوە باڵی بەسەر ئەو هەموو دۆستانەیدا بکێشایە کە بە ژمارە زۆرو بە شان و شکۆ پەتیارە بوون و هەمیشە لە ژێر باری ترسیشدا بوون ، یا لەکلێسە یاخود لە ڤینیسیا کە ئەمەوای لێدەکردن لە دەوری ئەو گردببنەوە ئەم گردبونەوەیەش لە دەوری لەرووی ئەو کەسانەدا کە هێشتا خاوەن شان و شکۆ و هێز بوون دڵنیایی بۆ دەرەخساند ، بەڵام ئەو لەباتی ئەوەی وەها کردار بکا ، هات هەرۆ هێندی پێی نایە ناو میلانەوە ، بە یاریدەی پاپا ئەلیکسەندەر[22] بۆ داگیرکردنی رۆمانا پێچەوانە جولایەوە و بە هخۆی ناهۆشیاریەوە دەرکی پێنەکرد کەئەو بەم کردەوەیەی دەس بەرداری ئەو دۆستانەی دەبێ کە پەنایان بردبوەبەری داوایان لێ کردبوو بیانپارێزێ و لە ئەنجامیشدا خۆی بێهێز دەکاو تین و توانا بەکلێسە دەبەخشێ لەبەر ئەوە کەدەستەڵاتێکی (دنیایی ) ی دەخستە پڵ دەستەڵاتە (ئاینی)یەکەی کەئەمە هێزێکی هێجگار گەورەو گرانی دەدایە .ئیتر کە ئەم یەکەمین هەڵەی لێوەشایەوە ، ناچاربوو بە دوایدا گەلێ هەڵەی تریش بکا چونکە هەوڵدانی بۆ بەرگرتن لە تەماعکاری ی ئەلیکساندەر و رێپێنەدانی ببێتە حوکمرانی تۆسکانیا ، ناچاری کرد بگەرێتەوە بۆ ئیتالیا . بگرە ئەو بە پەرەپێدانی هێزی کلێسەو بە لەدەستدانی دۆستەکانیشی یەوە نەوەستا ، بەڵکو پەلی تەماعی بۆ مەملەکەتی ناپۆلیش هاویشت و لەگەل پادشای ئیسپانیادا لە نێوان خۆیاندا بەشیا کرد . بەم جۆرە دوای ئەوەی تاکە سەروەری ئیتالیا بوو ، هات یەکێکی لەگەل خۆیدا کردە هاوبەش کە دەشیا هەر زیادە خوازێك لەوانەی لە حوکمرانی یەکەی لالووت بوو ، بۆ داواکردنی هەقی خۆی پەنای بەرێتە بەر .هەروەها لە جیاتی ئەوەی ئەو پادشایە لەسەر تەختی حوکمرانی لە مەملوکەتەکەدا بهێڵێتەوە کەسەر بە خۆی بوو ، کەچی ئەوی لاداو یەکێکی وەها

لە جێ دانا کە دەیتوانی لە وڵاتەکە دەری پەرێنێ .حەزکردن بە موڵکداری غەریزەیەکی سروشتی و کارێکی ئاسایی‌یە جا وەختێك دەستەڵاتدارانی لەم حەزەدا سەرکەوتن بەدەس دێنن ، هەمیشە ستایش دەکرێن و قەت تانووتیان لێنادرێ بەڵام ئەگەر تووشی ژێر کەوتن هاتن و سەرەرای ژێرکەوتنەکەش هەر تەقەلایاندا بەهەر نرخێك بێ حەزەکە بەدی بێنن ئوا گوناهێکی ئەوتۆ دەکەن کە دەهێنێ لە عۆیەیدا تندوتیژترین لۆمەیان ئاراستە بکرێ . لەبەر ئەوە ئەگەر فەرەنسا لەتوانایدا هەبوایە بەپشتی تەنیا هێزی خۆی ناپۆلی دگیر بکا ، دەبوو بیکا بەڵام کە نەیدەتوانی ، ئەوا کارێکی هەڵە بوو لەگەڵ ئیسپانیادا بەهاوبەشی بیکا . ئێمە ئەگەر چی دەتوانین هۆ بۆ بەش کردنی لۆمباردیا لەگەڵ ڤینیسیای‌یەکاندا بدۆزرێنەوە ، لەبەر ئەوەی بەشکردنەکە بوە بەهانەیەك بۆ پادشای فەرەنسا تا لەو رێگەیەوە پێ بنێتە ناو ئیتالیاوە ، بە ڵام هیچ هۆیەکمان بۆ ئەم بەش کردنە نوێیە بۆ نادۆزرێتەوە کە جیچگەی لۆمەکردنە ، چونکە هیچ پێویستی یەك نەی سەپاندو بە کارێکی بەجێی نەدایە قەڵەم . کەوابوو لویس ئەم پێنج هەڵەی کرد : دەوڵەت بچوکەکانی پلیشاندەوە هێزو دەستەڵاتی یەك تاکە حوکمرانی لە ئیتالیادا بەرفراوان کرد بێگانەی هێنایە ناو وڵاتەکەوە هەوڵی نەدا لە وڵاتەکەدا نیشتەجێ ببێ هەروەك هیچ مرۆمۆلگ و خەڵکێکی خیشی تێدا دانەنا ، بەڵام لەگەڵ ئەم هەڵانەشدا هێشتا هەر دەیتوانی ئەگەر بژیایەو هەڵەی شەشەمی لێ نەوەشایەتەوە کە داگیرکردنی دەوڵەتی ڤینیسایی‌یەکانی بوو ، خۆی لەزەرەرو زیانیان بپارێزێ ، بەڵێ ئەو ئەگەر کلسەی بەهێز نەکردایە و ئیسپانیای‌یەکانی نەهێنایەتە ناو ئیتالیاوە ، ئەم ەنگاوەی بۆ سەر پێ شۆرکردنی ڤینیسیای‌یەکان و زەلیل کردنیان کارێکی پێویست و رەوا دەبوو بەڵام دوای کردەوەکانی پێشووی ، دەبوو بە هیچ کلۆجێ بریار لەسەر تێکشکاندنی ڤینیسیانەدا چونکە ئەگەر ڤینیسیاییەکان لەسەر هێزداریەکەیان بمانایەتەوە ، نەیاندەهێشت کەسانی تر بەهیچ جۆری خۆیان لە قەرەی لۆمباردیا بدەن . یەکەم لەبەر ئەوەی رازی نەدەبوون هیچ هەنگاوێك بنرێ کە مسۆگەرکردنی ناوچەکەی بۆ خۆیان تێدا نەبێ دووەم چونکە کەسانی تریش ئارەزووی ئەوەیان نەدەکرد ناوچەکە لە چەنگ فەرەنسا رزگار بکەن و بیدەن بە ڤینیسا ، هەردوو لاشیان پیچکەوە نەدەکرد . خۆ ئەگەر مرۆڤیچك هەبێو سور بێ لەسەر ئەوەی بڵێ گوایە پادشا لویس دەستی لە رۆمانا بۆ ئەلیکسەندەر و لە ناپۆلی بۆ ئیسپانیا بەردا تا خۆی لەشەر بەدوور بگرێ ، من لە وەرامدا ئەو هۆیانە دوپات دەکەمەوە کەلەوەبەر باسم کردن و بە دوور بگرە ، من بۆ خۆبەدوور گرتن لە شەر ، ماوەی رووادانی ئاشوب و سەرپێچی کردن نمەدا ، چونکە ماوەپێدانی لە شەر بە دووری ناگرێ ، بەڵکو و شەورەکە بۆ سوود و بەرژەوەندی دوژمنەکانی دوا دەخا هەروەها ئەگەر کەسانێکی تر هەبن بڵێن گوایە پادشا بەڵێنی ئەو پرۆژەیەی بۆیە بە پاپادا ، تا بۆی ببێتە پاداشتێك بە رامبەر بە رزگارکردنی لە پەیوەندیی ژن و مێردایەتی‌یەکەی و [23] بەرامبەر

به بەخشینی پلەی کاردینالێتی بە رۆهان ،من بەو قسانەم وەرامیان دەدەمەوە کەلە دواییدا لە باسی بەڵێنەکانی میر و چۆنیەتی کارپێکردنیان دا دەیانکەم . بەم جۆرە پادشا لویس لەبەر ئەوەی هیچ یەکێك لەو مەرجانەی رەچاو نەکرد کە میرەکانی تر لەکاتی داگیرکردنیناوچەکەیدا و بۆ هێشتنەوەی لە ژێردەستایندا دەیانکرد ، لۆمباردیای لەدەست خۆیدا . ئەمەش وەنەبی موجیزەیەك بووبێ و رووی دابی ، بەڵکو و کارێکی ئاسایە و لە جێی خویدا بوو ئینجا دوایی کە ڤالنتینۆی کوری پاپا ئەلیکساندەر کەبەقەیسەری بۆرجیا [24] ناو دەبرێ .رۆمانای داگیر کرد , من لەگەڵ کاردینال رۆهاندا لە شاری نانت لەم یاسە دووام کاردینال پێی ووتم کە ئیتالیاییەکان هیچ لە کاروباری سیاسەت تێناگەن . ئەگەر تێبگەیشتنایە قەت ماوەیان بە کڵێسە نەدەدا بگاتە ئەم رادەی مەزنیەی . چونکە تاقیکردنەوە نیشانیداوین کە مەزنیی کڵێسە و بەهێزیی ئیسپانیا لە ئیتالیا , دروستکراوی دەستی فەرەنسا بوون و ئەنجامە کەشی بە ماڵ وێرانیی فەرەنسا خۆی شکاوەتەوە . لەمەوە بنەمایەکی گشتیی ئەوتۆمان دەسگیر دەبێ کە بە دەگمەن هەڵەی تێدەکەوێ . بنەماکە دەڵێ: ئەو کەسەی هەوڵی بەهێزکردنی خەڵکی دەدا , حوکمیماڵوێرانی و خاپووبوون بەسەر خۆیدا دەدا , چونکە ئەو هێزە لە یەکێك لە دوو رێگەوە پەیدا دەبێ , یا تەڵەکەبازی یاخود هێزی سەربازی کە هەردووکیان لای ئەو کەسەی دەگاتە پلەی بەهێزی و دەستەلاداری , جێگەی گومان لێکردن دەبن.

## 4

## ئەوهۆیانەی نەیانهێشت مەملەکەتەکەی
## دارا دوایمردنی ئەسکەندەر کە داگیری کرد
## دژی میراتگرەکانی شۆرش بکا

ئەگەر بەچاوی بایەخ پێدانەوە بروانینە ئەو زەحمەتیەی دەوڵەتێك لە پاراستنی دەسەلاتیدا بەسەردەوڵەتێکیتردا کە تازەداگیری دەکا تووشی دێ پیاو لە ئاستیئەسکەندەری گەورەدا [25] سەری سور دمێنی کە لە ماوەی چەند ساڵێکدا بووە سەروەری هەموو ئاسیا و هەر هیندەشی گشت ئەم ناوچە بەر فراوانەی داگیرکرد ,کۆچی دوایی کردو ئەم مردنیشی وای دەخستە زەینەوە کە گوایە هەموو ئەو ناوچەنە هەر خێرا , بە رووی حوکمرانە نوێیەکانیاندا دەتەقنەوە کەچی میراتگرەکانی دەسەلاتی خۆیانیان بەسەریاندا پاراست و هیچ زەحمەتیەکی ئەوتۆیان تووش نەهات , تەنیا ئەوە نەبێ کە بە هۆی تەماعکاریی خودی خۆیانەوەلە بەینیاندا روویدا . بۆ وەلامدانەوەی ئەم سەرسورمانەش دەڵێم : مێژوو دوو جۆرە مەملەکەتی بە خۆیەوە دیوە کە بە دوو شێوەی جیاواز فەرمانڕەوایی دەکرێت . یا میرێك و مووچەخۆرانی حوکمی دەکەن کە ئەم مووچەخۆرانە بە فەرمایشت و پیاوەتی میرەکە خۆی دادەمەزرێنرێت و لە هەڵسوراندنی کاروباری مەملەکەتەکەدا یاریدەی دەدەن یاخود میرێك و چەند سەر دارێك ( بارۆن) حوکمی

دەکەن کە لە سایەی نەژاد رەسەنی‌یانەوە , نەك بە فەرمایشتی میر , دەبنە خاوەنی ئەو پایەو پلەیەی هەیانە. جا هەر یەکێ لەو بارۆنانە خاوەنی ناوچەیەکی تایبەتی خۆی دەبێ کە حوکمی دەکا و خەڵکێکیشی لە ژێر سایەدا دەبن کە بەسەروەری خۆیانی دەزانن ولە ئەنجامدا پابەندیان دەبن . میر لەو دەوڵەتانەدا کە خۆی و مووچەخۆرەکانی حوکمی دەکەن ,دەسەلاتێکی گەورەو فراوانتری لە چنگدا دەبێ , چونکە لە دەوڵەتەکەدا لەو بەولاوە کەسێکی تر خاوەنی پلەو پایەی بەرز نابێ . خۆ ئەگەر تاعەتکردنی کەسانێکی تری تیادا سەپێنرابێ , تەنیا لەبەر ئەوەیە کە وەزیرو مووچە خۆری ئەون نەك لەبەر شەخسی خۆیان , بگرەخەڵکەکە هیچ سۆزێکیان بەرامبەر ئەوان لە دڵدا نابێ . رەنگە نموونە هەردوو ئەم جۆرە حکومەتە لە سەردەمی ئیستاماندا ,حکومەتی تورکەکان ومەملەکەتی فەرەنسابێ. سەڵتەنەتی‌تورکیا ئیستا یەك حوکمڕان حوکمی دەکا و ئیتر ئەوەکانی تر هەموو خزمەتکەر و مووچەخۆری ئەون . مەملەکەتەکەش کراوەبە چەند سنجقێك و حوکمرانەکە مووچەخۆری جۆربەجۆری کارگێریان بۆ دەنێرێ کە هەر وەختێ ئارەزووی لێ بێ دەستیان لە کار دەکێشێتەوە و هەر کاتێ ویستی دەیانگۆرێ . بەلأم پادشای فەرەنسا بە ژمارەیەکی زۆری سەرداران دەوری تەنراوە کە رەعیەتەکانیان بە سەروەری خۆياننیان دەزانن و خۆشیاندەوێن , وەکو و خاوەنی ماف ودەستە بەرەیەکی ئەوتۆی خۆیانن کە پادشا لە وزەیدا نی‌یە لێیانی بێ‌بەری بکا وئەگەر کردیشی , خۆی تووشی مەترسی دەکا . ئینجا ئەگەر لە وەزعی ئەم دوو دەوڵەتە بکۆڵینەوە , بۆمان دەردەکەوێ کە داگیرکردنی مەملەکەتی تورکەکان زۆر زەحمەتە , هەر چەندە ئەگەر دەوڵتێك بۆی لوا داگیری بکا , ئەوا بە ئاسانی دەتوانێ لە ژێر دەستی خۆیدا بهێڵێتەوە . یا رەنگە داگیرکردنی مەملەکەتی فەرەنسا لە زۆر لایەنەوە ئاسان بێ , بەلأم هێشتنەوەی لە چنگدا کارێکی سەخت و زەحمەت دەبێ هۆی زەحمەتی‌ی داگیر کردنی مەملەکەتی تورکیا لەوەدایە کە داگیر کەر ناتوانێ بۆ جێ‌بەجێ کردنی ئەم جۆرە کارە پەنا بەرێتە بەر میرەکانی مەملەکەتەکە , هەر وەکو بۆی نالوێ بە هیوای بێ کاری هات و نەهاتەکەی لە رێگەی شورشێکەوە بۆ ببرێتە سەر کە کەسانێکی نزیك لە شەخسی حوکمرانەکەوە بەرپای بکەن . ئەوەش هەر لەبەر ئەو هۆیانەی کە پیشتر لەم بەشەدا لێیاندوام ،چونکە ئەوانە کە هەمو کۆیلەن و بە شەخسی حوکمرانەکەوە بەندە ، زەحمەتە بەبەرتیل پێدان لەخشتە برێن بگرە ئەگەر کراش لەوە دەستەوەستانتر دەبن بتوانن گەلەکەیان بەشداری شۆرشەکەیان بکەن و هۆیەکانیشم لەوە بەر باس کرد  بۆیە ئەو کەسەی پەلاماری سوڵتنی‌تورکیا دەدا لە بەر ئەوەی رووبەرووی لەشکرێکی گەورە دەوەستێتەوە دەبێ پشت بە هێزی‌خۆی ببەستێ نەك بە ئاشووب و ئاژاوە لە ریزی دوژمندا . بەلأم ئەگەر توانی بە سەریدا زاڵ ببێ و لەمەیدانی جەنگدا شکاندنێکی ئەوتۆ بیشکێنێ کە یتر توانای سەر لەنوێ لەشکرکردنەوەی نەمێنێ ئەوسا هیچی ئەو تۆ لەبەردەم  داگیرکەردا نامێنێ لێی بترسن ، تەنیا

ئەندامانی بنەماڵەی میرە تورکەکە نەبێ کەئەگەر هاتو قەڵاچۆی کردن و ڕەچەڵەکی برینەوە ، ئیتر ببڕای ببڕ هیچ شتێك نامێنی ترسی لێ پەیدا بکا ، چونکە ئەوانیتر لەلای گەل خاوەنی هیچ جێ وڕێیەك نین . بگرە لەبەر ئەوەی داگیرکەرە کە تەنانەت پێش سەرکەوتنیش هیچ هیوایەکی پێیان نەبووە بۆی هەیە دوای سەرکەوتنی هەر ترسیشی لێیان نەبێ .

کەچی حاڵ لەگەڵ ئەو مەملەکەتانەدا کەلە بابەتی فەرەنسان بە پێچەوانەوە دەکەوێتە ،لێرەدا داگیرکەر دەتوانێ لە ڕێگەی لە خشتەبردنی یەکێك لە بارۆنەکانی ناو مەملەکەتەکەوە بە ئاسانی داگیری بکا ، بەتایبەتی کە هەردەم ژمارەیەك لە نارازی و ڕق هەڵگرتوان و ئاڵ و گۆرخوازان هەر لە کایەدادەبن . ئەمانەلەبەر ئەو هۆیانەی روونم کردنەوە ، دەتوانن ڕێگا لەبەردەمدا بۆخۆش بکەن و گەیشتن بە سەرکەوتن ئاسان بکەن . بەڵام ئەگەر دوایی ویستت ئەوەی بۆتە مەڵکت لە ژێر دەستی خۆتیدا بهێڵتەوە ، کەندو کۆسپێکی لە ژمارەنەهاتووتت دێنەرێ و هەر ئەو کەسانەش دەیانخەنە سەر ڕێگات کە لەوەبەر یاریدەیان داویت ، با تۆ ئازارتپێگەیاندوون ئەوان وەنەبی تەنیا لە ئەندامە ئازاردراوکانی بنەماڵەی میرەکە بن ، بەڵکوو لەو سەردارنەش دەبن کە بەردەوام ئامادەن بۆ سەرکردایەتی کردنی هەر شۆرشێکی نوێ .ئیتر تۆش کە نەدەتوانیت رازییان بکەیت و نە لە بنەرەتەوە لەناویان بەریت , هەر هێندەی ئەوان هەلێکی لەباریان بۆ هاتەکایەوە دەولەتەکەت لە دەس دەچێ ئیستا ئەگەر حوکمی ئیستای تورکەکان بووە . بۆیە ئەسکەندەر ناچار بوو یەکمجار پەلاماری ولأتەکە بداو تەنانەت پێش بەدی هێنانی سەرکەوتنیش حکوومەتەکەی لە ناوبەرێ , بەیێ ئاژاوە لە ژێر چنگی ئەسکەندەردا مایەوە . یا ئەگەر میراتگرەکانی ناکۆکییان نەکەوتایەتە بەینەوە, دەیانتوانی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بە هێمنی و ئاشتییەوە حوکمی ولأتەکە بکەن , چونکە ئەو شەڕو ئاژاوەیەی تیایدا بەر پابوو دەسکردی خۆیان بوو . بەلأم زۆر زەحمەتە بتوانرێ هەر بەم شێوەیە دەست بەسەر ولأتێکی وەك فەرەنسادا بگیری , بۆیە بووە هۆی بەرپابوونی زنجیرەیەك شۆرش لە فەرەنسا و ئیسپانیا و یۆناندا دژی رۆمانەکان , لەبەر ئەوەی لەم ولأتانەدا چەندین میرایەتی هەبوون کە مانەوەی یادگار وبیرەوەرییەکانیان ئەو داگیرکارییەی رۆمەکانی شلۆق دەکرد دەیخستە بەر مەترسیی هەرەس هێناوە . بەلأم وەختێرۆمانەکان توانییان ئەو یادگار و بیرەوەرییانە بن بر بکەن بە تەواوی بیانسرنەوە , لە سایەی تەمەن درێژی ئیمپراتۆریتییەکەیانەوە , بوونە سەروەرێکی ئەوتۆ کە کەسێك نەتوانێ شان بە شانیان بدا . بگرە کە ناکۆکی لە نێوان رۆمانەکان خۆشیاندا رووی دەدا , هەریەکەیان دەیتوانی پشت بە لایەنگیری کردنی ئەو بەشەی میرایەتییەکە ببەستی کە دەسەلأتی خۆی تێدا چەسپاندبوو, چونکە دوای قەلاچۆکردنی بنەماڵەکانی پادشاکانی لەوەبەر , رۆمانەکان بوونە تاقە حوکمڕانێك کە دانیان پێدا بنرێ . ئینجا ئەگەر بە باشی لەم کاروبارانەورد ببینەوە , بەبێ سەرسورمان بۆمان دەردەکەوێ کە چۆن ئەسکەندەر بە

ئاسانی توانی ئاسیا لەژێر دەستی خۆیدا بهێڵێتەوە و بۆ چی ئەوانی تری وەك پیرۆسی و[27] کەسانی تر لەپاراستنی دەسەلاتی خۆیاندا بەسەر ولاتە داگیرکراوەکاندا تووشی زەحمەتی بوون . ئەم جیاوازیش لەوەوە نەهاتبوو, کە داگیرکارەکە لێهاتوو بووە یا لێهاتوو نەبووە , بەڵکوو ئەنجامی جیاوازی وەزعی ولاتە داگیرکراوەکان خۆیان بووە.

## 5

## فەرمانڕەوایی کردنی ئەو شارو مەملەکەتانەی کەلەپێش داگیرکردنیاندا لەژێر سایەی یاسای تایبەتیی خۆیاندا ژیاون

ئەگەر ئەو دەولەتەی داگیردەکری , لەژێر سایەی یاساە تایبەتی خۆیدا بە سەربەستی راهاتبێ , ئەوا سێ رێگە بۆ هێشتنەوەی لە ژێر چنگدا هەن . یەکەمیان روەتکردنەوەیەتی لە هەمووشتێك . دووەمیان نیشتەجێ بوونی میرە داگیرکارەکەیە تیایدا . سێهەمیشیان واز هێنانە لە خەڵکەکەی کە ژێر سایەی یاسای تایبەتی ی خۆیاندا بژین و تەنیا باجیان لێ‌چبسرێنرێ و حکومەتێکی وەهایشی تیادا دابنرێ کە پشت بە کەمایەتی یەکی سەر بەمیر ببەستێ. ئەم جۆرە حکوومەتەی میر خۆی دروستی دەکا , دەزانێ مانەوەی بەندی راگرتنی دۆستایەتیی میرو خۆخستنە بن باڵێتی . بۆیە ئەو پەری هەوڵدەدا ئەو دوو شتە لە دەست نەدا . هەروەها ئەو شارەی بە سەربەستی راهاتبێ ,بۆ کوڕوکاڵان و هاوولاتیانی خۆی نەبێ , بە ئاسانی مل ناداو رێگای راستیش بۆ هێشتنەوەی لە ژێر چنگدا هەر ئەمەیە. با لەم رووەو ئەوە بکەین بە نموونە کە لە سپارتاییەکان و رۆمانیەکانی روودا . سپارتا [28] لەرێگەی دروست کردنی دوو حکوومەتەوە لە کەمایەتییەکان دەسەلاتی خۆی بەسەر ئەسینا و [29] تیبەدا [30] پارست , کەچی لە ئەنجامی دەسەلاتەکەی لەدەس چووە .بەلام رۆمانەکان بۆ پاراستنی دەسەلاتی خۆیان بەسەر کاپواو [31] کرتاجە و[32] نۆمانتیادا , ئەم شارانەیان و وێران و خاپوور کرد و دەسەلاتەکەیان لە دەس نەچوو . کەچی وەختێ ویستیان بە هەمان شێوەی سپارتاییەکان , دەستەلاتیان بەسەر یۆناندا بپارێزن و وازیان لە شارەکانی هێنا بە سەربەستی لەژێر سایەی یاساکانی خۆیاندا بژین , سەرکەوتن . لەبەر ئەوە ناچار بوون بۆ ئیدامەپێدانی دەسەلاتیان بە سەریاندا ,هەندێك لە شارەکانی ئەو ولاتە کاول بکەن . چونکە لەم حاڵەتەدا هیچ رێگایەکی مسۆگەر بۆ هێشتنەوەی ئەو دەسەلاتە لەبەردەمدا نییە تەنیا روونکردنەوەی ولاتەکە نەبێ لە هەموو شتێك و هەر کەسێکیش دەس بەسەر شارێکی سەربەستدا بگرێو خاپووری نەکا , خۆی دوایی لەسەر دەستی ئەو شارەدا تووشی خاپووربوون دەبێ , لەبەر ئەوەی هەردەم بە ناوی سەربەستییەوە و بە ناوی نەریتە کۆنەکانیانەوە کە چەند رۆژگاریان بە سەردا تێپەڕێ , لەبیر ناچنەوە و سوودو بەرژەوەندی نۆی نابنە مایەی پشت گوێ خستنیان , هۆی هاندان بۆ یاخی

بـوون هـەر دەبیننـەوە . واتـە هـەر حـوکمرانێکی نـوێ , چـەندەبکا و بکۆشـی , تـا خەڵکەکـە تەفروتوونا نـەکا وپـەرت و بڵاویـان نەکاتـەوە نـاتوانێ نـاوی شـارەکەیان و نەریتـەکانیان لـەبیر بەرێتەوە , بەڵکوو ئەو نەریتانەیان هەمیشە لەیاد دەمێنێ و هەر هێندەی دەرفەتێك هەڵبەکەوێ دەیانهێننەوە کایەوە ,وەك چۆن شاری پیـزا دوای سـاڵانێکی دوورودرێـژی داگیرکردنـی لەلایـەن فلۆرنساییەکانەوە کردی . بەڵام ئەگەر ئەو شار وناوچانە لەژێر سایەی حوکمرانێـك یـا میرێکـدا بە ژیانی سەرشۆری راهاتبووبن و داگیرکارەکە بنەماڵەی میرەکـەی پێشـووی لـەناوبردبێ , ئـەوا خەڵکەکەیان کە فیری تاعەتکردنن و میرەکەی لەوەبەریان لەدەس چووە ,لەهەڵبژاردنی میرێکـی نوێدا لەناو خۆیاندا وبۆ خۆیان دەستەوستان دەبن , جگە لەوەی کە ناشزانن چۆن لە ژێر ئـاڵای سەربەستیدا بژین . لەبەر ئەوە لە یاخیبووندا تەمبەڵ دەبن و میرە داگیرکارەکە زۆر بە ئاسـانی دەتوانێ بە لای خۆیدا رایانبکێشێ و جێ پیێ خۆی لە ناوچەکەیاندا قایم بکا . وەکی تر رژێمی جەمهووری گەلێ گـورج و گـوڵ و زۆر رقـاوی دەبـێ و بـە تونـدی مـەیلی تۆڵەسـەندنەوە دەکـا و خەڵکەکەیشی ناتوانن بیرەوەریی سەربەستییە پیرۆزەکەی لەوەبـەری خۆیـان لـە یـاد بکـەن . لەبەر ئەوە مسۆگەرترین رێگا بۆ دابین کردنی , یا تەواو خاپوورکردنێتی , یاخود نیشتەجێبوون تیایدا.

## 6

## ئەو مەملەکەتانەی تازە بەهێزی چەکی تایبەتی و لێهاتنەوە داگیرکراون

پێویستە کەس لەوە سەرسام نەبێ کە من سەبارەت بە پەیوەنـدی مەملەکەتـەتازەکان بـە مـیر و دەوڵەتەوە , ئیشارەتم بە چەند نموونەیەکی گەلێ مەزندا , چونکە خەڵکی هەمیشـە ئـەو رێگایـە دەگرنەبەر کە لەوەبەر کەسانیتر پیایـدا رۆیشـتوون و لـە کرداریشـیاندا لاسـایی کەسـانی پـێش خۆیان دەکەنەوە . ئینجا لەبەر ئەوەی هیچ مرۆڤێك ناتوانێ بە تەواوی شوێن پیێ ئەوانی پـێش خۆی هەڵبگرێ و بەجوانی و رێکوپێکی لاساییان بکاتەوە , دەبێ ئەم مروڤە کەم توانایـە هـەر دەم ئەو رێگایە بگرێتەبەر کە گەورەپیاوان پێشتر هەنگاویان بە سەردا ناوەو تەنیا لاسایی هەرە سەرکەوتووەکانیشیان بکاتەوە . سا ئەگەر لە وزەیدا نـەبوو بگاتـە رادەی مەزنییەکـەی ئـەوان, ئەوا هەر هیچ نەبێ دەتـونێ هەنـدێ لـە رەنـگ و رووی ئـەوان بگـرێو بـەم کردارەشـی لـەو تـیر هاویچژە وردبینە دەچـی کـە کـاتێ دەیـەوێ نیشـانێکی مـەودا دوورترلـە رادەی ئاسـایی بپێکـێ وبەمەودا دوورییەکە ئاشنایە , نیشان زۆر بەرزتر لەو شوێنە دەگرێتەوە کە مەبەسـتێتی , نـەك لەبەر ئەوەی حەز دەکا تیرەکەی بگاتەئەو بەرزاییەیە,بەڵکو بەو هیوایەی بـۆ پێکـانی نیشـانەکە یاریدە بدا ، بەم پێیە من دەڵێم : ئاسانیو زەحمەتیی دەسـتگرتن بەسـەر مەملوکـەتێکیتازەدا کە دەکەوێتە ژێر دەستی میرێکی نوێوە ، بەندی بەهێزو لاوازی توانـاو دەسـتەڵاتی میرەکەیـە . جا کە بەرز بوونەوەی هەر کەسێکی ئاسایی بۆ پلەیمیاریەتی ، وای لێ چاوەروان دەکرێ یا گەلا

لێ هاتوو بێ یاخود خۆش بەخت بێ ناچا وەها دێتە پێش چاو کە هەر یەکێ لەم دوو سیفەتە لە هەندێ لەو گیرو گرفتە زۆرانەدا کە روودەدەن ببێتە هۆی سووك کردنی باری شانی لەگەڵ ئەمەش دا ئەوانەی زۆر پشتیان بە خۆش بەختی نەبەستووە زیاتر لە کەسانی تر توانای خۆیان لەپاراستنی مەملەکەتەکانیاندا سەلماندوە رەنگیشە نیشتەجێبوونی میر خۆی لەمەملوکەتە تازەکەیدا لەبەر نەبوونی کەسێکی وەها کەجێگەی بگرێتەوە ، گیرگرفتەکانی ئاسان کردبی بەڵام ئەگەر بچمە سەر باسی ئەو زاتانەی بە بەهرەوەریەوە بەڵێهاتوویی خۆیان نەك بەپشت بەستن بەخۆشبەختی بونەتەمیر ، بەش بەحاڵ ی خۆم موساو [33] کۆرش [34] رۆمۆلۆس و [35] سیزیۆس و [36] کەسانی وەك ئەوان بەمەزنترینیان دادەنێم ، جا هەرچەندە دەبێ خۆمان لەباس کردنی مووسا بەدوور بگرین چونکە ئەو تەنیا جێبەجیکارێکی خودا بووە ، لەگەڵ ئەوەشدا سەبارەت بەپیرۆزیی ئەو پایەیەی کردیانە شیاوی قسەکردن لەگەڵ خودادا ،دەێ جێگەی رێزلێنان و مەدح و ستایش کردن بێ بەڵام کۆرش و هاوتاکانی کە چەندین مەملەکەتیان دامەزراندو ئەوانیش جێگەی رێزلێنان و ستایش کردنن ئەگەر لە کردارە تایبەتیەکان و ریو شوێنەکانیان بکۆلینەوە ، بۆمان دەردەکەوێ کەلەوەکانی مووسا زۆر جیاواز نین ئەگەر چی ئەم پشتی بە سەروەرێکی مەزن بەستبوو کە خوایە ، بەڵێ ئەگەر لە ژیان و لە کارە بەناوبانگەکانیان وردببینەوە دەبینین هەموو قەرزاری ئەو فرسەتانەن کە بارودۆخێکی ئەوتۆی بۆ دەرەخساندن ، کام شێوە بە چاك دەزانن وەها یان هەڵسورێنن .

چونکە ئەگەر ئەو فرسەتانەیان بۆ هەڵنەکەوتایە ، بەهرەوەریەکەیان بە فیرۆ دەچوو ، هەروەکو ئەگەر بەهرەوەر نەبونایە فرسەتەکان بەبێ لەچەنگ گرتن و سوود لێ بینین تێدەپەرین .

بەم شێوەیە مووسا دەبو ببینێ کە چۆن گەلی ئیسرائیل لە میسرا بونەتە کۆییلە و میسریەکان دەیان چەوسێننەوە ، تا ئارەزووی رزگار بوونیان لە کۆیلێتی لا پەیدا بێو بۆ ئەم مەبەستە دوای بکەون . هەروەها پێویست بوو رۆمۆلۆس نەتوانێ لە (ئەلپا) دا بمێنێتەوە و لەکاتی لەدایك بوونیدا چوار دیوارێك نەی گرتبێتە خۆی ، تا بتوانێ ببێتە پادشای رۆما و[3] بنیاد نەری میلەتێك تیایدایا پێویست بوو کۆرش سەرنج بداتە فارسەکان و ببینێ کە چەندە لە ئیمپراتۆرێتی ی میدییەکان [3] داخ لەدڵن و ئەمانیش ببینی چۆن بەسەر بردنی ژیان بە ئاشتی بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ خاوخلیچکێ کردوون یا سیزیۆس بۆی نەدەکرا تواناو لێهاتووی خۆیبخاتە روو ئەگەر خەڵکی ئەسینای بە پەرت و بڵاوی و دژ بەیەکتر نەدیایە ، بەم جۆرە فرسەتەکان بۆ ئەوان بوون بە مایەی بەخت و ئینجا لە سایەی بەهرەوەری باڵای خۆیانەوە ، توانییان سوودیان لێ ببینن و لە ئەنجامیاندا سەربەرزیان بە ولاتەکەیان پی ببەخشنو تالعیانی نەش و نما پێ بکەن و پتر سەریانی پێ بەرز بکەنەوە .ئەم بابەتە کەسانەی لەرێگەی بەهرەو توانای قاڵ بووی خۆیانەوە دەگەنە پلەی میرایەتی ، بە زەحمەتێکی زۆر مەملەکەتەکانیان

دەستگیر دەبێ ، بەڵام لەهەمان کاتدا بە ئاسانی دەتوان جڵەو گیریان بکەن هەندێ لەو زەحمەتیەشی لە پلەی دامەزراندنداتووشی دەبن ، ئەنجامی ئەو یاساو سیستەمە نوێیانەیە کە دەبێ بۆ جێ پێ قایم کردنی خۆیان و چەسپاندنی بیانهێننە کایەوە ، ئێمە دەبێ لەوە بەئاگابین کە زەحمەت ترین شت لەجێبەجێکردنداو زۆرترینی لە تووش هاتنی ژێرکەوتندا و سەختترینی لە دەس بۆبردنیداو ،دامەزراندنی رژێمێکی‌نوێ یە بۆ هەڵسوراندنی کاروبار . چاکە خواز هەمیشە دوژمنی لە ریزی کە سانێکەوە بۆ پەیدا دەبن کە سشوودیان لە رژێمەکۆنەکە بینیبێ هەروەکو دۆستی بوودەلە لەوانەدا دەبینێتەوە کە رژێمە نوێیەکە قازانجیان پێدەگەیەنێ ئەم بوودڵەیی‌یەشیان تا رادەیەك لەئەنجامی هەست کردنیاندا دەبێ بە ترس و سام لەو دوژمنانەیان کە یاسا پارێزگاریان لێدەکا ، یا تارادەیەك لە ئەنجامی ئەو سیفەتەی گومانکردندا دەبی لە هەر شتێکی نوێ کەلە نەژادی ئادەمیزادا هەیە ، چونکە مرۆڤ باوەر بەشتی نوێ ناکا تا بەشێوەیەکی زانستیانە راست ودروست تاقی نەکاتەوە . کەوابی وەزعەکە بەم شێوەیە دێتە پێش چاو : کە چاکەخوازێکی نوێ پەیدا دەبێ, دوژمنەکانی بە حوماسەتی هاولاّتی‌یەکەوە هێرشی دەبەنە سەر ,بەلاّم دۆستەکانی بەساردوسڕی وبێ‌ورەیی‌یەوە پارێزەگاریی لێدەکەن و ئێتر ئەو لەم بەینەدا دەکەوێتە بەر مەترسی‌یەکی گەورەوە .ئینجا ئەگەر ویستمان بەوردی‌لەم مەسەلەیە بکۆڵینەوە, پێوستەسەرنج بدەین و بزانین ئایا نوێخوزەکان سەربەخۆن یاخود پشتیان بە خەڵکی تر بەستوە . ئەمەش وا دەگەیەنێ کەئایا ئەوانە بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی‌نەخشەکانیان ,بەناچاری هاواریان بردۆتە بەر خەڵکی تر ,یا خود لە باریاندا هەبووە بە زەبری هێز ئیرادەی خۆیان بسەپێنن .چا کە خوازان لەحاڵەتی یەکەمدا سەرکەوتن بەدی ناهێنن و هیچیان دەسگیرنابێ .بەلاّم ئەگەر پشتیان بەهێزو دەسەلاّتی خۆیان بەستو توانی‌یان بەکاری‌بهێنن, بەدەگمەن روودەدا ژێر بکەون .بەم جۆرە رۆژگار سەلماندوێتی کەپێغەمبەرە چەکدارەکان توانیوایانە ولاّتان داگیر بکەن و سەر بکەون ,بەلاّم پێغەمبەرە بێ چەکەکان بەپێچەوانەوە .سەرباری ئەوەی وتمان دەبێ بزانین گەلان تەبیعەتیان جیاجیایە .رەنگە قایل بوونە زۆر زەحمەتە .بۆیە سەپاندنی مەسەلەکە بەسەریاندا دەبێتە ناچاری و تەنانەت ئەگەرهەوڵیاندا لەقایل بوونەکەیان پاشگەزببنەوە, دەبێ بەزۆر بخرێتەوە ژێر باری .ئەگەر مووسا و کۆرش و سیزیوس و رۆمۆلۆس چەکدار نەبوونایە , نەیاندەتوانی بۆ ئەو ماوە دوورودرێژە , خەڵکی ناچاری رێزلێنانی یاساکانیان بکەن . وەکی‌تر لەسەردەمی ئیستاماندا دیمان کە جیرۆلامۆساڤانارولا [39] وەختی گەلەکەی کەوتنە لێ هەڵگەڕانەوەی لەیاسا تازەکانیدا ژێرکەوت ,چونکەرێ شوێنیکی وەها بەدەستەوە نەبوو ئەو کەسانەی لە پاڵ خۆیدا پێ بهێڵتەوە کە بە خێرایی باوەریان پێ هێنا ,یا لێ هەڵگەرانەوەکانی بۆ باوەڕپێ‌هینانەوەی پێ ناچار بکا .بەم پێ‌یە ئەو بابەتە کەسانە زەحمەتی‌یەکی زۆریان دێتەرێ, لەبەر ئەوەی رووبەڕووی زۆر

مەترسی دەبنەوەو دەبێ لە رێگەی بەهرەداری و بەتوانایی و لێهاتویی خۆیانەوە بە سەریاندا زاڵ بن .ئینجا ئەگەر ئەو زاڵبوونەیان بەسەر کۆسپ و تەگەرەکاندا بۆ رەخساو دوای لەناوبردنی هەموو دوژمنەکانیان ,خەڵکی کەوتنە رێزلێنان و دەس بەسنگەوە بۆگرتنتیان ,ئەوسا ئیتر هەردەم خاوەنی هێزو دەسەڵات دەبن ودەستی جەزرەبەلێدان نایانگاتێ وبەختیارو سەربەرز دەژین.هەروەها دەمەوێ نموونەیەکی کەمێپایە نزمتر بخەمە پاڵ ئەو نموونەپایەبڵندانە, چونکە بۆ بەراوردکردن لە گەڵیاندا دەگونجێ ودەشێ وەك نموونەیەك بۆ گشت حاڵەتەکان بەکار بهێنرێ وئەویش باسی هێیرۆی سیراکۆزەییە کە لە ریزی جەماوەری گەاوە بەرز بووەوە وگەیشتە پلەی میرایەتیی سیراکۆزەو [40] بەخت یاریدەی دا ئەو هەلەی پێببەخشێ کە سیراکۆزەییە چەوساوەکان بیکەنە پێشەوای خۆیان ,دەنائیتر ئەو بە لێهاتوویی خۆی بە پلەی میرایەتی گەیشت ,تەنانەت داوێن پاکیو چاکە خوازیەکەی لەژیانی تایبەتیی خۆیدا ,وای کرد کە هەندەکەسێك دەربارەی وتبێتیان : کابرا بۆ حوکمرانی کردن لە هیچی کەم نییە تەنیا بوونی مەملەکەتێك نەبێ کەحوکمی بکا .هێیرۆ یەکێك بوو لەوانەی سوپا کۆنە ئیختیاریەکەی تێك وپێك داو سوپایەکی دامەزراند و دۆستایەتی یە کۆنەکانی وازلێهێنان و دۆستایەتی تازەیلە جێ بەستن و بەم جۆرە لەسایەی سوپاکەی و ئەو دۆستانەوە کە خۆی هەڵیبژار دون ، توانی لە سەر بناغەیەکی ساغڵەم مەملەکەتێك دابمەزرێنێ و ئیدامەی پێبدا لەم ئیدامەپێدانەشیدا ، توشی ئەو ئەرك و زەحمەتیەنەبێ کە لەدامەزراندنیدا تووشی بوو بوو.

## 7

## ئەو مەملەکەتانەی کە بەیاریدەی ئەم و ئەو یابەیاریدەی بەخت داگیر کراون

رەنگە ئەوانەی لە ریزی گەلەوە سەرهەڵدەدەن و لە رێگەی خۆش بەختیەوە بەرز دەبنەوە دەگەنە پلەی میرایەتی ، لەم بەرز بوونەوەیەدا تووشی زەحمەتیەکی زۆر نەبن . بەلام لە پاراستنی پایە و پلەکەدا زەحمەتیەکی گەورەیان بەکۆڵەوە دەبێ . ئەوانە لەکاتی سەرکەوتندا رووبەرووی کۆسپ وتەگەرەیەکی ئەو تۆ نابنەوە چونکە بەسەریاندا باز دەدەن بەڵام کە جێ پێ یان قایم بوو ، ئیتر هەر خێرا سەرئێشەیان بۆ پەیدا دەبێ ئەم حاڵەتە ئەوانەش دەگرێتەوە کەدەوڵەت و بەسەروەت و سامان دەکرن ، یا لەرێگەی پێبەخشینەوە لەلایەن ئەم و ئەوەوە دەستگیریان دەبێ ، وەك چون لە یۆنان و شارەکانی ئەیۆن [41] هەلیسپۆنتدا [42]روویداو ئەوەبو دارا بۆ پارێزگاری لێکردنی ناوچەکان بە ناوی ئەوەوە بۆ پاراستنی سەربەرزی و سەلامەتی ی خۆی ، چەند میرێکی تیادا خولڵقاند . هەروەکو ئەو ئیمپیراتۆرانەش دەگرێتەوە کە لەرێگەیبەرتیل پێدانی سوپاوە ، لە ریزی گەلەوە سەریان هەڵداوەو بەرز بوونەتەوە . ئەم

جۆرە میرە بەتەواوی پشت بەنیاز پاکی ئەو کەسانە دەبەستێ کە شانو شکۆی بەرز دەکەنەوەو ئینجا بەخۆشبەختی خۆی کەئەم دووشتە بەردەوام بوون و ئۆقرە گرتنیان بۆ نیـە . ئـەم جـۆرە کەسانە نازانن چۆن پارێزگـاری لـە پلـەو پایـەی خۆیـان بکـەن و لـە وەزعێکیشـدا نـابن بتـوانن نەخشەیەك بۆ پارێزگاری لێکردنەکە دابنێن و جێبەجێی بکەن ئو مرۆڤەی هـەموو ژیـانی خـۆی وەك کەسێکی ئاسایی بەسەردەبا ، ئەگەر بلیمەتێکی گەورە نەبێ ، ناتوانێ شارەزای چـۆنیەتی فەرمان رەوایی کردن ببێ جگە لەوەی کە لەوەزیشدانابێ وەزعی خۆی رابگرێ ، چونکە نابێتـە خاوەن هێزێکی بەتەنگەوە هاتووی دڵسۆز . بۆیە ئەو دەوڵەتانەی بەخێرایی بنیـاد دەنـرێن وەك هەموو ئەو کاروبارانەی بە سەرەتایەکی خێـراو گەشەسـەندنێکی بـە پەلـە دەست پێدەکـەن لـە باریاندا نابی رەگ و ریشەیەکی قوڵ بۆخۆیان دابکوتن و بـە فراوانـی پـەل و پـۆ بهـاون . لەبـەر ئەوە هەر هێندەیرەشەبایەك هەڵیکرد ، ئیتر دەکەونەبەر مەترسیی هەرەس هێنانەوە ، مەگەر ئەو کەسەی لەم رێگایەوە دەبێتە میر وەك وتم بلیمەتێکی مـەزن بـێ کـە ئەمەیاریـدەی دەدا بـە خێرای و لە ساتی خۆیدا ، بـە فریـای پاراسـتنی ئـەم پـاروە بکـەوێ کـە بـەخت هاوێشـت بویـە کۆشیەوە و ئینجا لالە دارشتنی ئەو بنچینانە بکاتـەوە کـە کەسـانی تـرپێش گەیشـتن بـە پلـەی میرایەتی ، ئاسایی بیری لێدەکەنەوە .

من لێرەدا لە ناو ئەو رووداوانەدا کە لە یادمن ، دوو نمونە بۆ هەردوو رێگـای گەیشـتن بـە پلـەی میرایـەتی ، واتـە لێهـاتوویی‌و خـۆش بـەختی دەهێنمـەوە . ئـەو دوانـەش فرانسیسـکۆ سـفۆرزاو قەیسەر بۆرجیان فرانسیسکۆ بەرێگای ئاشتی داو بە هۆی لێهاتوویی مـەزنی خۆیـەوە تـوانی لـە پلەی هاولاتیەکی ئاسایی‌یەوە بگاتە پلەیمیرایەتی‌و میلانۆ دوای تەخت کردنی هەزارەها کۆسـپ و تەگەرە ئینجا بۆی کرایە ئاسـانی دەسـت کەوتەکـەی خـۆی بپـارێزێ . بـەلام لـەو لای تـرەوە قەیسەر بۆرجیا کە بە دۆق فالنتین ناسـرابوو ، لـە رێگـەی دەسـت رۆیشـتووی باوکیـەوە تـوانی دەوڵەتێك دەست گیر بخات ، کەچـی هـەر هێنـدەی ئـەو دەسـت رۆیشـتوویی‌یە نـەما ، ئـەمیش دەوڵەتەکەی لە دەست چوو ، ئەگەر چی هەرچی‌یەك پێویست بوو کە پیاوێکی بەتوانای وردبـین بۆبە جێپێ قایم کردنی خۆی لە دەوڵەتێکدا بە لەشکر ودۆستایەتی‌ی کەسانی‌تر دامەزرابێ بیکا ,کردی .من لەوەبەر وتم :ئەوەی پێشەکی بنچینە بۆ خۆی دانەنێ , رەنگە بـۆی بلـوێ بـە هـۆی بـەهرەوتوانای لەرادەبـەدەری خۆیـەوە لەدواییـدا دایبنـێ ,هـەر چـەندە ئەمـە سەریەشـەی بـۆ ئەندازیارەکەو مەترسیی بۆ بیناکەش تێدایە .ئینجـا ئەگـەر پیـاو بێـت و لـە کردارەکـانی دۆق و رێبازەکەی وردبێتەوە ,دەبینێ کە ئـەو بنچـینانەی بـۆ قـایم کردنـی دەسـەلاتە دا هاتووەکـەی خۆی دایناوبوون, زۆر کۆك و پتەوبوونە باوەڕیشم وایە کە باسکردنیان بێهـوودە نـیـە .چـونکە من وای دەبینم کە کاروکرداری هیچ تازەمیرێك لەوەکانی ئەو باشتر نابێ. بەلام بـەدی نـەهێنانی سەرکەوتن تیایانـدا هـەرگیز بـە هـۆی هەڵـەی خۆیـەوە نـەبوو , بـەڵکوو لـە ئـەنجامی ئەوپـەری

بەدبەختی و خراپ بۆ هاتنەوە بوو.هەروەها پاپا ئەلیکساندەری شەشەم بۆ گەورەوگران کردنی شانوشکۆی کوڕە دوقی خۆی ,ناچار بوو روو بەرووی گەڵی زەحمەتی , لەپاشارۆژیدا ببێتەوە. باوکە سەیری کرد هیچ ڕێگایەك بۆ گەیاندنی کورەکەی بەپلەی حوکمڕانی کردن لە کایەدانییە تەنیا ئەوە نەبێ کە میرایەتی بخاتە ژێر چنگی کلچیچسەوە . ئەمە لەکاتێکدا کە دەشیزانی دۆقی میلان وڤینیسایییەکان ماوە نادەن هەوڵدانی ئەم بۆ زەوت کردنی چەند شارێکی پاپایەتی سەر بگرێ , چونکە ڤینیسسا پاریزگاری ڵیکردنی فایینزاو ریمیینیی گرتبووەئەستۆی خۆی هەروەها پاپا سەیری کرد هێزە سوپاییەکانی ناو ئیتالیا , بەتایبەتی ئەوانەی دەگونجا ئامانجەکانی ئەم بەدی بێنن لەژێر دەسەلاتی ئەو کەسانەدان کە لە فراوانبوونی هێزی پاپا دەترسن .لەبەر ئەوە نەدەکراپشتیان پێ ببەستێ ,چونکە سەراپایان لەژێر سەرکردایەتی بنەماڵەی ئورسینیێو کۆلۆنادا [43] بون بۆیە وەزعەکە زای پێوست دەکرد ئاشووبێکی وەها بخرێتەوە کە ئەو بارودۆخە سەرانسەر هەڵگێرێتەوەو کەمێکیش ئاژاوە لەناو دەولەتەکانی ناو ئیتالیا بنێتەوە ,تا ئەو بتوانێ هەندێکیان بخاتە ژیر دەسەلاتی خۆیەوە .ئەویشی ویستی ئاسان بوو ,ڤینیسایییەکانی بۆ رەخسا کە چەند هۆیەکی تر وای لێکردبوون فەرەنسایییەکان بۆ ئیتالیا بانگ بکەن وئیتر پاپاش لەلای خۆیەوە ,نەك هەر دژی بانگ کردنەکە نەوەستا , بەڵکوو بە رزگاری کردنی پادشا لویس لە پەیوەندیی ژن ومێردایەتییەکەی ڕێگایشی بۆ خۆش کرد . بەم شیوەیە فەرەنسا بە یاریدەی ڤینیسایییەکان وبریار لەسەردانی ئەلیکساندەر هاتە ئیتالیاوە .ئیتر هەر هێندەی ئەو پێینایە ناومیلانەوە , پاپا بووە خاوەنی ئەو هێزە سەپاییەی کەبۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەکەی خۆی لە رۆمانادا پێوستی پێی هەبوو , ئەمەش کارێك بوو کە بەپێ ناوو ناوبانگەکەی پادشای فەرەنسا ,بۆی نەدەلوا بەدیی بێنی .ئینجا کە دۆق [44] بوە خاوەنی رۆمانا وبەسەر کۆلۆناشدا سەرکەوت ، دووشت رێگەی پێگرت یەکەمیان گومان کردنی لەدڵسۆزیی هێزەکانی خۆی .دووەمیان گومان کردنی لەنیاز ومەبەستی فەرەنسا .واتەدۆق لەلایەکەوە دەترسا هێزەکانی ئۆرسینی کە پشتی پێ بەستبوون لێی هەڵگەرێنەوەو تەنیا بەوەشەوە نەوەستن کە نەیەڵن مەملەکەتەکەی لەوە زیاتر بەرفراوان بکا ,بەڵکوو هەرچییەکیشی کردبوو لێی زەوت بکەن .لەولایترەوە دەترسا کە پادشای فەرەنساش هەمان هەڵۆیستی هەبێ .ئینجا ئەوەبوو سەبارەت بە ئۆرسینی گۆمانەکەی لا بووە یەقین ,چونکە هەر هێندەی فاینزای داگیر کردو کەوتە پەلاماردانی پۆلۆنا ,سەرنجی دا هێزەکانی ئۆرسینی لە هێرش بردندا دوودڵن .سەبارەت بەپادشاش هەروەها کەوتەوەو سەیری کرد نایەڵێ پرۆژەی هیرش بردنەکەی بۆ سەر تۆسکانیا جێبەجێ بکا ,بەتایبەتی دوای ئەوەی دۆقییەتی ئۆربینۆی هێنابووەژێر بار .ئەوسا دۆق بڕیاریدا ئیتر پشت بە لەشکری کەسانیتر و خۆشبەختییان نەبەستێ. یەکەم کارێکیش کە کردی,لاوازکردنی حیزبی ئۆرسینی وکۆلۆنا بوو لەرۆمادا و بە

راکێشانی لایەنگرەکانیان بە لای خۆیدا کـە زۆربـەیان لـەپیاو مـاقوولان بـوون,ئـەویش لەرێگـەی بەخشـش ودیاریپێـدانێکی زۆر و دامەزراندنیانــەوە بەســەرکردەو کــارگێری وەهــا کــە لەگــەڵ پایەوپلەیانـدا بگـونجی .بـەوە لـە مـاوەی چـەند مانگێکدا تـوانی پەیوەنـدیی دڵسـۆزییان بـۆ حیزبەکۆنەکانیان بپچرێنیو وایان لێ بکا بایەخ تەنیا بەو بدەن .بە دوایدا توانی بنەماڵەی کۆلۆنـا لەناو بەرێ وکەوتەچاوەڕوانکردنی هەڵێکی لەبار بۆ لەناو بردنی سەرکردەکانی ئۆرسینیش .ئـیتر کە هەڵکەوت کۆی لێنەکردنەوەو لە دەس خۆی نەدا ,ئەویش بەوەی کە وەختێ ئۆرسـینییەکان سـەیریان کـرد مـەزنیدۆق وبـەهێزیی کلێســە مانـای مـاڵوێرانی ئـەوان دەگەیـەنێ هەڵسـان ئەنجومەنێکی راوێـژکارین لـە ئۆربینـۆ لەناوچـەی بیرۆجینـۆ دا بەسـت و شۆرشـیان لـەئۆربینۆدا بەرپاکرد و ناوچەی رۆمانا ئاژاوەی تێکەوت و دۆق کەوتە بەر مەترسیەکی بێسـنوورەوە ، بـەڵام ئەم بەیاریدەیفەرەنساییەکان بەسەر هەمواندا زاڵ بوو ئینجا کە بەتەواویجڵەوی کەوتەدەست بریارییدا باوەر نەبە فەرەنساییەکان و نەبە هـیچ هێزێکیبێگانـەی تـر نـەکا تـا پشـت بەسـوێند خواری لە گەڵیاندا نەبەستێ بە ڵکو پەنا بەرێتـە بـەر فروفێـڵ بۆیـە دۆق زۆر هۆشـیارانە راسـتی ئامانجەکانی خـۆی حەشـاردا و تەنانـەت ئۆرسـینیەکان خێـرا کەوتنـە هەوڵـدانی ئاشـت بونـەوە لەگەلیداو سینیۆر پاولۆیـان بـۆ ئـەم مەبەسـتە کـردە نوێنـەری خۆیـان کـە دۆق لەرێگـەی زمـان شیرینی و دیاری پێبەخشینیەوە لە جل و بەرگی رازاوەو پارەو ئەسپ ، تـوانی تـرس و گومـانی لە دڵ دەربکا و لە ئەنجامدا ئۆرسینیەکان ، ساکارانە قایل بوون بگەرێنـەوە بـۆ سـینیگاگیا (45) وەلەبەر دەستیدا بوون نیچێرێکی دەستەمۆ . ئینجا دۆق کە دوای لەناو بردنی ئـەو سـەرکردانەو راکێشانی لایەنگرەکانیان بۆ رێزی دۆسـتانی خۆیـان و هـەروەها دەسـت گرتنـی بەسـەر هـەموو ناوچــەکانی رۆمانــاو میرایــەتی ی ئۆربینــۆداو دوای مســۆگەرکردنی خۆشەویســتی و دڵســۆزیی خەڵکەکەش ، بەتایبەتی کەهەستیان کرد حکومرانیەکەی سوودیان پێدەبەخشـێ ،ئـیتر کەوتنـە دانانی بناغەیەکی ساغڵەم بۆ چەسپاندنی دەستەڵاتی خۆی .

جـا لەبـەر ئـەوەی ئـەم لایەنـە دەهێنـێ لەلایـەن کەسـانی تـرەوە سـەرنجی بـدرێتێو لاسـایی بکردێتەوە ، وا من لە باسکردنی غافڵ نابم ئەوەبوو وەختێ رۆمانای داگـیر کـرد ، ئـەم ناوچـەیە لەژێر دەستەڵاتیچەند حکومرانێکی لاوازی ئەوتۆدا بوو کە تەنیا تەنگ رووتاندنـەوەی خەڵکەکـە وە بوون نەك فەرمانرەواییان بکەن ، یاهۆی دووبەرەکی یان لە نێوانیاندا بخـولقێن نـەك یـەکیان پێبگـرن بـەم جـۆرە ناوچـەکەکەوتبووە ژێـر چـەپۆکی راوو رووت کـردن و کـاری چـەتەگەری و پەلاماردان و هەموو شێوەکانی ئاژاوە و ئاشووبەوە لەبەر ئەوە بریاری دا خێـر خـوای ئـەوتۆ لـە ناوچەکەدا دابمەزرێنێ کە خەڵکەکە بخاتە ژێر باڵی هێمنی و تاعەتکردن و ملـدان بـۆ حکـومرانی کردن ئەو بۆ ئەم مەبەستەش ریمیرۆ دی ئۆرکۆی کردە نوێنەری خۆی کـە بـەدڵڕەق و لێهـاتووو ناسـراو بـوو ، ئەوپــەری دەستەلاتیشــی دایــە جــا ئــەم کابریــە لەماوەیــەکی کورتــدا تــوانی

سەرکەوتنێکی گەورە لە چەسپاندنی ئاسایش لـە ناوچـەکەدا و لەیـەك پێگرتنیـدا وەدەس بێنـێ کەئەمە وای لەدۆق کرد دادگایەکی (مدنی)ی بۆ دادپەروەری لەمەڵبەندی ناوچەکە دا دامەزرانـدو حاکمێکی بەتوانای کردە سەرۆکی و بریاری دا هەر شارەو پارێزەرێکی تێدا بۆ خۆی دابنێ ئینجا لەبەر ئەوەشی کە دەیزانی توندتیژی و ستەمکاریەکەی لەو بەر دەبـێ هەسـتی رق و کینـەی لـە بیروهۆشـی جـەماوەری گەلـدا خوڵقانـدبێ ، بـۆ سـرینەوەی بەسـەرهاتەکان لەمێشـکیاندا و بـە مەبەستی راکێشانیان بەتەواوی بەلای خۆیدا ، بریاری دا وەهایان بۆ دەربخا کە هەرچی کـارێکی نەگریسانە لەرابردوودا کراوە ، هیچی بەفەرمانی ئەم نـەبوو ە ، بـەڵکو دروسـت کـراوی دەسـتی وەزیرەکـەی بـووە هەرهێندەشـی هـەڵی بـۆ هەڵکـەوت ، فـەرمانی دا جەسـتەی بکـەن بـە دوو کەرتـەوەو لـە مەیـدانی گشـتی شـاری سـیزایینادا هەلیواسـن و لـەوحێکی تەختـەو خەنجـەرێکی خوێناویش لە تەنیشتیەوە دابنێن . درندەیەتی ئەم کردەوەیە هەستێکی تێکەڵ لە رەزامەنـدیو سەرسورمانی لای گل وروژانج بەلام با بگەرێینەوە سەر باسەکەی خۆمان .

ئینجا کە دۆق کە هەستیبەدەستەلات داری خۆیی کردو کەوتەپێکەوەنانی سـوپایەکی تایبـەتی و ئەو هێزانەی دەورویشتی خۆی تێکشکاندن کەلەوزەیاندا هـەبوو جەزرەبـەی لێ بـدن و دواجـار خەمی ئەو مەترسیانەی نەما کە لە کایەدا بوون ، سەیری کرد ئەگـەر بیـەوی لەسـەر داگیرکـاری بەردەوام بێ ، دەبێ کارێکیوەها بکا کە لە لایەن فەرنساوە رێزی لێ بنـرێ چـونکە دەرکیرکـد کە پادشای فەرەنسا دوای هەست کردن بەو هەڵەیەی خۆی کە کردبووی ، ئیتر هیچ یاریدەیەکی نادا بەم جۆرە بەسەرێك کەوتە گەران بە دوای هاوپەیمانی نوێـداو بەسـەرێکیش تەقـەلادانی خـۆ نزیککردنەوە لەفەرەنساییەکان بە بۆنەی ئەو هێرشەی پادشاکەیان بـۆ پـەلاماردانی مەملەکـەتی ناپۆلی ، بە نیازی یاریدەدانیان دژی ئیسپانییەکان کە شاری جایتیایان ئابلۆقە دابوو ئاماتـدەی کردبوو . مەبەستیشی دڵنیابوون بوو لێ یان کەئەگەر بهاتایا ئەلیکساندەری باوکە لەژیاندا بمایـە ، دەیتوانی ئەم ئاواتە بەدی بێنێ ئەمە ئەو کارو کردارانەبوون کە دۆق بۆ روو بەروو بوونەوەیان وەختی خۆی کردنی . بەلام سەبارەت بەدوارۆژی لەوە دەسڵەمیەوە کە سەرۆکی نـوێی نیمچـە دەوڵەتەکانی کلێسە یەکێك لە دۆستەکانی خۆی نەبێ و تەقەلا بدا ئەو ناوچـانەی لێ بسـێنێتەوە کەئەلیکسـەندەر پێـی بەخشـی بـوون .بـۆ لـەروودا وەسـتانی ئـەم ترسـە بریـاریدا چـوار رێگـا بگرێتەبەر : یەکەمیان لەناوبردنی هەموو ئەو کەسانەی سەر بەوبنەماڵەی حوکمرانانـە بـوون کـە مەملەکەتەکانیانی لێزەوت کردبوون ,تا ماوە نەدا پاپا تازە فرسەتی پشـت پێبەسـتنیان چـنگ بکەوێ رێگای دووەم مسۆگەرکردنی دۆستایەتیی سەردارانی رۆما بوو تا بە هۆی ئەوانەوە بەری سەرکێشی کردن لەپاپا بگرێ.رێگای سێیەم بریتی بوو لەبەکارهێنانی ئەوپەری تین وتوانای بـۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا .بەلام چوارەمیان بریتیبوو لەسازدانیگەورەترین هێزکە لە توانادا بێلـەپێش مردنیپاپایبـاوکیدا پێکیبێنـی ,تـابتوانێ بـە تـەنیا خـۆی لـەرووی

یەکەمین هیرشدا کە دەکرێتە سەری خۆی رابگرێ.جا ئەوەبوو وەختێ ئەلیکساندەر مرد ئەو لەچوارئامانجەکەسیانیانی بەدی هێنابوون وچوارەمیشیان بەرێوە بوو بەدی بهێنرێ.واتە توانی بووی ژمارەیەکی زۆر لە میرە میرایەتی خراوەکان بکوژێ یا فرسەتی گرتنیانی بۆ هەڵکەوتبوو کە لە ژمارەیەکی کەم بەولاوە کەسیان رزگاریان نەبووبوو .هەروەکو توانی بووی سەردارانی رۆما بداتەپاڵ خۆی ودەسەلاتی تەواوی خۆیشدا بەسەر کۆمەڵگادا بچەسپێنی .لەکاتێکدابۆمەملەکەتەکان کارێکی وەهایکردبوو کەببێتە سەروەری گشت تۆکسانیا و پیرۆجیاو بیۆمبینۆ بکاتە موڵکی خۆی وباڵیش بەسەر پیزادا بکێشێ.[46]ئینجا کە دڵنیا بوو ئیتر هیچ شتێك لە کایەدا نەماوەترسی لەفەرەنسایەیەکان پێپەیدا بکا ,چونکە ئیسپانیاییەکان بە شێوەیەکیئەوتۆ لەناپۆلی دەریانپەراند بوون کەناچاربن ئەوانیش هەوڵ بدەن دۆستایەتیئەم مسۆگەر بکەن ودڵی رابگرن ,بەتەواوی دەستی بەسەر پیزاداگرت وبەدوایدا هەر خێرا لۆکاو سیەناش ,بە هۆی رق وکینەیانەوە بەرامبەر بە ڤینیسساییەکان لە لایەکەوەو لەبەر ترس وسامیان لەم لەلایەکیترەوە,سەریان بۆشۆر کرد ,جگە لەوەی کە ڤینیسیاییەکان خۆشیان لەو وەختەدا داهات و بەربوومیان لەکزیدا بوو .جا ئەگەر هەر لەوە ساڵەدا کەئەلیکساندەری تێدا مرد ,لە مەملەکەتیتازەکانیشدا بەچەشنی کۆنەکانی سەرکەوتنی بەدی بهێنانە,ئەوا بەبێ هیچ پشت بەستێك بە دەسەلاَت وبەخۆشبەختییکەسانیتروتەنیا لەسایەی هێزو بازووی خۆیەوە ,هێندەی توانا ودەسەلاَت وناوبانگ دەردەکرد کە بۆ ئیدامەپێدانی ئەو سەروەرییەی بەس بن .بەلاَم ئەلیکساندەر مرد ومردنەکەشی لەوەختێکدا بوو کە تەنیا پێنج ساڵ بەسەر ئەو رۆژەدا تێپەڕی بوو کەقەیسەر بۆرجیا یەکەمجار شمشێری تیدا بەلادا کردبوو .ئەوسا دۆق سەیری کرد کە ئەگەر چیرۆمانا بەتەواوەتی ملی بۆ داوە بەلاَم نەخشەکانی تری لە هەوادا لەنێوان دوو دوژمنە لەشکریبەهێزدا ,بەهەڵواسراوی ماوەنەتەوەو خۆیشی بەدەست چەند نەخۆشییەکی کوشندەودەناڵێنی .بەلاَم ئازایەتی وتواناییەکەی دۆق لەرادەبەدەر بوون ولەپەیدا کردنی دۆست ولەفەوتاندنی دوژمنیشدا دەستێکی باڵای هەبوو.هەر وەکوو لەدانانی نەخشە و رێشوێن ولە چەسپاندنیاندا لە ماوەیەکی کورتدا ,زۆر شارەزا بوو .لەبەر ئەوەئەگەر دوو لەشکری دوژمنەکە دەوریان نەتەنیایە و خۆیشی لەرووی تەندروستییەوە وەزعی باش بووایە ,دەیتوانی بەسەر کۆسپ و تەگەرەیەکدا زاڵ ببێ .جا ئیمە ئەگەر ئەو راستییەمان لە پێش چاو گرت کە دەڵێ: لەکاتێکدا کە ئەو لەرۆمادا لەسەرەمەرگدا بوو ,رۆمانا بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێك بە هیچمنی لە چاوەڕوانکردنیدا مایەوە,یا وەختێك باگلیۆنی و[47] ڤیتیللی وئۆرسینی بە هێزەکانیانەوە چوونە ناو رۆماوەو کەسێکیان نەدی پشتگیریی ئەمان بکا و دژو بەو ببزوێ ,بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو بنچینانەی دایمەزراندبوون چەندە کۆك وپتەوبوون .تەنانەت ئەودەیتوانی نەهێڵێ هیچ کەسێك بۆ پاپایەتی هەڵبژێردرێ کە حۆی نەیەوێ ئەمە ئەگەر لەکاتی

مردنی ئەلیکساندەردا سیحەتی باش بووایە ,هەرچی‌یەکی حەز پی‌بکردایە بۆی بەدی دەهات وبەرگەی هەموو چورتمێکیشی دەگرت .دۆق لەو رۆژەدا کەیۆلیۆسی دووەمی تێدا هەڵبژێردرا بەپاپا ,بۆی باسکردم کە ئەو بیری لەهەموو ئەو شتانە کردبۆوە رەنگ بوو لەوەختی مردنی باوکیدا رووبدەن وچارەسەریشی دانابوو یەك شت نەبی‌کەقەت بەبیریدا رانەبوردبوو, ئەویش نزیك بوونەوەی خۆی بووە لەمردن و لەهەمان رۆژی مردنی باوکیدا.[48]

ئینجا من کە بە هەموو ئەم کردارانەی دۆقدا دەچمەوە هیچی وەهایا تێدل نابینم بهێنی لەسەری‌لۆمەبکری ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ، من خۆم بە ناچار دەبینم دۆق بە نموونەیەکی ئەوتۆ دابنێم کە دەبی هەموو ئەوانەی لە رێگە چەك و خۆشبەختی‌ی کەسانی ترەوە دەگەنە پۆپەی‌دەستەڵاتدارێتی ، وەك رووی‌دا ، شوێن پی‌ی هەڵبگرن ، چونکەئەوێك کەبە ئازایەتی و زیادەخوازیەکی زۆر ناسرابوو ، لە توانایدا نەبوو لەوە زیاتر بکا کەکردی و نەخشەو پلانەکانیشی بەهۆی مردنی باوکی و نەخۆشکەوتنی خۆیەوە نەبوایە ، شکستیان نەدەهێنا . هەموو ئەو کەسانەی وای دەبینن کە دەبی لە رێگەی قایمکردنی جی‌پی‌ی خۆیانەوە لە رووی دوژمناندا پارێزگاری‌لەمیرایەتیە تازەکەیان بکەن و دۆستاین هەبن و داگیرکاری بەزەبری هێزیان بە خەڵەتاندن و فرت و فێلّ بەدی بێنن و هەم خۆشەویستی و هەم ترس و سام بەسەر رەعیەتەکەیاندا بسەلمێنن و رێزلێگرتن و تاعەتکردن بەسەر سەربازانیاندا و پلیشاندنەوەی هەر یەك کەرەنگ بی سەریەشیان بۆ پەیدا بکا و داهێنانی نەریتی تازە لە بری هی کۆن و پەنابردنە بەر دڵرەقی ە بەرەحمی پێکەوەو جوامێری و ناجوامێری لە یەك کاتدا و بڵاوەپێکردنی هێزی سەربازانی ئیختیاری کۆن و پێکهێنانی هێزێکی نوی و پاراستنی دۆستایەتی لەگەڵ پادشا و میراندا بە شێوەیەك ناچاریان بکا بە سەرێك بۆی سوودبەخش بن و بەسەرێکیش سل لەی‌جەزرەبەری دەستی بکەنەوە هەموو ئەوانە دەبی کرداەرکانی ئەم پیاوە بە پەسندترین نمونە بۆ پەیرەو کردن دابنێن . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بزانین کە گوناهی هەرەگەورەی ئەم پیاوە رەنگە لە لایەنگری کردنەکەیدا بی بۆ هەڵبژاردنی یۆلیۆسی دووەم بە پاپا . چونکە وەك لەوە و بەر وتم ئەو ئەگەر چی نەی دەتوانی فسەی خۆی لە هەڵبژاردنی پاپایەکدا کە خۆی بیەوی زالّ بکا ، بەڵام دەیتوانی بە هیچ کلوجی ماوە نەدجا کەسێك بۆ پاپایەتی هەڵبژاردری کە یەکێك بی لەو کاردینالانەی ئەم لەوەبەر ئازاری دابن و زەرەری پی گەیاندبن ، یا یەکێك بی لەوانەی کە لە حاڵەتی بوونی‌دا بەپاپا ئەم ناچار ببی لای بترسی چونکە مرۆڤ یا بەهۆی رق و کینەوە یاخود لە ئەنجامی ترسدا خراپەکاری دەکا . ئەو کاردینالانەی ئەم ئازاری دابوون ، ژمارەیەکی زۆر بوون و گرنگترینیان سان پیترۆ ئادچینکۆلاو کۆلۆناو [49] سان جیۆرجیۆ ئەسکانیۆ[50] بوون .

جگە لەمانە ئیتر هەر کانێك لە کاردینالەکانی تر بۆ سەر تەختی پاپایەتی هەڵبژێردرایە ئەو پاپا یە تازەیە لەم دەترسا تەنیا رۆهانی فەرەنسایی و کاردینالە ئیسپانیەکان نەبن .کە یەکەمیان بەهۆی ئەو پەیوەندیی خزمایەتی یەوەی لەگەڵ پادشای فەرەنسا دا هەیبوو ، خاوەنی دەستەلأتێکی گەورە بوو ،ئەوانی تریش پابەندی ئەو ئەرك و پەیوەندیانە دەبوون کە بە دۆقەوە دەیبەستنەوە بۆیە دۆق لەبەر ئەم هۆیانە دەبوو یەکێك لە کاردیناڵە شیسپانیەکان بۆ پاپایەتی هەڵبژێرێ ، یا ئەگەر ئەوەشی پێنەدەکرا دەبوو بریار لەسەر هەڵبژاردنی کاردینال رۆهان بدا نەك سان پیترۆ ئادڤینکۆلا[51] ئینجا گومان لەوە دانیە ئەو کەسەی وای بۆ دەچێ کە گوایە گەورەپیاوان وەختێ سوودو بەرژەوەندیەکی تازەیان دەستگیر دەبی کۆنەئازارو گێچەڵ پێکردنی لەوەبەریان لەبیر دەچێتەوە ، دەکەوێتە هەڵەیەکی گەورە . دۆقیش لەم رووەوە هەڵەی کردوو هەڵەکەیشی بۆی بووە هۆی تێکشکانێکی ئەوتۆ کە هەڵسانەوەی بۆ نەبوو .

## 8

## ئەوانەی لەرێگەی چەپەڵکاریەوە دەگەنەمیرایەتی

لەبەر ئەوەی دوو رێگای‌تریش هەن بۆ گەیشتن بەمیرایەتی کە بە هیچ جۆرێ پەیوەندی‌یان بەبەخت ولێهاتوویی‌یەوە نی‌یە ,پێویستە هەر وا ئاسایی‌بە سەریاندا رانەبوورین ,هەرچەند ئەگەر باسمان لەشێوەی کۆماری‌بووایە ,دەتوانرا فراوانتر لێیان بدوێین یەکەمی ئەو دوو رێگەیەش بریتی‌یە لەوەی مرۆڤێك بەهۆی بەکارهێنانی رێ وشوێنی چەپەڵ ونەگریسەوە بگاتە پلەی میرایەتی .دووەمیان بریتی‌یە لەوەی یەکی لەرێزی جەماوەری گەلەوەو بەهۆی‌پشتگرتنی‌یەوە لەلایەن هاوولأتی‌یەکانی‌یەوە بەرزبکرێتەوە وبخرێتە سەر تەختی میرایەتی‌ی ەلأتەکەی .جا من لەباسکردنی رێگای یەکەمدا دوونموونەدێنمەوە ,یەکەمیان کۆن وئەوی‌تریان هاوچەرخ,بەلأم بەبێ ئەوەی لی‌لایەنی چاکەوخراپەی‌ئەم رێگایە بدوێنم ,چونکە وایتێدەگەم دوونموونە کەبۆ قایل کردنی ئەو کەسە بەسن کەخۆی بۆلاسایی‌کردنەوەیان بە ناچار دەبینێ.

ئاگاتۆکلیسە[53] کەچووەسەر بووە پادشای سیراکۆزە ,لە پەراگەندەترین ونزمترین چین بوو لە ولأتەکەیدا .باوکی لەپیشەسازی‌گۆزەو دیزە دروستکردندا ئیشی دەکرد .لەکۆری جۆرە ژیانێکدا پەروەردە بوو بوو کە لە هەموو پلەکتنیدا پری لە شەرخواهی وبەدکاری بوو .بەلأم لەپالێدا چ بەئەقل وچبە لەش گورج و گۆڵ بوو .بۆیە کاتێ چووە ریزی سەربازانی ئیختیاری‌یەوە ,توانی پلە بەدوای‌پلەدا سەربکەوێ ولەئەنجامدا بگاتەپایەی گەورەی قازی‌یان (بریتۆر ) لە سیراکۆزەدا . ئەو سا بریاری دا ببێتە میر و لە رێگەی ستەم کاریەوەو بەبێ پەنا بردنە بەر یاریدە وەرگرتن لە کەسانی‌تر ، پارێزگاری لەو مافەی خۆی بکا کە دەستوور پێیببەخشی‌بوو ئەم نیازەی خۆی لای هامیلکاری[54] کرتاجەیی درکاند کە ئەو وەختە لە سکلیادا دەجەنگاو سەرلەشکر بوو . جا بەیانی‌یەکان بە بیانووی راوێژکرنەوە سەبارەت بەهەندێ باس و خوازی زۆر بایەخدار کە پەیوەندیان

به جەمهوریەتەوە هەیە ، پیاو ماقوڵانی سیراکۆزە و ئەنجومەنی پیرانی شارەکەی بانگ کردە لای خۆی .

ئیتر هەر هێندەی ئیشارەتێکی دا ، سەبازەکانی دەستیان کردە سەربرینی ئەندامانی ئەنجومەن و پیاوماقوڵانی شارو دوای دڵنیابوونی لە کوشتنیان ، بەبێ ئەوەی هیچ ترسێکی لە ناکۆکی ناوخۆی هەبێ ، شارەکەی داگیرکردو کەوتە حکم کردنی بە دوایدا ، هەرچەندە کرتاجییەکان دوو جار شکاندیان و شارەکەیان لێ ئابڵوقەدا ، بەڵام لە ئەنجامدا توانی بیپارێزێ ، ئەوسا بەشێك لەهێزەکانی بۆ بەردەوام بونی پارێزگاری لێکردنی تێدا جێهێشت و بە بەشەکانی تر پەلاماری کەناری ئەفریقایدا .هەروەکو لەماوەیەکی کورتدا توانی سیراکۆزە ئازاد بکا و لەئابڵوقەدان رزگاری ببێ و کرتاجییەکانیشی ناچار کرد داوای بەستنی پەیمانی ئاشتی ی لێ بکەن و واز لە دورگەی سکلیا بێنن بۆ ئاگاتۆکلیس و قایل بین کە تەنیا ئەفریقایان لە ژێر سچەنگدانی ،ئەمە بێگومان دوای ئەوەی چەندی جەزرەبەیەکی توندو تیژی لێدان .ئینجا هەر کەسی بیەوێ لە سیفەت و کردارەکانی ئەم پیاوە بکۆلێتەوە بۆی دەردەکەوێ کە هیچی وەهایان تێدانیە بدرێتە پاڵ بەخت ، چونکە وەك وتم ئەو لە گەیشتنی دا بە میرایەتی منەتباری هیچ کەسێك نەبووە بەڵکوو لە رێگەی بەرزبوونەوەیەوە لە رێزی هێزی سەربازی ئیختباریەوە و خۆخستنە بەر مەترسیی هەزارەها چەڵەمەو کۆسپ و تەگەرەوە پێیگەیشت . ئەوساش ئیتر بە جۆرە رێ و شوێنێك پاراستی کە هەر گیز خاڵی نەبوو لە ئەرك و ئازار چەشتن و مەترسی و ئازایەتیش ، بێگومان ئێمە هەقی ئەوەمان نیە سیفەتی پاکی چاکەکاری بدەینە پاڵ ئەو کەسەی هاوڵاتەیەکانی خۆی دەکوژێ و ناپاکی لە برادەرو دۆستەکانی دەکاو پشت دەکاتە پەیمانەکانی و بەزەیی و دینداری دەخاتەلاوە رەنگە مرۆڤ بتوانێ لە رێگەی ئەم کردارانەوە بە میرایەتی بگا ، بەڵام ناتوانی بگاتە سەربەرزی ئەگەر بێت وئێمە لایەنە چاکەکانی ئاگاتۆکلیس وربگرین کە لە روو بەروو بوونەوەی مەترسی و زاڵ بوون بە سەریدا لە پتەویو بە هێزی ی ورەیدا لەرووی کۆسپ وتەگەرە و تەخت کردنیاندا خۆیان دەنوێنن ئەوا دەبینین هیچ هۆیەك نییە وامان لێ بکا پایەو پلەیەکی نزمتری لە هەر یەکێ لە سەرکردە بەناوبانگەکانی بۆ دابنێین بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵرەقی یە جانەوەرانیەکەی و بێ بەشیەکەی لە هەستی مرۆڤانەو لە پاڵیاندا ئەو هەموو زوڵم و زۆرە لە ژمارە نەهاتووەی کە کردنی ، ماوەمان نادەن بە یەکێ لەو پیاوە بەناوبانگانەی دابنێین , هەروەکو لە تواناماندا نیە ئەوەی بۆی بەدی هێنرا بیدەینە پاڵ بەخت یا چاکەکاری ، چونکە پەنای نەبردوە بەر هیچیان .

هەروەها لە رۆژانی ئێستاماندا ، لە سەردەمی پاپا ئەلیکسەندەری شەشەمدا ، ئۆلیڤێرتۆ داڤیرمۆ بە هەتیووی گەورە بوو ،جیۆڤانی فۆگلیانی ی[55] خاڵی بە خێوەی کردو هەر لە هەرزەکاریەوە کردیە سەرباز و خستیە ژێر سەرکردایەتی ی پاولۆ ڤیتللییەوە ،[56] تا دوای مەشق کردن و پێگەیشتنی لەو قەتابخانە سەختەدا ، پایەیەکی سەربازی زۆر باشی دەستکەوت ئینجا ك پاولۆ مرد ، لە ژێر

سەرکردایەتیی ڤیتیلۆزۆی [57] برای پاولۆدا بووە جەنگاوەرێك و دوای ئەوەش بە ماوەیەکی کەم لە سایەی زیرەکی و زۆرزانی و گورج و گۆڵیی خۆیەوە ،بووە یەکێك لە سەرکردەکانی هێزە جەنگاوەرەکان ، بەڵام کە سەیری کرد مانەوەی لە ژێر سەرکردایەتی کەسانی تردا بۆیەکی وەك ئەو سوکیە ، بریایدا شاری فیرمۆ بە یارمەتی ی هەندێ لەهاوڵاتیانیکە کۆیلەیەتیان لە سەربەستی لا پەسندتر بوو هەروەها بەپشتگیری کردنی لە لایەن ڤیتللی یەوە داگیر بکا ، بۆ ئەم مەبەستەش نامەیەکی بۆ جیۆڤانی ە خاڵی ناردو تیایدا نووسی بووی کە بۆ بینینی ئەوو شارەکەی بە پەرۆشەوەیە و حەز دەکا دوای ماوەیەکی دورو درێژی ئاوارەبوون ،مەملەکەتەکەی خۆیبەسەر بکاتەوە.هەروەها نووسیبووی ئەویك کەتووشی گەڵی زەحمەتی ومانەدووبوون بووە تا گەیشتۆتەپلەی شەرافەتمەندی ولەبەر ئەوەشی کە وای پێ خۆش هاووڵاتییەکانی خۆی بە جۆرێك ببینێتەوە بۆی دەربکەوێ کە رەنجی بەفیرۆ نەچووە ,دەیەوێ خۆبەناو شارکردنیدا رادەی شان وشکۆی بنوێنێ وبۆ ئەم مەبەستەش نزیکەی سەد سوارێك لە برادەران ودەست وپێوەندانی خۆی لەگەڵدا دەبێ .هەروەکوو تکای لەخاڵی کردبوو فەرمان بدا بەخەڵکی فیرمۆ کەپێشوازییەکی وەهای بکەن نیشانەی رێزلێنانی بێ ,چونکە ئەو خۆنیشاندانە تەنیا منای پێشوازی لێکردنی ئەو ,ئۆلیڤێرتۆ ,ناگەیەنێ بەڵکوو مانای رێزنانە لە جیوڤانی خۆیشی کە ئەو پێگەیاندوەو دەرسی داداوە. جیۆڤانی لە بەپیرەوە چوونی خوشکەزاکەیدا کەم تەرخەمیی نەکردو خەڵکی شارەکەی بۆپێشوازیکردن وریزلێنانی هانداو دوایی ماڵەکەی خۆیدا میواندار ی کرد .ئینجا ئۆلیڤێرتۆ دوای چەند رۆژێك چاوەڕوانکردن,پیلانەچەپەڵو نەگریسەکەی خۆی بەم جۆرە نەخشەکیشا :خاڵی وهەموو گەورە پیاوانی فیرمۆی بۆ داوەتێکی گەورە بانگ کرد .کە نان خوراو ئاهەنگگێرانی ئاساییی لەو بابەتەی لەم جۆرەداوەتانەدا دەکرێ دەستی پێکرد,ئۆلیڤێرتۆ بەنەزاکەتەوە هەندێ باس وخوازی گرنگی بۆ لێدوان هێنایە کایەوەو کەوتە باسکردنی مەزنیی پاپا ئەلیکساندەر وقەیسەری کوڕی و پرۆژەکانیان .بەڵام وەختێ جیوڤانی وئەوانی تر کەوتنەوەلامدانەوەی ,ئەو یەکسەر راپەرییە سەرپێو وتی : ئەم جۆرە باسانە دەبێ بەپەنهانی باس بکرێن وئیتر خۆی کشانەوە چووە ژوورێکی تەنیشتەوە. هەر خێرا جیوڤانی وپیاومتقوولەکانیش دوای کەوتن .ئەوسا هەرهێدەی دانیشتن ودانەنیشتن ,ئەو سەربازانەی خۆیان بۆمەلاس دابوون ,لێیان دەرپەرین وپەلاماریاندان و هەموویانیان قەلا چۆکرد .دوای کوشتارەکە ئۆلیڤێرتۆ سواری ئەسپەکەی بوو, بەشەقامەکانی شارەکەدا رابوردو چوو ماڵی (سەرۆکیقازییانیشی) ئابلۆوقەدا .ئیتر خەڵکەکە هەموو لەترساندا ناچاری تاعەتکردن و دامەزراندنی حکوومەتێکی تازە بوون کە ئەویان بەسەرداکردە میر ئینجا وەختێ هەموو ئەوانەی لەناوبردن کە دەترسا پێی رازی نەبن ودەستی لێبوەشێنن, دەوری خۆی بەژمارەیەکی نۆی لەکەسانی مەدەنی وعەسکەری تەنی تەنانەت لەو تەنیا ساڵەدا حوکمڕانی ناوچەکەبوو ,بەجێپێقایم کردنی خۆیدا لە فیرمۆدا نەوەستا ,بەڵکوو کارێکی وەهای کرد هەموو دراوسێکانیشی لێی بترسن.

ستەم بوو حوكمی ئولیڤیرتۆ هەرەس بێنـێ ئەگـەر مـاوەی بەقەیسـەر بۆرجیـا نەدایـە , لەمەسـەلەی گرتنی ئورسینی وڤیتیللی لە سینیگاگلیادا لەخشتەی بەرێ وەك لـەوە بـەر باسـم كـرد ,چـونكە ئـەو خۆیشـی هـەر سـاڵە وەختێـك دوای قەسـابگەرییە بـە كۆمەڵـەی كـردی ,گـیراو لەگـەڵ ڤیتیلـۆزۆی مامۆستای لەجەربەزەیی و دڵڕەقیدا وكوژرا. رەنگە مرۆڤی وا هەبێ بەلایەوە سـەیر بـێ كـەئایا چـۆن ئاگاتۆكلیس و ئەوانەی لە بابەتی ئەون ,توانیویانـە دوای زنجیرەیـەكی یـەك لـەدوای یـەكی فرتوفێـڵ وخیانەتكاری وكرداریدڕندانە,بێترس وبەدڵنیاییەوە بۆ ماوەی ساڵانێكی زۆر لەوڵاتەكانیاندا تەمەن بـەر نەسـەر وهـەم لـەرووی دوژمنـانی دەرەوەدا پارێزگـاری لـە خۆیـان بكـەن و لـەپیلان لێكردنـی رەعیەتەكـەی خۆشـیان بـەدووربن.ئەمـە لەكاتێكـدا كەسـانێ هـەبوون لەئـەنجامی دڵڕەقیانـدا نەیانتوانیبێ نەلەوەختی ئاشتی ونەلەوەختی ئاژاوەو شەردا ,پارێزگاری لە پایەوپلەی خـۆان بكـەن .بـۆ وەلامدانـەوەی ئـەم سەرسـورمانە دەڵـێم :مـن بـاوەڕەم وایـە هۆیەكـەی دەگەرێتـەوە بـۆ ئـەو شێوەیەی كردارەنەگریسەكانی پیێكراوە,واتە ئایا شێوەكە باش براوەتە سەر یـا خـراپ .مـن لێـرەدا ئەگەر ماوەمان بدرێ وشەی باش بدەینە پاڵ خراپەكاری ,ناوی شێوەیباش لەو كردارانە دەنـێم كـە پێوستیی مسۆگەركردنی ئەمن وئاسایش وای كردوە بكرێن ,بەمەرجێك ئیدامەیان پیێنەدرابێ ودوایی گۆردرابن بە جۆرە كردارێك كە ئەوپەری سوودیان بۆ خەڵكە كە هەبووبێ .بەلام شێوە خراپەكە ئـەو كردارە چەپەڵانە دەگرێتەوە كـە هەرچـەند لـە سـەرەتادا كـەمیش بـووبن ,بـەلام لەئەنجامـدا لـەبری ئەوەی كەمتر ببنـەوە وردە وردە ژمارەیـان زیـادی كـردوە .جـا ئەوانـەی پـەیرەوی شـێوەی یەكـەم دەكەن ,دەتوانن وەزعی خۆیان لەگەڵ خۆداو لەگەڵ مرۆڤاندا چاك بكەن ,كتومـت وەك ئـاگوتۆكلیس كردی .بەلام ئەوانی تر قەت لە تواناناندا نابێ پارێزگاری لە خۆیان و وەزعی خۆیـان بكـەن .لەمـەوە بۆمان دەردەكەویچ كەداگیركـەر لـەكاتی داگیركردنـی دەوڵـەتێك لـە دەوڵەتانـدا ,دەبـێ ئـان وسـات ویەكژەمی چی بۆ بەرپاكردنی كردارە چەپەڵ ونەگریسەكانی پێویستە بیكات وئیتر نەكا هەر رۆژە نا رۆژێك بگەرێتەوە سەریان .بەم جۆرە ,لەرێگەی نەكردنی ئاڵ وگۆڕی تازەوە ,دەتوانێ بەهۆی گـەڵی پرۆژەیسوودبەخشەوە بۆ گەلەكەی ,دڵنیایی وئاسـوودەگی ی لـەناودا بلاوبكاتـەوەو بـە لای خۆیـدا رایبكێشێ. بـەلام ئـەوەی رێبـازێكی جیـاواز لەمـە دەگەرێتـە بـەر ,چ بـەهۆی ترسـنۆكیەوە بـێ یـا لەئەنجامی وەرگرتنی ئامۆژگاریی گەندەڵدا , ئەوا ناچار دەبێ هەردەم لەسەرپێ بێ وشیری لەكالان هەڵكێشابێ, چونكە بەهیچ كلۆجی ناتوانێ پشت بە گەلەكەی ببەسـتێ ,لەبـەر ئـەوەی كـە ئـەوانیش ئەنجامی دووپاتكردنـەوەی خراپـەكاری بەرامبـەریان لەلایـەن ئەمـەوە , نـاتوانن پشـتی پیێببەسـتن. هـەروەها خراپـەكاری كـە كـرا پێویسـتە یـەك ژەمـی و سەرانسـەری بكـرێ .چـونكە ئەمـە سـیفەتی بلاوبوونەوەی كاریگەرییەكەی بزر دەكا و دوا جار شوێنەوارێكی زۆر خراپ حـێ نـاهێڵێ .وەكـی تـر سوودو قازانج دەبێ تنۆكتنۆك برژێنرێتـە نـاو دەمـەوە, هـەتا گـەل تـامی بچـێژێ ولـەزەتی لێببینـێ :ئینجا سەرباری هەموو ئەمانەش ,میر دەبێ لەناو رەعیەتەكەیدا بـژی, بـەلام بەشـێوەیەك كـە مـاوە

نەدا چ خۆشبەختی وچ بەدبەختی بەری کاروانی پیٚبگرن . چونکە ئو پیٚویستی‌یانەی لە رۆژانی سەخت وتووشدا دیٚنە کایەوە , ناچارت دەکەن ئامادەی رووبەروو بوونەوەیان ببیت , هەر وەکوو رەنگە هیچ خیرخوایی‌یەك کە دەیکەیت , لەم حۆرە کاتەنەدا سوودی بۆت نەبیٚ ,لەبەر ئەوەی رای گشتی وای بۆدەچیٚ کە پیٚویستە بە سەرتیدا سەپاندووە , بۆیە ناتوانیت هیچ جۆرە سوودیٚکی لیٚدەسگیر بخەیت.

## 9

## میرایەتی‌یە میللی‌یەکان

ئیستا دیٚینە سەر ئەو حالّەتەی کە هاوولاّتی‌یەك ونەك لەریٚگەی پیاو کوژی و خراپەکاری‌یەکی بیٚ شومارەوە بەلّکوو بەهۆی پشتگرتنی لەلایەن برا هاوولاّتی‌یەکانی‌یەوە بە پلەی میرایەتی دەگا . ئەو حالّەتە پیٚ یدەوتریٚ ( میرایەتی‌ی میللی) .جا مرۆڤ بۆ گویشتن بەم پایەیە نابیٚ سەروبەر پشت بە لیٚهاتوویی و بەبەخت ببەستیٚ, بەلّکوو پیٚویستە پتر پشت بە فیٚلبازی ببەستیٚ و ئینجا بەختیش دەبیٚتە یاریدەدەری .هەروەها گەیشتن بەم پایەیە لەریٚگەی خواستی جەماوەرەوە دەبیٚ , یا لەئەنجامی پشتگیرە کردنەوە لەلایەن سەردارانەوە کە ئەم دوو دەستە دژ بە یەکە لە هەموو شاریٚکدا هەن . دژایەتی‌یەکەشیان لەوەوە دیٚ کە جەماوەر حەز دەکەن لە چنگ دەسەلاّتی گەورەپیاوان رزگاریان ببیٚ وگەورەپیاوانیش حەز دەکەن بەسەر جەماوەردا دەسەلاّتدار وحوکمڕان بن لەو بەیەکدادانی سوودو مەسلّەحەتەدا ,یەکیٚك لەم سیٚ ئەنجامەپەیدا دەبیٚ : یا دروستبوونی حکوومەتیٚکی دکتاتۆری , یا حکوومەتیٚکی سەربەست و یاخود حکوومەتیٚك کە هەم کۆت وپیٚوەند دەسەپیٚنیٚو هەم بوارو دەرفەت دەدا ئینجا حکوومەتی یەکەمیان یا لەگەلّ پیٚك دیٚ یا لە سەرداران و پیٚکهاتنەکەشی بەندی ئەو فرسەتە ناکۆیی‌یانەدەبیٚ کە بۆ هەریەکە لەدوو دەستەدژ بە یەکەکە هەلّدەکەون. چونکەوەختیٚ سەرداران لە بەربەرەکانی کردن لەگەلّ گەلدا هەست بە دەستەوستانی دەکەن , لە هەلّداندا بە شان وشکۆی یەکیٚك لە خۆیان ولە بەرزکردنەوەیدا بۆ پلەی میرایەتی یەدەگرن ,بۆئەوەی لەژیٚر سایەی دەسەلاّتی ئەودا ,بتوانن ئیرادەی خۆیان بسەپیٚنن و نەخشە وپلانەکانیان بەدی بیٚنن .هەروەها لەولای تریشەوە , وەختیٚ گەل لەبەربەرەکانی کردن لەگەلّ سەرداراندا وخۆی بە دەستەوەستان دەبینیٚ , هەولّدەدا میریٚکی ئەوتۆ بخولّقیٚنیٚ و بە شان و با هوویدا هەلّبدا کە لەژیٚر سایەی دەستەلاّتیدا هەست بە دالّدەداروی بکا . بەلاّم ئەو میرەی بەیاریدەی سەرداران بە پایەی میرایەتی دەگا ، بۆ پاریٚزگاری کردن لە میرایەتی یەکەی زیاتر تووشی زەحمەتی دیٚ وەك لەو میرەی‌لە ریٚگەی گەلەوە دەیگاتیٚ لەبەر ئەوەی یەکەمیان کۆمەلّە سەرداریٚك دەورەی دەدەن کە خۆیان بە هاوشانی دادەنیٚن و بەوە لەو توانایە دەکەویٚ کە بەپیٚی حەزو ئارەزوی خۆی فەرمانرەوایی بکاو گەل بەریٚوەبەری . لە کاتیٚکدا ئەوەی گەل دەیگەیەنیٚتە پلەی سەرکردایەتی

کردن ، خۆی بەتاك و تەنیاو بێ هاوشان دەبینێ و لە ژمارەیەکی کەم بەولاوە کـەس بەربـەرەکانێی لەگەڵ دا ناکا .سەرباری ئەمە قەت نـاکرێ سـەرداران بـە گرتنـی ڕێگـای دادپـەروەری و ئازارنـەدانی خەڵکی رازی ببن و بێنە ژێر بار لە کاتێکدا رازی کردنی جەماوەری گەل بە گرتنی ئەم ڕێگایە ئاسانە ، چونکە ئامانجەکانی گەل پاك و بێگەردترن لە ئامانجەکانی سەرداران ئەمانە دەیانەوێ زوڵـم بکـەن و ئەوان تەنیا هێندیان مەبەستە خۆیان لەم زوڵم و زۆربپارێزن . لێـرە پێویستەئەوەش بڵـێین کـە مـیر ناتوانـێ خـۆی لـە گـەلێکی بـە ژمـارە زۆری رق لا هـەڵگرتوو بپـارێزێ ، بـەڵام دەتوانـێ خـۆی لـە دوژمنایەتی ی سەردارانێکی بەژمارە کەم بپارێزێ . هـەروەها خـراپترین شـت کـە دەشـێ میرێـك لـە گەلێکی رق هەڵگرتووی چاوەروان بکا ، دەسبەردانێتی لە میرەکەی ، لە کاتێکدا ئەوەی کە دەبێ لە سەرداره رق هەڵگرتوەکانی چاوەروان بکا ، تەنیا دەسبەرداربوون نابـێ ، بـەڵکو و بریتـی دەبـێ لـە بەربەرەکانی کردنێکی توندو تیژو کاریگـەریش . جـا لەبـەر ئـەوەی کـە ئـەمان لـە جـەماوەری گـەل دووربین ترن ، هەردەم بۆ خۆرزگارکردن لـە سـەرپێن و بۆچـوونەپاڵ ئـەو دوژمنـەی چـاوەروانی زاڵ بوونی لێ دەکەن ، ئامادەن وەکی تر مـیر بـەبێ گـەل ناتوانـێ بـژی . بـەڵام دەتوانـێ بـەبێ تـەنینی دەوری خۆی بە سەرداران بژی ، چونکە بۆی هەیـە لەهەروەختێکدا بیـەوەێ ، سـیفەتی سـەرداریان پێببەخشێ و لێشیانیبسێنێتەوە ، هەروەکو بۆی هەیە بە ئارەزووی خۆی پلـەو پایـەیان بـەرزو نـزم بکاتەوە . جا بۆ زیاتر رۆشن کردنەوەی ئەم بەشە لێدوانەکەم ، دەمەوێ بڵێم : ئەرکی سەرشانی میر وا پێویسـت دەکـا کـە بەیـەکێك لـەدوو شـێوەی مامەلـە لەگـەڵ سـەرداراندا بکـا : یەکـەمیان بـە بـەرێوەبردنیان بـە جۆرێـك کـە پشـت بەسـتنی تـەواویان بـە لوتـف و سـۆزی مـیر مسـۆگەر بکـا . دووەمیشیان کە بەم شێوەیە بەڕێوەنەبرێت ئینجا تۆ دەبێ ئەو کەسانەت خـۆش بـووێ و رێزیـان لێ بنێیت کە بەبێ هیچ تەماعێك پابەندت دەبن . بەڵام ئەوانەی خۆیانـت لێ بـەدوور دەگـرن ، دەبـێ بـە دوو شێوەی جیاواز تێیان بروانین : هەندێکیان ترسنۆکی و بێ ورەیی پاڵیان پێوە دەنێ بـۆ گرتنـی ئەم جۆرە هەڵوێستە و لەم حاڵەتـەدا تـۆ دەبـێ سـوود لـەو بابەتـە کەسـانە ببینیـت و راوێـژیان پـێ بکەیت و بیروڕایان وەربگریت کە بەمە ئەوانیش لە لای خۆیانەوە لە رۆژانی خۆشیدا ریزت لێ دەنێن و لە حاڵەتی تووشی و تەنگانەشدا هیچ ترسێکت لێیان نابێ لە کاتێکدا ئەگەر خۆبەدوورگرتنەکەیان بە هۆی نیازو مەبەست و تەماعی تایبەتییانەوە بێ ئەوا دەبێتە بەڵگەی زیاتر بیرکردنەوەیان لە خۆیان وەك لە تۆ . بۆیە میر دەبی لە ئاستی ئەم بابەتـە کەسـانەدا وریـا بـێ و وەك دوژمنێکـی نهێنـی تـێ یانبروانێ و ئەوەیان لێ چاوەروان بکا کـە هـەر هێنـدەی ئـەم تووشـی تەنگانەیـەك بـوو ، بـەبێ هـیچ گومان ئەوان هەوڵی تێکشکاندنی دەدەن . هەروەها ئەو مـیرەی بـە هەڵبـژاردن لەلایـەن گەلـەوە بـە پلەو پایەکەی دەگا ، دەبێ پارێزگاری لەو دۆستایەتییەی لەگەل گەلدا بکـا بـۆی رەخسـاوەو بزانـێ کە گەل تەنیا هێندەی دەوێ لە زۆرداری رزگاری ببێ . بەڵام ئەو میرەی لە رێگەی سەردارانەوە و بە پێچەوانەی ئیرادەی گەلەوە دەگاتە ئەو پایەیە ، دەبێ بەر لە هەموو شتێ هەوڵ بدا هەست و سۆزی

گەل بۆلای خۆیدا  رابکێشێ ئەمەش کارێکی ئاسانە ئەگەر بێت و باڵی داڵدەدانی بە سەردا بکێشێ .
ئینجا لەبەر ئەوەی خەڵکی بەتەبیعەت وەهان کە بەرامبەر بەو کەسەی چاوەڕێی خراپەیان لێکردو کەچی چاکەیان لێبینی هەست بەقەرزاریەکی گەورەدەکەن ، ئەوا ئەو گەلە وای لێدێ ئەم میرەی لاپەسند تربێ وەك لەیەکێك کە خۆی هەڵیبژاردایە . میر دەتوانێ بە خۆر شێوەی جۆراو جۆر کە بەپێی بارو زرووف دەگۆڕێن و بەندی هیچ ڕێو شوێن و یاسایەکی دەستنیشانکراو نین هەست و سۆزی گەل بەلای خۆیدا رابکێشێ بەهەرحاڵ من لەکۆتاییدا دەمەوێ بڵێم ، لەسەر هەر میرێك پێویستە کە دۆستایەتی گەلەکەی مسۆگەر بکا ئەگینا لە کاتی تەنگانەو نەهامەتیدا هیچ پەنایەك نابینێتەوە هاواری بەرێتە بەر .
بۆ نمونە ئەوەبوو (نابیس ) [58] ی میری سپارتە توانی لە رووی ئەو ئابلۆقەدانەدا خۆی رابگرێ کە سەراپای وڵاتی یۆنان بەشداری تێداکردو  لەشکرێکی سەرکەوتووی رۆ\مانەکان باریدەی ئابلۆقەدارانیاندا ، تالە ئەنجامدا وڵاتەکەی لە دەستیان پاراست و خۆیشی ئەو پایەو پلەی پێگەیشتبوو ، لە کیسی نەچوو ئەو هەرچەندە لەکاتی بەرپابوونی مەترسیەکەدا پشتی بەتەنیا چەند کەسێك لەسەرداران بەست بەڵام ئەگەر گەلەکەی دوژمنی بوایە چەند کەسەکە نەیاندەتوانی بە فریای بکەون . بێگومان من لێم خۆش نایەت هیچ مرۆڤێك هەبێ ، بێت بە پێچەوانەی ئەم رایەی منەوە ، پەیرەوی ئەم قسە پووچەبکا کە دەڵێ: ( ئەوەی لەسەر شانی گەل بینا دەکا ، لەوە دەچێ کەلە سەر بناغەیەکی قورینی فەشەل بیکا ). رەنگە ئەم قسەیەبۆ هاوڵاتیەکی ئاسایی راست بێ کە دەیەوێ پشت بەستن بەگەل لە زوڵم و زۆری دوژمنانی یا حاکمەکانی (قطاة) رزگاری بکا چونکە ئەو هاوڵاتیە هەرزوو بە خۆی دەزانێ کە چۆن گشت خەونەکانی پووچ دەبنەوە کت و مت وەك بەسەر فراشی لە رۆماو جیۆرجیۆ سکالی لە فلۆرنسادا هات . بەڵام ئەگەر ئەو هاوڵاتییەی نەخشەی خۆی لەسەر هەمان بنچینە دادەنێ ، میرێکی ئەوتۆبوو کە فەرمانرەوایی کردنی لە باردا هەبێ و فەرماندەو ئازا بێ و لەکاتی تەنگانەدا نەترسێو پێویستییەکانی تری خۆئامادەکردنیش نەخاتە پشت گوێو بەو ئازایەتی و چست و چالاکییەی جەماوەری گەل ببزوێنی و رایچەنێنێ ئەوا ئەم میرە پشت بەستن بە گەلەکەی هەڵ خەڵەتاو نابێو بۆیشی  دەردەکەوێ کە نەخشەکانی خۆی لەسەر بناغەیەکی پتەودارشتوە .
دەشێ ئەم جۆرە میرایەتیيە ,ئەگەر میرەکەی لە فەرمانڕەوایی کردنێکی میللی یانەوە لابداتە سەر باری فەرمانڕەوایی کردنێکی زۆردارانە وئیتر سا راستەوخۆ بێیا لە رێگەی چەند حاکمێکی ترەوە بێ ,بکەوێتە بەر مەترسیەوە. بەتایبەتی لەحاڵەتی دووەمیاندا کە گومان تێدا نییە وەزعی میرەکە تەواو لاواز دەبێ و لەتێداچوون نزیك دەبێتەوە, چونکە دەکەوێتە بەر رەحمەتی ئەو هاووڵاتیيانەی کردوونی بە حاکم و لە کاتی تەنگانەدا زۆر بە ئاسانی دەتوانن ,یا بە دژایەتی کردن لە گەڵیدا ویا لەرێگەی یاخیبوونەوە لە فەرمانەکانی ,لە میرایەتیی بخەن .جا لەم حالەتەداو لەکاتی پەیدا بوونی

ئەم مەترسییەدا , لەوەزعێكی وەهادا نابێ بتوانێ جڵەوی حوكمرانییەكی دكتاتۆرانەی بگرێتە دەست ,چونكە هاولاتییان و رەعیەتەكەی كە راهاتووی وەرگرتنی فەرمانن لە حاكمەكانییەوە ئامادەی تاعەتكردنی فەرمانەكانی ئەو نابن . هەردەمیش لە كاتی تەنگانەدا بێبەش دەبێ لە كەسانێك كە بتوانێ پشتیان پێ ببەستێ. جگە لە وەی كە ئەم جۆرە میرە ,وەختێ هاولاتییەكانی موحتاجی دەولەت دەبن ,ناتوانێ نەخشەكانی بەو پێیە دابنێ كە لە كاتی ئاشتیدا دەیبینێ , چونكە هەر مرۆڤیك لەم حالەتانەدا بە سەخاوەت بەلێن دەدا كە مردن لێی بیدوور دەبێ ئامادەیی خۆی بۆ مردن لەپێناوی میردا نیشاندەدا و كەچی لە كاتی تەنگانەداو وەختی دەولەت پێویستی بە هاوولاتییەكان دەبێ ,میر لە ژمالاەیەكی كەم بەولاوە كەسیتری دەس ناكەوی.
بێگومان ئەم تاقیكردنەوەیە گەلی پر لە مەترسییەو تەنیا یەك جاریش روودەدا بۆیە ئەگەر میر ژیر بێ , دەبێ هەولی دۆزینەوەی ئەو رێ وشوێنانە بدا كە بتوانێ لە رێگەیانەوە هاوولاتییانی والێبكا , هەردەم لە هەموو بارودۆخێكدا هەست بكەن كە پێویستییان بە حكومەتەكەی هەیە بەوە ئیتر هەمیشە دلسۆزی میرەكەیان دەبن و پشتی دەگرن.

## 10

## ئایا هێزداریی دەولەتان
## چۆن دەپێورێ؟

وەختێ لە چۆنێتی ئەم میرایەتییانە دەكۆلینەوە بە پێویستی دەزانم بایەخ بە مەسەلەیەكە تریش بدەین, كەبریتییە لەوەی ئایا میرەكە لەوەزعێكی وەهادایە بتوانی لە حالەتی پێویستیدا پاریزگاری لە خۆی بكا , یاخود بەردەوام پێویستیی بە یاریدەی كەسانیتر هەیە؟ بۆ روونكردنەوەی ئەم مەسەلەیە دەلێم: من وایادەنێم ئەوانەی لەباریاندایە پاریزگاری لە پایەوپلەی خۆیان بكەن ئەوانەن كەهەو خەلك و هەم پارەیەكی زۆریان هەیە دەتوانن لەشكرێكی باش گردبكەنەوەو لەرووی هەر پەلاماردەرێكدا خۆرابگرن. هەروەكو وایادەنێم ئەوانەی پێویستییان بە كەسانیتر دەبێ ئەوانەن كەناتوانن لە شەردا بەرامبەر بە دوژمنەكانیان خۆیان رابگرن و ناچاری كشانەوە بۆ ناو شوورەی قەلاكانیان و گرتنی هەلویستی بەرگری كردن دەبن . جا ئەوەبوو باسی حالەتی دووەم ,شتێكی ئەوتۆ نییە بوترێ تەنیا ئەوە نەبێ كە ئەم جۆرە میرە دەبێ بۆ پركردنی شارەكەی لە ئازووقەو پتەوكردنی رێوشوێنی پاریزگاری لیكردنی و خۆخەریك نەكردن بە وەزعی دیهاتەكانی دەوروپشتییەوە هان بدرێ گومانی تێدا نییە كە دوژمن لە پەلاماردانی میرێكدا كە بزانێ چۆن شارەكەی قایم پتە و دەكا و حكوومەتی رەعیەتەكەی بە باشی بەرێوە دەبا , وەك لەوەبەر شیم كردەوەو بۆ لەمەودواش باسی لێدەكەمەوە , هەردەم دوودل دەبێ , چونكە خەلكی هەمیشە رقیان لە جۆرە سەركێشیكردنێك دەبێتەوە كە چاوەروانی گیچەل و گوبەندی لێ بكەن . بۆیە هێرش بردنە سەر كەسێك كە شارەزای بەرگریكردن بێ لە شارەكەی و رەعیەتەكەشی بە خۆشەویستییەوە بە

هانایـەوە بچـن , قـەت بـە ئاسـانی نابرێتـە سـەر .بـۆ نموونـە شـارەکانی ئـەڵمانیا سەربەسـتی‌یەکی تەواویان هەیە حوکمرانێکی تری نزیکیشیان ناترسن . لە بـەر ئـەوە ئـەم شـارانە تارادەیـەکی ئـەوتۆ قایم پتەون کە ئەوەی بەویێ بە بەسەریاندا زاڵ ببێ و داگیریان بکا ، بۆی دەسەلمێنێ کەچ ئەرکێکی زەحمەت و پر لە دەردەسەری دەگرێتە ئەستۆ . ئەوە نی‌یە هەموو دەوریان بە خەندەق قەڵاو قوللە تەنراوەو پر لە تۆپ و جباخانەو ئازووقەن لە خواردن و خواردنەوەو سووتەمەنی کە بەشـی سـاڵێکی تەواوی دانیشتوانیان دەکەن و نراونەتە ناو گەنجینەگشتی‌یەکانەوە ، جگە لەمانە حکومەتەکانی ئەم شارانە بـۆ راگرتنـی دڵـی چـینە کارگـەرەکانی دانیشـتوانیان و بـێ ئەوەشـی هـیچ زیانێـك لـە کـۆڵی خەزێنەی گشتی بار بکەن ، هەردەم رێو شوێونێکی وەهایان بەدەستەوە هێشـتۆتەوە کـە بتـوانرێ بۆمـاوەی سـالێکی‌تەواو لـەو جـۆرە کارانـەدا بیانخەنـە گـەر کـەژیانی شـارەکەو شـادەمارەکانی پێکدەهێنن و لەو پیشەسازیانەشدا کە کۆمەڵانی خـەڵکی ئـەو چـینانە لـە سـەری دەژیـن . هـەروەها بەردەوام مەشقی سەربازیان بەپـێی سیستەمێکی‌رێك و پێکی باڵا تێدا دەکـرێ و ئـەو پەیرەوانەشـی کە ئەو مەشق کردنەیان پێدەپارێزێ ، هەر لەگەردان و رەچاو دەکرێن .

بەم پێیە هیچ مرڤێك لە توانایدا نابێ هێرش بەرێتە سەر میرێك کەهەم خاوەنی شارێکی قایم و پیتەو بێ و هەم خۆیشی نەخستبێتە بەر رق و کینەی رەعیەتەوە . سـائیتر ئـەم مەرجانـە بـۆ هـەر میرێـك هەڵبکەون ، ئەوا پەلاماردەرەکەی ناچار دەبێ بە سەر شۆری‌یەوە بکێشـیتەوە دواوە . چـونکە هـیچ شتێك بەردەوام نابێ و ستەمە هیچ پەلاماردەرێك بتوانێ بۆ ماوەی سالکی رەبەق شارێك ئابلۆقە بـدا ، بەبێ ئەوەی هێزە ئابلۆقەدەرەکانی هیچیان پێ بکردێ . من دەمەوێ وەرامی ئەوانە بدەمـەوە کـە دەڵێن : گەل کە ئابلۆقە دەدرێ و دەبینێ ئەو ملك وماڵەی‌لە دەرەوەی شاردا هەیەتی دەسوتێنرێ و لـەناو دەچـێ ئـارامی لەبـەر دەبـرێ یـا درێژبوونـەوەی مـاوەی ئابلۆقەدانەکـە و سـوودوبەرژەوەندی تایبەتیان وایان لێ دەکا میر فەرامۆش بکەن ، وەرامیان وادەدەمەوە کە میری ئازاو بـەهێز هـەردەم بە بەرز کردنەوەی ورەی‌رەعیەتەکەی بەسەرێك و دڵنیا کردنیان بە سەرێکی تر لەوەی کە ئـەو مـەتر سی‌و شەرخواهی یە ، درێژە ناکێشێت و ترساندنیان بە درندەیـەتی و دڵرەقـی ی دوژمـن و لەگەلیـدا هەمیشـە پشـت بەسـتن بـەو کەسـانەی ئـەو پـەری ئـازایی نیشـاندەدەن ، بەسـەر ئـەو جـۆرە گـیرو گرفتانەدا زاڵ دەبێ . جگە لەمە دوژمن بە شێ‌,ەیـەکی ئاسـایی هـەر لـە یەکـەم سـاتەوە کەدەگاتـە گونـدەکانی دەوروپشـتی شـارەکەو وەختـێ کەهێشـتا بـیرو هۆشـی دانیشـتوانی لـە ژێـر تـەوژمی سەرگەرمی و پەرۆشیدان بۆ پارێزگاری کردن لە خۆیان ، پەنا دەباتە بەر سووتاندن وتالانکردنی ئەو گوندانە لەبەر ئەوە ئەم لایەنـە مـیر ناتۆقێنـێ چـونکە دوای تێپـەر بـوونی وەخـت و خـاو بوونـەوەی سەرگەرمیەکەی ، وا دەکەوێتەوە کە زەرەرو زیانەکە کـەوتوەو براوەتـەوە شـەرەکە قـەوماوەو هـیچ چارەسەرێك بەدەسـتەوە نـەماوە کـە ئەمـە زیـاتر هانیـان دەدا بـۆ یکگـرتن لـە گـەڵ میرەکەیانـدا ،

بەتایبەتی کە ئەمیش لە ئەنجامی سووتاندنی خانوەکانیان و خاپوورکردنی مولکەکالنیاندا لە پێناو پارێزگاری کردندا لەم ، زیاتر هەست بە ئەرکی سەرشانی خۆی بەرامبەر بەوان دەکا .
ئادەمیزادان تەبعەتیان وەهایە کە پەیوەندی لەنێوانیاندا بەندی ئەو سوودو بەرژەوەندیە کەلەگەڵ یەکتردا ئاڵو گۆری دەکەن ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەمیر زیرەك و وریا ، دوای کۆلینەوەی لە مەسەلەکە بە هەموو بارێکدا و دوای مسۆگەرکردنی گشت پێویستیەکانی بەرگری کردن هیچ زەحمەتیەك لە راگیرکردنی رادەی ئازایەتیی رەعیەتەکەیدا چ لە کاتی دەس پێکردنی ئابلۆقەدانەکەوە چ لە رۆژانیدا ، نابینێ .

## 11
## میراتییەکانی سەر بە کلێسە

ماوەتە سەر ئەوەی باسێکی میرایەتییەکانی سەر بە کلێسە بکەین, بەتایبەتی لەو رووەوەی کەپێش داگیرکردنیان گۆبەند و گێچەڵیان تێدا روودەدا. داگیرکردنی ئەم میرایەتییانە یا لە رێگای لێهاتوویییەوە دەبێ یاخۆد بەخت .بەلام هێشتنەوەیان لە ژێر دەستدا بەم دوو هۆیە ساز نابێ, چونکە بەندی گەلێ نەریتی ئایینیی کۆنی هێندەبەهێزە کاریگەرن کە میرەکانیان هەر جۆرە رێبازێکیان گرتبێتە بەر و هەرچۆنێك لە چیاندا پەیرەوی بکەن , دەسەلاتیان لە چنگدا هەر بۆ دەهێڵنەوە.بۆیە تەنیا ئەم میرانەن خاوەنی جۆرەدەولەتێکی ئەوتۆن کە پێویستییان بە بەرگری لێکردنی نییەو جۆرە رەعیەتێکیشیان هەن کە حوکمڕانییان ناکەن .واتە ئیگەر چی لەتوانا و دەسەلاتی بەرگری کردن بێبەشن , کەچی دەولەتەکانیان لێ زەوت ناکرێ. هەروەکوو رەعیەتەکانیشیان ,ئەگەرچی هەست بە حوکمڕانیکردنیان ناکەن, بەلام پێیان ناخۆش نییە وبیری لێ ناکەنەوەو یا ئەگەر بیریشی لێ بکەنەوە ,ناتوانن خۆیان لە میرەکانیان دابڕ بکەن . کەوابێ تەنیا ئەم جۆرە میرایەتییانە لە ئەمن و ئاسایشدان و بەختیارن جا لە بەر ئەوەی کۆڵەی بوونیان بەندی هۆیەکی پیرۆزی ئەوتۆیە کە ئەقلی ئادەمیزاد نایگاتێ ,من خۆم لە باسکردنی دەپارێزم ,چونکە مادامەکی خودا خۆی سەر بلندیان دەکا و دەیانپارێزێ ,باسکردنی دەبێتە کارێکی گەوجانەی بێبایەخ .لەگەڵ ئەوەشدا رەنگە یەکێك لێم بپرسێ: ئایا کلێسە چۆن توانیوێتی بەم هێزە ( زەمەنی)یە مەزنەی بگا , لە کاتێکدا سەرکردەئیتالیایەکانی پێش سەردەمی پاپا ئەلیکساندەری شەشەم , بەهێزدارو بێ هێزیانەوە کە بریتیبوون لە چەندین سەردارو سەروەر,چەندە پایەنزمیش بووبن ,لە رووی دەسەلاتی زەمەنییەوە بە چاویبایەخەوەسەیریان نەدەکرد,کەچی ئیستا بۆتە خاوەنی ئەو توانایەی کە پادشای فەرەنسا بتۆقێنێ ناچاری بکا لە ئیتالیا بچێتە دەری ,هەروەها ڤینیسیاییەکانیش تێشبشکێنێ و پەراگەندەیان بکا . جا هەرچەندە وەلامی ئەم پرسیارە لای هەمووان چاك ئاشکرایە ,بەلام بە باوەڕی من دووپات کردنەوەو بە بیرهێنانەوەی کارێکی پێویستە.

ئیتالیا,پێش هاتنی ( شارل) یپادشای فەرەنسا , لەلایەن پاپاو ڤینیسیاییەکان و پادشای ناپۆلی و دۆقی میلان و فلۆرنساییەکانەوە حوکمڕانی دەکرا .ئەم سەرکردانەش دەبوو بایەخ بە دوو مەسەلە بدەن . یەکەمیان : نەیەڵن بیگانە بەزەبری چەك بێتە ناو ئیتالیاوە دووەمیشیان : ماوە بە هیچ کام لەو حکوومەتانەی هەن نەدەن سنووریخۆی فراوان بکا ودەبوولەم رووەوەبە شێوەیەکی تایبەتی ,چاودێریی پاپاو ڤینیسیاییەکان بکرێ. بگرە بۆ جڵەوگیرکردنی ڤینیسیاییەکان وای پێویست کرد کە گشت سەرکردەکانی تریبنە هاوپەیمان ,وەك لەپارێزگاری لێکردن فیرارادا رووی‌دا. هەروەها بۆ جڵەوگیرکردنی پاپا, دەبوو سەردارانی رۆما بخرێنە کار .ئەم سەردارانەش بە سەر دوو حیزبدا دابەش بووبوون. حیزبی ئۆرسینی وحیزبی کۆلۆنا . جا لەبەر ئەوەی ئەم دوو بەرەیە بەردەوام بە گژیەکدا دەچوون و هەمیشە بەبەرچاوو گوێی پاپاوە لە حاڵەتی ئامادەبووندا بوون بۆ شەڕکردن , توانییان پاپایەتی بە دەستەوستانی و لاوازی بهێڵنەوە .خۆ هەرچەندە جارناجارێك پاپای بەهێزودەسەڵاتداری وەك پاپا سیکستۆس (59) پەیدا دەبوون,بەڵام ئەو بەهێزی وخۆشبەختی‌یەیان ,قەت نەیدەگەیاندنە توانای رزگاریکردنیان لەو وەزعەیان . رەنگیشە تەمەن کورتیی ماوەی پاپایەتیی پاپاکان خۆیان بووبێتە هۆ , چونکە لە ماوەی دەساڵدا کە ئەمە بە گشتی تەمەنی پاپای پاپاکانە ، لەسەر پێ شۆرش کردنی هەریەکێ لەو دوو دەستە دوژمن بەیەکەدا ، زەحمەتێکی زۆری تووش دەبوو ، یا یەکێك لە پاپاکان لەو ماوەی ژیانیدا بە راستی بیتوانیایە سەر بە حیزبی کۆلۆنا شۆر بکا لەوانەبوو پاپای نوێ کە جێگەی دەگرتەوە دوژمنی حیزبی ئۆرسینی بیو ئەوە دەبووە هۆی سەرهەڵداوەی حیزبی کۆلۆنا ، بێئەوەی هێندەی وەخت بە دەستەوە هەبێ کە بتوانێ حیزبە دوژمنەکەی تێدا ببەزێنێ .

سا ئەمە بوو وای لە ئیتالیادەکرد رێز لەو دەستەڵاتە زەمەنی یە نەنێ کە پاپا هەیبوو ، بەڵام پاپا ئەلیکسەندەری شەشەم ، بە پێچەوانەی هەموو پاپاکانی پێش خۆیەوە کە چووبوونە سەر تەختی پاپایەتی ، بە بەکارهێنانی هەم ماڵ و موڵك و هەم هێز ، توانی ئەو رێگایە بدۆزێتەوە کەبەهۆیەوە سوود لەو دەستەڵاتە ببینێ بۆ ئەمەش دۆق ڤالینتینی کوری کردە داردەستی خۆی ، لە گەڵ قوستنەوەی فرسەتی هێرشەکەی فەرەنساداو ئیتر ئەوەی کرد کە کردی ، وەك لەوەبەر لە باسکردنی کردارەکانی دۆقدا لێیدوام . جا هەرچەندە ئەو ئامانجی مەزن کردنی دۆق بوو نەك کڵێسە ، دۆق بووە میراتگری کۆششەکەی . دوای ئەوە ئیتر پاپا یۆلیۆس (60) هاتە سەر حازری و کە روانی وا کڵێسە بە هێزەو گشت رۆمانای لە ژێر چەنگدایە و هەموو سەردارانی رۆماش ملیان بۆ کەچ کردوە ، چونکە لە سایەی دڵرەقیو جەربەزەیی ئەلیکساندەرەوە هەردوو حیزبە دژبە یەکەکە لەناو برابوون ، سەرنجی دا رێگا لەبەر دەمدا بۆ کۆکردنەوەی سەروەت و سامان بە جۆرێك بۆ خۆش کراوە کە رێوشوێنەکانی لە پێش سەردەمی ئەلیکساندەردا قەت بەکارنەهێنرابوون . بگرە بە پەیرەوکردنی ئەو رێوشوێنانەشەوە نەوەستا ، بەڵکوو پەرەوی پێدان و لێی زیادکردن و بریاریدا دەست بە سەر

کۆلۆنادا بگرێ و سەر بە ڤینیسیاییەکان شۆر بکاو فەرەنساییەکانیش لە ئیتالیا دەرپەڕێنێتە دەرەوە کە لە ئەنجامدا لە جی بەجی کردنی هەموو ئەم نەخشانەیدا سەرکەوتنی بەدی هێنا .بێگومان ئەو لەمەدا جێگەی ستایش کردنە ، چونکە بۆ پەرەپێدانی هێزی کلێسە ، نەك هێزی تاکە مرۆڤێك ، چی لەتوانا دابوو کردی . هەروەکووەختی بووبە پاپا ، حیزبی ئۆرسینی کۆلۆنای چۆن دی ، هەر لە سەر ئەو بارە هێشتنیەوە بەڵێ چەند سەرکردەیەکی تامەزۆری گۆرینی وەزعەکە لە دوو حیزبەکەوە سەریان هەڵدا ، بەڵام دوو هۆ لە بزووتنی دەخستن و وای لێدەکردن هێمن دانیشن : یەکەمیان مەزنی ی کلێسە کە هەردوو لا لێیدەترسان : دووەمیان نەبوونی هیچ کاردینالێك لە ناویاندا کە هەردەم ئەوان دەبوونە هۆی بەرپاکردنی دژایەتی لە نێوان دوو حیزبەکەدا و نەیاندەهێشت هێمنی و ئاشتیيان لە بەیندا هەبێ ، چونکە هەر لایەنە لە لای خۆیەوە حیزبەکەی خۆیلە ناو رۆما و لە دەرەوەیدا بە گژ ئەوەکەیتردا دەکردو بە دوایدا سەردارەکانی هەردوو حیزبەکەش ناچار دەبوون پارێزگاریان لێ بکەن ، بەم جۆرە هەڵپەکاریی کاردینالەکان ، دەبووە هۆی دژایەتی و شەڕو شۆر لە نێوان سەردارەکاندا . ئینجا کە پایەپیرۆز پاپا لێوی دەیەم بوو بە پاپا کلێسەی لە بارودۆخێکی هێجگار بتەودا دی هیواش وایە لەسایەی دڵپاکی و چاکەپەروەری یە بێ سنوورەکەیەوە ئەوەی پاپاکانە پێش خۆی بە زەبری چەك دەستیان دایە ، بیناتەسەرو تەواو کەری بێ و پاپایەتی بکاتە هێزێکی مەزنی بە شان و شکۆ .

## 12

### شێوەجۆراوجۆرەکانی سەربازی ئیختیاری و سەربازی بەکرێگیراو

دوای ئەوەی بە دووردرێژی لەو سیفەتانە دووام کە دەبێ لەومیرایەتیيانەدا هەبن کە کردوومن بەباسی لێکۆڵینەوەکەم ودوای روونکردنەوەی کەمێکیش لە هۆیەکانی پێشکەوتن یا ژێرکەوتنیان وئەو رێو شوێنانەی زۆر کەس بۆ دەسگیرخستنی ئەم جۆرە دەوڵەتانە گرتیاننەبەر ,خۆم بەناچار دەبینم بە گشتی باسێکی ئەو رێوشوێنانەش بکەم کە دەشێ چ لەبەرگری کردن و چ لە هێرش بردندا بەکاربهێنرێن . ئێوە وەك دەزانن من لەوەبەر پێم لەسەر ئەوە داگرت کە میر پێویستەبنچینەبۆ خۆی چاکدابڕێژی, دەنا چارەنووسی بە بێگومان روو لە هەرس هێنان و کاول بوون دەکا . خۆ رەنگە باشترین بنچینە بۆ گشت دەوڵەتان , لە کۆن و لەنوێ ولە تێکەڵ لە هەردووکیان , بوونیياسای رێك وچەکیکاریگەربێ , یاساش لەو شوێنەدا هەیە کە چەکی بەهێزی تێدایە.لەبەر ئەوە من لێرەدا لە یاسا نادوێم , بەڵکوو باسم تەنیا لەچەك دەبێ .من دەمەوێ بڵێم :ئەو هێزە چەکدارەی میر بۆ پارێزگاری کردن لەمیرایەتیيەکەی خۆی پشتی پێدەبەستێ,یا تایبەتی هی خۆیدەبێ یا بەکرێگیراو ,یاخود یاریدەدەر و یا تێکەڵ بە کرێگیراو و یاریدەدەر هێزێکی بێکەڵکن وبگرە بوونیان مەترسیی تیدایە وئەو میرەی بۆ راگیرکردنی دەوڵەتەکەی پشتیان پێدەبەستێ قەت سەرسووك و دڵنیانابێ .چونکە ئەم هێزانە بە زۆری بەش بەش وتەماعکار دەبن ,

مانای رێکی نازانن چییه وگفت وبەڵێن ناپارێزن , لەرووی دۆستاندا خۆیان بە ئازانیشاندەر بەرامبەر بە دوژمنان ترسنۆکن لە خواناترسن ولەگەڵ خەڵکیدا بێویژدانن . ئەو میرەی پشت بەم جۆرە هێزە دەبەستێ ,رەنگە تێکشکانە مسۆگەرەکەی بە دواخستنی ئەو هێرشە دوا بکەوێ کە بەرێوەیە بکرێتە سەری . بەم جۆرە ئەو میرە لە رۆژانی ئاشتیدا دەکەوێتە بەر گێچەڵی راووڕووت کردنی سەربازە بەکرێگیراو دڵسۆزییان بە لاوەنییەو لەو مووچە کەمە زیاتر کە وەریدەگرن و کە زۆر لەوەکەمترە بۆ قوربانیدان بە گیانی خۆیان لەپێناوتدا هانیان بدا ,هیچ هاندەرێکی تری خۆشویستنی تۆیان لەدڵدانییە کە پاڵیان پێوە بنێ بۆ خۆراگرتن لە کۆری شەردا .ئەوان بە درێژایی ماوەی شەر هەڵنەگیرساندنت و هاوبەشی نەکردنت لە جەنگدا , تەواو ئامادەن سەربازت بن. بەلام هەر هێندەی جەنگ هاتەکایەوە,ئیتر هەڵدێن یا هەر لە بنەرەتەوە شەر ناکەن .بەپێویستی نازانم نموونە بهێنمەوە ,چونکە ئەو کاولکارییەی بەسەر ئیتالیادا هات هەتا ئیستاش دەیبینین وئەنجامی یەك شتەکە ,ئەویش پشتبەستنە بۆ سالانێکی دوورو درێژ بە لەشکری بەکری گیراو .گومان لەوەدانییە ئەم لەشکرانەیاریدەی هەندە کەسێکیان بۆ گەیشتنە سەر دەزگای حوکمڕانی کردن داوەو لە بەراوردکردنیاندا یەك لەگەڵیەکتردا ئازایەتیی چاکیشیان نواندوە .بەلام هەر هێندەی بیگانەیەکی داگیر کەر شالاوی هێنابێ . ئەمان خێرا بێکەڵکیی خۆیانیان سەلماندوە .هەر بەم شێوەیەش بوو کە پادشا شارلی فەرەنسایی هەلی داگیرکردنی ئیتالیای بەبێ بەرگری کردن بۆ هەڵکەوتە .جا هەرکەسێك ئەمە دەداتە پاڵ خراپەکاریی خۆمان .هەق دەڵێ وراست دەکا .بەلام خراپەکارییەکە بەو بارەدا نییە کە ئەوان بۆی دەچن .بەڵکوو بەم بارەدایە کە من گێرامەوەو لەبەر ئەوەشی لەسەر دەستیمیرەکان خۆیاندا رووی‌دا .ئەوەتا هەر خۆشیان سزای خراپەکارییەکە دەنۆشن.

ئیستا من بە دووروردرێژی خەوشەکانی ئەم جۆرە لەشکرەروون دەکەمەوە. جارێ سەرکردەکانیان یا لەوپەری لێهاتووییدا دەبن یا ئوم پەری دەستەوستانی . جا ئەگەر بەراستیی لەلێهاتوەکان بن ئەوا تۆ ناتوانیت پشتیان پێ ببەستیت ، چونکە هەردەم یا لە رێگەی تەنگ هەڵچنین بە تۆی سەرروەریانەوە یا لەرێگەی چەوساندنەوەی کەسانیترەوە ئەنجامی یاخی بوون لە فەرمانەکانت ، چاو دەبرنە بەدی هێنانی سەربەرزی خۆیان . یا ئەگەر سەرکردەکەدەستەوەستان بوو ئەوا دەبێتە هۆی راستەوخۆی ماڵوێرانیت خۆ ئەگەر یەکێك بێت و لە بەر پەرچدانەوەی قسەکەمدا بڵێ :ئەمە چارەنووسی بەبڵابراوی هەر کەسێکە خاوەنی هێزی چەکداری نا چ بەکرێگیراوبێ ، منیش دەڵێم : لەشکر بەشێوەیەکی ئاسایی ، و یامیرێك بەکاری دێنێ یا حکومەتێکی جەمهوری . ئەگەرمیر بێ ئەوا دەبێ خۆت سەرکردایەتی بکا . ئەگەر جەمهوری یەتیش بێ ئەوا دەبێ یەکێلە هاولاتیانی خۆی بۆ سەرکردایەتیکردنی هەڵبژێرێ ئینجا ئەگەر دەرکەوت کە بێ دەستەلاتەون هیچی لەباردانیە دەبێ هەر خێرا بگۆردرێ بەلام ئەگەر سەلماندی کە لێهاتووەوی بەکارە ، ئەوا دەبێ دەستەلاتەکانی

لەسنووری یاسادا دەست نیشان بکرێن . ئێمەو تاقیکردنەوەو فێری کردووین کە تەنیا میر کۆمارە چەکدارەکان پێشکەوتن بەدی دێنن یان لە کاتێکدا لەشکری بەکری گیراو لەزەرەربەخشین بەولاوە هیچی تری لێ بەرهەم لەو ناهێنرێ . هەروەکو و فێری کردووین کە کۆماری چەکدار کەمتر مل بۆ حکومرانی کردنی بوو تاکە کەسێك لە هاوولاتی‌یانی دەدا وەك لەو کۆمارەی پشت بە لەشکری بێگانەدەبەستێ .

بۆ منونە رۆما سپارتە بۆ ماوەی چەند سەدەیەك بە سەربەستی ژیان و خاوەنی لەشکری بەهێزی خۆیان بوون هەروەها لە ئێستادا شارەکانی سویسرا کە بە باشی پرچەك کراون . سەربەستی یەکی زۆریان هەیە بەلام رەنگە چاکترین نمونە کە لە سەر هێزی بەکرێ‌گیراوی بهێنێتەوە ئەوەی لە کرتاجەی روودا کە چۆن سەربازە بەکرێ گیراوەکان ، دوایکۆتایی هاتنی شەری یەکەم [62] لەگەلّ رۆمەکاندا و هەر چەندە کرتاجی‌یەکیش سەرکردایەتی‌دەکرد ، کەوتنە ئازاردان و چەوساندنەوەی خەلّکەکەی یا لە یۆنان خەلّکی تیبە دوای مردنی ئیبامینۆنداس [63] فیلیپی مەکدۆنایی‌یان بۆ سەرکردایەتی کردنی هێزە سەربازیەکانی خۆیان هەلّبژاردو بەلام هەر دوای بەدی هێنانی یەکەم سەرکەوتنی لەو سەربەستی‌یەی هەیان بوو بێ‌بەشی کردن هەروەها خەلّکی میلان دوای مردنی دۆق فیلیپ ، فرانسیسکۆ سفۆرزایان بۆ شەرکردن لە گەلّ ڤینیسیاییەکاندا بەکرێ گرت کەچی دوای سەرکەوتنی لەشەری سیراجیفۆدا ، بۆ بەگژداچوونی خەلّکی میلان کە بەکرێ‌یان گرتبوو ، دایە پالّ ڤینیسیای‌یەکان یاخود باوکی هەر ئەم سفۆرزایە کە ئەویش سەربازێك بوو لە خزمەتی جیۆڤانای ژنەشای مەملەکەتی ناپۆلیدا بوو ، بەلام لە ناکاو پشتی لێکردو بەبێ ئەوەی هیچ هێزێکی سەربازیی بۆ بهێلّتەوە دەسبەرداری بوو کە لە ئەنجامیدا جیۆڤانا ناچار بوو خۆی بهاوێتە باوەشی پادشای ئاراگۆنەوە [64] یاخود هەرچەندە ڤینیسایی و فلۆرەنسایی یەکان لەوەبەر لە رێگەی ئەم جۆرە هێزانەوە سنووری مەملەکەتەکانی خۆیانیان فراوان کردو هەرچەندە سەرکردەکانی ئەو هێزانە میایەتی‌یەکانیان بۆ خۆیان زەوت نەکردو بگرە پارێزگاری‌یان لە میرە فەرمانرەواکانیان دەرکد . بەلام من دەلّێم : لەم رووەوە بەخت یاریدەی فلۆرەنسایی‌یەکانی دا ، چونکە ئەو سەرکردانەی دەبوو لێیان بترسن هیچ هەولێکی دەس بەسەرداگرتنی لەو بابەتەیان نەداو ئەو هەندەشی هەولّیاندا ، بە توندوتیژی بەریان لێ گیرا ، لە کاتێکدا هەندێکی تریان رووی هەلّپەکاری ی خۆیان ئاراستەی لایەکی تر کرد . بۆ نمونە سێرجۆن هۆکوود لەو سەرکردانەبوو کە هەولّی بۆ نەدا ، ئەگەر چی ساغ نەبوونەوە کە ئایا دلّسۆزی‌یەوە بوو یان نا ، چونکە سەرکەوتنی بەدی نەهێنا بەلام هەموو دان بەوەدا دەنێن کەئەگەر هەولّی بدایە دەسەلاتی خۆی بەسەر فلۆرەنسا بسەپێنێ ، ئەوا فلۆرەنسایی‌یەکان دەکەوتنە ژێررەحمەتیەوە ، یا سفۆرزا کە هەردەم لە لایەن (براکیسی‌یەکان ) ەوە بەری لێدەگیرا ، هەر ئەم بەلێگرتنە بوو کە توانی جلّو گیری بکا .

له كاتێكدا فرانسیسكۆ هەڵپەكاریی خۆی ئاراستەی لومباردیا كردو برشیۆ ئاراستەی كلێسەو مەملەكەتی ناپۆلی (64). ئێستا با بەو كارەساتانەشدا بچینەوە كە پێش ماوەیەكی كەم روویان داوە ئەوەبوو فلۆرنساییەكان پاولۆڤیتیللییان بۆ سەركردایەتیكردنی لەشكرەكەیان هەڵبژارد كە پیاوێكی دووربین و زیرەك بوو,وە كە هەر لەرێگەی ئەم دووربینی وزیرەكی یەشیەوە لەپایەوپلەیەكی ئاساییەوە گەیشتبووە بەرزترینیان .جا لەبەر ئەوەی كە پاولۆ شاری پیزای بۆ داگیركردبوون ,كەسێك نەیدەتوانی نكوولی لە پێویستیی فلۆرنساییەكان بە دۆستایەتیی ئەو بكا ,چونكە ئەگەر لای بدایەتە پاڵ دوژمنەكانیان نەیاندەتوانی لەرووی‌دا بەربەرەكانی بكەن ,یا ئەگەر بەكرێیان بگرتایە ناچار دەبوون تاعەتی بكەن .بەڵام بۆڤینیسساییەكان ئەگەر لەو پێشكەوتنە بكۆڵینەوە كەبەدیيان هێنا ,بۆمان دەردەكەوێ كە وەختێ لەشەڕەكانیاندا پشتیان بە هێزی تایبەتی خۆیان دەبەست , واتە پێش ئەوەی لەوشكانیی خاكی ئیتالیادا دەس بكەن بەجێبەجێكردنی پرۆژەكانیان, بە پتەوی و دڵنیایی و سەركەوتنەوە هەنگاویان دەنا و پشت بە سەردارەكان و گەلە چەكدارەكەی خۆیان و ئازایانە دەجەنگان . كەچی كە لەوشكانیدا كەوتنە شەركردن , وازیان لەو لایەنە چاكە هێناو دەستیان دایەوە پەیرەوكردنی شێوەو رێبازە ئیتالیاییە كۆنەكە . ئەوان لەسەرەتای نەبوو .چونكە سنووری مەملەكەتەكەیان هێشتا فراوان نەبووبوو, هەروەكوو ناوو ناوبانگیشیان لەوپەری برەویدا بوو . بەڵام دوای فراوان بوونی سنووری ,تایبەتی لە چێر سەركردایەتیی كرمانگۆلادا, ئەو هەڵەیەیان بۆ روون بووەوە كە تێكەوتبوون وهەستیان كرد كە دوای سەركەوتنی بە سەر دۆق میلاندا , بۆتە خاوەنی ئەوپەڕی هێزو دەسەڵات .ئینجا لەبەر ئەوەی دەیانزانی لەشەڕكردن لەپێناوی ئەواندا كەم تەرخەم بووە ,هاتنە سەر ئەو باوڕەی كەئیتر لەژێر سەركردایەتیی ئەودا روو لە هیچ داگیركاریی تر نەكەن ,ئەگەر چی حەزیشیان نەدەكرد یا بۆیان نەدەكرا دەستی لەكار بكێشەوە ,نەوەكوو دەسكەوتەكانیان لەكیس بچێ. تا لە ئەنجامدا سەیریان كرد باشترین رێگا بۆ رزگاربوون لە دەستی ئیعدام كردنێتی .دوای ئەو كەسابێكی وەك بارتۆلۆمبۆ دابیرگامۆ داسان سیڤیرینۆو كۆنت دی بیتیگلیانۆ سەركردایەتیی لەشكرەكانیان كردن كە ئەم نموونانە چاوەروانی زیانیان زیاتر لەقازانج لێدەكرا و ئەنجامیش هەروەها كەوتەوە ,چونكە لە ماوەی تەنیا رۆژێكدا هەموو ئەو دەسكەوتانەیان لەدەست دا كە ڤینیسیایەكان بە كۆشش و ماندووبوونی درێچایی ماوەی هەشت سەدە وبەدیيان هێنابوون : كەوابێ ئەم جۆرەهێزانە زۆر جارلە دەسگیر خستنی دەسكەوتدا سستن و بەڵام لەبەدیهێنانی زەرەرو زیاندا تا رادەی سەرسوڕمان خێرا چا بووكن .جا لەبەر ئەوەی ئەم نموونانەم لەسەر ئیتالیا یەك هێنایەوە كەلە ساڵانێكی دوورێژەوە لەلایەن سەربازانی بەكرێگیراوەوە كاری رایی دەكرێ, ئێستا وا بەفرازدوانی لێیاندەدوێم ,چونكە ئەگەر بنەچەورەگەزو شێوەی پێشكەوتنیانمان پێزانی ,ئەوسا دەتونین چارەسەری پێویست بۆ گیروگرفتەكانیان بدۆزەینەوە. تۆ دەبێ ئەوە بزانیت كە لەم سەردەمانەی دواییدا

,وەختێ دەسەلآتی ئیمپراتۆریەت لە ئیتالیا رووی لەپووکانەوە کردو پاپایەتی دەستی دایە فراوانکردنی دەسەلآتی ( زەمەنی)ی خۆی ,ئیتالیا بە سەر چەندین دەوڵەتدا دابەش بووبوو , هەر وەکو گەلێ لە شارەکانیشی بە رووی ئەو سەردارانەیاندا راپەریبوون کەدەسەلآتی خۆیان لە ئیمپراتۆرەوە وەردەگرت و کاروباریانیان گرتبووە چنگ و سەرشۆری کۆیلەیەتی‌یان کردبوون .بۆیەکلێسە ,بۆ فراوان کردنی دەسەلآتی ( زەمەنی) یخۆی , کەوتەهاندانیئەو شارە راپەریوانە کە لە هەندێکیاندا وەها کەوتەوە هاوولاتی‌یەك تیایاندا ببێتەمیر.بەم جۆرە وەختێتەواویئیتالیا کەوتە ژێر چنگی کلێسە وچەند جەمهوری‌یەتێکەوە ,چ ئایین خواهان و چ هاوولآتی‌یانی‌تر ,بە چەك هەڵگرتن رانەهاتبوون .بۆیە کووتنە بەکری‌گرتنی بیگانەو وەك سەربتز خستیاننە کار .یەکەم کەسیش کەئەم مۆدەی بەکرێگرتنەی داهێنا ,ئەلبریجۆ دا کامۆ رۆمانایی بوو کە براشێوو سفۆرزای حوکمرانانی دوایی لەئیتالیا ,دوو لەو سەربازانە بوون کەلەژێر دەستی ئەودا مەشقیان پێکراو ئینجا بە دوایاندا ,هەموو ئەوانە تا ئیستاش سەرکردایەتی‌ی لەشکرەکانی ئیتالیا دەکەن و لەئەنجامی رەشیدی وچابووکە ئەواندا (!) شارلی فەرەنسایی پەلاماری داو پێی شێلی کردو دوایش بوە نێچیرێك بۆلویس و کوتە بەر زەوروجەوری فرناندۆی ئیسپانیاییو سەرشۆری بۆ سویسراییەکانەوە ،ئەو سیستەمی سەرکردەکانی سەربازە بەکرێگیراوەکان بەرادەی یەکەم گرتیانە بەر ، بریتی بوو لە بەرزکردنەوەی بایەخی خۆیان لە رێگەی نزم کرنەوەی بایەخی سەربازە پیادەکانەوە ، ئەمەشیان بۆبە کرد چونکە خۆیان بێولآت بوون و سەرچاوەی ژیانیان تەنیا مووچەو دەست کەوتەکانیان بوو هەروەکو نەشدەکرا هێزی سەربازی‌ی خۆیان بە زیادکردنی ژمارەی سەربازی پیادە پەرە پێبدەن ، چونکە نەیاندەتوانی مووچەی ژمارەیەکی وەها زۆری سەربازان بدەن . بۆیە تەنیا سەربازی سوارەیان بەکاردەهێنا کە بە سەرێك بەژمارە کەمبوون و بە سەرێکیش رێزێکی زۆریان لێ دەنرا و مووچەیەکی زۆریشیان وەردەگرت بەم پێیە هێزەکانی خۆیانیان بە جۆرێك رێکدەخست کەلە بایەخی پیادە کەم بکەنەوە ، تەنانەت ئەو لەشکرەی ژمارەی دەگەیشتە نزیکەی بیست هەزار سەرباز ، لە دوو هەزار پیادەی بەولاوە تێدا نەدەبوو . هەروەها بۆ پاراستنی خۆیان و سەربازەکانیان لە گێچەڵ و زەحمەتیو مەترسی و لە خۆلادان لە یەکتری کوشتن لە شەردا و لە تەقەلادانی یەکتری گرتن بەدیل بە تەماعی وەرگرتنی نرخی بەرەڵلاکردنی ، چ رێو شوێنەکان بۆ بلرایە بەکاریان دەهێنا وەك ئەوەی بە شەو هێرشیان نەدەبردە سەر قەلآکان و یا قەلآنشینەکان لە تاریکەشەودا پەلاماری چادرنیشینەکانیان نەدەداو ئەمانیش لەشکر گری خۆیان ئەلبەندنەدەکرد ، با سەنگەریان بە دەوردا لێ نەدەداو هەمووش لە زستاناندا نەدەچوونە کۆری شەرەوە .بەم پێیە سیستەمە سەربازیەکانیان هەموو ئەم شتانەیان گرتبووەخۆیان و وەك وتمان لەسەریان دەرۆیشتن بۆ ئەوەی خۆیان لە گێچەڵ و مەترسی بپارێزن و بەم جۆرە لە شان و شکۆی ئیتالیایان کەم کردەوەو دووچاری کۆیلەیەتی و سەرنزمی یان کرد .

# 13

## جۆرەكانی هێزی سەربازی

## (سەربار، تێكەڵاو ، بنچینەیی )

كاتێ مرۆڤێك داوا لە دراوسێیەكی بەهێزی دەكا كە بێت بە دەنگی یەوەو بە هێزە سەربازی‌یەكانی پارێزگاری لێ بكا ، ئەو هێزە پێی دەوترێ (سەرباز —أضافي) كە لە بێكەڵكیدا لە هێزی سەربازی بەكرێگیراو دەچێ . جا پاپا یۆلیۆس لەم دوایی‌یەدا ، وەختێ سەیری كرد هێزە بەكرێگیراوەكەی لە پرۆژەی داگیركردنی فیرارادا خراپ شكستی‌ی هێنناوە ، پەنای بردە بەر هێزی سەربازو لەگەڵ فرناندۆی پادشای ئیسپانیادا خۆی رێكخست و داوای لێكرد لەشكرەكەی بۆ یاریدەدانی بنێرێ رەنگە ئەم جۆرە لەشكرە بۆ خودی خۆی‌كۆك بێ بەڵام بۆ ئەو كەسەی دەیخوازێ هەمیشە مەترسی بەخش دەبێ چونكە ئەگەر شەری دۆراند ئەوا ژێر كەوتوو تۆ دەبیت و ئەگەر سەریش كەوت ئەوا دەبیتە دیل وژێردەستەی . هەر بۆ ئەم مەبەستەش نمونەیەكی پاپا یۆلیۆسی دوەم دەگرم كە هێنامەوە و كە هێشتا تازەیە بە تازەیە بێگومان ئەو رێگای ئەو گرتیە بەر گەلێ لە وردبینییەوە دوور بوو ،لە بەر ئەوەی ئارەزووی داگیركردنی فیرا را پاڵی پێوەنا كە تەواو مل بۆ دەسەڵاتی بیگانەی داگیر كەر كەچ بكا .بەڵام تەنیا خۆشبەختی هۆیەكی سی‌یەمی بۆ خولقاند كە نەهێشت تاڵاوی ئەو سیاسەتە چەوتەی بنۆشێ. چونكە وەختێ هێزە سەربارەكەی لە راڤینادا شكێنرا, سویسرایی‌یەكان راپەرین و بە پێچەوانەی بۆ چوونەكەی خۆی وئەوانی تریشەوە, سەركەوتووەكانیان دەرپەڕاند بەوە ئەم ,هەم لەبە دیل گرتنی لەلایەن دوژمنانی‌یەوە كە هەڵاتن وهەم لەژێر دەستەیی هێزە سەربارەكەی لە سایەی چەكی خەڵكی‌ترەوە نەك چەكی خۆی سەركەوتنی بەدی هێنابوو, رزگاری بوو .یا فلورنسایی‌یەكان , لەبەر ئەوەی هێزەی سەربازی‌یان كەم بوو ,ناچار بوون بۆ پەلاماردانی پیزا ,دە هەزار سەربازی فەرەنسایی بەكرێبگرن و بەوە خۆیان خستە بەر مەترسی‌یەكی هێندە سەخت و ستەمەوە كە لەهیچ رۆژگارێكی لەوەبەری خەبات كردنیاندا تووشی نەبووبوون. یا ئیمپراتۆری كوستانتینە .بەمەبەستی بەر هەڵستی‌كردنی دراوسێكانی ,ناچار بوو دە هەزار سەربازی تورك بۆ یۆنان بنێرێ .بەڵام كە شەركۆتایی هات ,ملیان بۆ گەرانەوە نەداو بەوە یۆنان لەژێر سایەی كافرەكاندا ,بۆماوەیەكی دوورو درێژ دووچاری كۆیلەتی بوو.

یا دەشێ بەكارهێنانی ئەم جۆرە هێزە لەلایەن ئەو كەسەوەی ئارەزووی لە داگیركاری نی‌یە ,شێوە نابینایی‌یەك بێ چونكە ئەم گەلێ لەهێزی بەكرێگیراوە بە مەترسی‌ترەو زۆر جار كاولكاری‌یەكی سەراپایی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ ,لەبەر ئەوەی هێزێكی یەكگرتووەو دڵسۆزی و تاعەتكردنی بۆ كەسانێكی ترە . لەكاتێكدا هێزی بەكرێگیراو .ئەگەر هات وسەركەوتنی بەدی هێناو ئەگەر خۆشبەختی‌یشی لە تەكدا بێ هێشتا ماوەیەكی زۆری پێدەوێ تا بتوانی ئەزیەتت پێ‌بگەیەنێ ,چونكە لە لایەكەوە یەكگرتوونی‌یە ولەولای تریشەوە پەیوەندی لەگەڵ تۆدا ,لەشێوەی

بەكرێگرتندایە تۆ مووچەی دەدەیتێ. هەروەكوو ئەو كەسی سێیەمەشی كە بۆ سەركردایەتی كردنی هەڵبژاردوە. لە وزەیدا نابێ وا خێرا دەسەلاَتێكی ئەتۆ دەسگیر بخا كە بتوانێ جەزرەبەت لێبدا یابەواتایەكی تر مەترسی گەورە لەهێزی بەكرێگیراو لە ترسنۆكی وراڕایی یەكەیدایە لەشەركردندا ,لەكاتێكدا مەترسی لەهێزی سەربارلە ئازایەتی وبەجەرگی‌یەكە یدایە. بۆیە میری ئاقل خۆی لەم هێزە بەدوور دەگرێو تەنیا پشت بە هێزی تایبەتی خۆی دەبەستێ و وەهایشی بەلاوە پەسەند دەبێ كەلەئەنجامی بەكارهێنانی هێزەكەی خۆیدا شەر بدۆڕێنێ,نەك بەهێزی كەسانی‌تربیباتەوە,چونكە لەسەر ئەو باوەڕە دەبێ كە سەركەوتنێك لەسایەی هێزی بیگانەو بەدیهێنرابێ قەت ناشێ‌بە سەركەوتن دابنرێ.جا من كۆ لەوە ناكەمەوە كە بۆنموونەحیكایەتی قەیسەر بۆرجیاو كردارەكانیتان بۆبگێرمەوە .ئەم دۆقە بەهێزێكی سەرباری بیگانەكە سەرجەمی لە فەرەینسایی‌یەكان پێكهاتبوو,پەلاماری ناوچەی رۆمانای داو بەهۆی ئەم هێزەوە توانی ئیمۆلا وفۆرلی داگیربكا .بەلاّم كەهەستی كرد بوونی‌ئەم هێزە چ مەترسی یەكی بۆ دروست دەكا ,پەنای‌بردەبەر هیزی بەكرێگیراو بەوحسابەی كە پشت پێ بەستنیان ,كارێكی ئەوتۆ نی‌یە مەترسی زۆری هەبێوچوو هیزەكانی ئورسینی وڤیتیللی‌ی بەكرێ گرت .هەروەها سەرلەنۆی كە سەیری كرد ئەم هێزانەش سەركێشن و ناتوانێ لێیان دڵنیابێ وترسیان لێدەكرێ وپەرت وبلاّوی كردنەوەپشتی بەهێزێك بەست كە خۆی پێكی‌یەوە نا .گومان تێدا نی‌یە ئەگەر سەرنجێك بدەینەجیاوازی نێوان پایەوپلەی دۆق لەوەختێكدا كەپشتی بەهێزە فەرەنسایی‌یەكە و دوایش بەهێزە ئۆرسینی وڤیتیللی بەستوو ,لە گەڵ ئەووەختەدا كەپشتی‌بە خۆی وبەسەربازەكانی خۆی بەست ,بەئاسانی جیاوازی نێوان ئەوسێ جۆرە هێزەمان بۆدەردەكەوێ وچچونكە ناو ونابانگی بەدوایدا بەردەوام رووی لە پەرەسەندن كرد وكە هەموو لایەك روانی‌یان چۆن بۆتە تاكە سەردارو سەروەری‌هێزە سەربازی‌یەكانی خۆی ,ئیتر كەس نەیدەتوانی لە بەریزی و پایەبڵندیدا شان بدا لەشانی.هەرچەندە من نامەوێ لەنموونە هێنانەوەدا لەمێژووی نوێی ئیتالیا دوور بكەمەوە,بەلاّم ناتوانم هیرۆی سیراكۆزەیی فەرامۆش بكەم كە لەوەبەریش لەیەكێك لە بەشەكانی ئەم كتێبەدا دەربارەی دوام .ئەم پیاوە وەك وتم ,كرا بەسەركردەی لەشكری سیراكۆزەو هەر لەگەڵ هەڵبژاردنیشدا خیرا دەركی بەبێ كەڵكی‌ی هێزە ئیختیاری‌یەكەی خۆی كرد كە لەسەر شێوەی هێزە بەكرێگیراوە ئیتالیایی‌یەكان رێكخرابوو .ئینجا لەبەر ئەوەشی هەستی بە مەترسی‌ی هەردوو حاڵەتی هێشتنەوەی‌یا دەس پێوەنانی كردبوو ,هەڵسا ونجری كرد وئەوسا بەپشتبەستن بە لەشكرێكی خۆی نەك بە لەشكری كەسانی‌تر ,چووە كۆری شەرەوە.هەروەها حیكایەتێكی‌تر سەردەمی كۆن (تەورات) دێنمەوە كەنموونەیەكی زۆر گەشە و ئەم مەسەلەیە چاك روون دەكاتەوە. وەختێ داود [65] داوای لێ شاوول [66] كرد ماوەی بدا بچێ لەگەڵ پاڵەوانی فەلەستین جۆلیاتدا بجەنگێو شاوول بەمەبەستی هاندانی ,چەك وقەڵغانەكەی خۆی پێشكەش كرد .بەلاّم داود كەتاقی‌كردەوە ,رەتی‌كردنەوە مەعزەرەتی

ئەوەی خواست کە ناتوانێ لەشەردا بەکاریان بهێنێ و وەهای لا پەسەندتربوو کەبە قۆچەقانیو خەنجەرەکەی خۆی رووبەرووی دوژمنەکەی بوەستتەوە. بەکورتی چەکی کەسانی تر یا هیواو ئاواتت پووچ دەکاتەوە, یاشکستی دێنێ ,یا سەروو توانای خۆت بارت لەسەرشان کەڵەکە دەکاو یاخود لە کاتی شەردا لە جم وجووڵت دەخا.بۆ نموونەپدشا شارلی حەوتەمی[67] باوکی پادشا لویسی یازدەهەم ودوای ئەوەی لەسایەی خۆشبەختی وئازایەتیی خۆیەوە فەرەنسای لە دەست ئینگلیزەکان رزگار کرد ودەرکی بەوە کرد کە پێویستە شان دابداتە سەر هێزە سەربازانی تایبەتیی خۆی ولە مەملەکەتەکەیدا , سیستەمێکی بۆ سەربازگرتن و بۆ هێزی پیادە دانا .بەڵام زۆری پێ نەچوو پادشا لویسی کوری ,ئەو هێزەی پیادەیەی بلاوە پێکردو کەوتەبەکرێگرتنی جەنگاوەر سویسراییەکان کەئەمە گوناهێك بوو کردیو ئەوانیش بە دوایدا گەورە بۆ مەملەکەتەکە. چونکە ئەم بایەخدانەبە سویسراییەکان ورەی سەربازە فەرینسلییەکانی نزم کردنەوە ,بەتایبەتی دوایبلاوە پێکردنی هێزە پیادەکەیان و ناچارکردنی جەنگاوەرەکانی تریشیان بۆ چاوەڕوانکردنی یارمەتیی بیگانە کە چوو بوونە سەر فاکوفیکی ئەو باوەڕەی گوایە ئەگەر هێزە سویسراییەکانیان لەتەکدا نەبێ,ناتوانن بچنە کۆری هیچ شەرێکەوە,بەم پێیە فەرەنساییەکان وایان لێهات نەتوانن بەر لەسویسرياییەکان بگرن و بەبێ ئەوانیش هەنگاونانیان بۆ هەر بزووتنەوەیەکی سەربازی دژی لایەنەکانیتر لێببێتە کاری نەکردە .ئاوەها لەشکری فەرەنسابووە لەشکرێکی تیچکەل لەبەکرێگیراوان ولە کورکالآنی خۆی کەئەمە باشترە لەوجۆرە هێزەی کە سەراپای لەبەکرێگیراوان یا لە بیگانە پێکدێ ,بەڵام لەهەمان کاتدا لاوازترە لەهێزە نیشتمانییە رەسەنەکە .واتێدەگەم ئەو نموونەیەی هێنامەوە بەسە و دەریدەخا کە ئەگەر پەرە بەو سیستەمەسەربازیە بدرایە کە شارل دایناببوو ,یا هەر هیچ نەبێ وەك خۆی بهێڵرایەتەوە وکاری پێ بکرایە ,فەرەنسا دەبووەهێزێکی سەربازیی ئەوتۆ کەژێر کەوتنی بۆ نەبێ بەڵام کەسانی بێبەش لەحیکمەت و وردبینی ,زۆر جار دەس دەکەنە داهێنانی هەندێ شتی نۆی لە سەرەتادا چێژی لێدەبینن , کەچی لەوە بێئاگا دەبن کەبە چ ژەهرێکی کوشندە کوتایی دێ, وەك لەوەبەر لەباسی دەردە کاولکارەکاندا ئیشارەتمدا .گومانی تێدا نییەئەو میرەی ناتوانێ لەوەختی خۆیدا دەرك بەگیروگرفتەکانی ناو دەوڵەتەکەی بکا ,مرۆڤێکی بێبەشە لەمیهربانی کەرەنگە کەم کەس هەبن لەم بابەتەبن ئینجا ئەگەر لەهۆی یەکەمی نەمانی ئیمپراتۆرێتی رۆمانەکان بکۆڵینەوە ,بۆمان دەردەکەوێ کە لەئەنجامی بەکرێگرتنی سەربازە ئیختیارییە ( جووتی —قوتی)یەکانەوە[68] بوو لەلایەن رۆماوەو ئیتر لەو مێژووەوە ,هێزە مەزنیی رۆما رووی لەلاوازی کرد .چونکە جووتییەکان کەوتنەدەست بەسەرداگرتنی هەموو ئەو خێرو بەرەکەتەی کەئیمپراتۆییەتەکە بەسەر پایتەختیدا دەرژاندن. من دەمەوێ بگەمەئەو ئەنجامەی کەئەومیرەی پشت بەهێزی تایبەتی خۆی نابەستێ,قەت هەست بەدڵنیایی وسەر سەلامەتی ناکا,بەڵکوو بەپێچەوانەوە هەموو هیوایەکی دێتە سەر تەنیا پشتبەستن بە خۆشبەختی ,لەبەرئەوەی

کەلـەکاتی تـەنگ وچـەڵەمەدا ,لەریوشـوێنی راسـت ودروسـتی بـەرگری لـەخۆکردن بیبـەش دەبـێ زیپاوەنی بە حیکمەتیش هەردەم دانیان بەوەدا ناوە کەهیچ کەسێك لەو مرۆڤ لاوازتـر نـابیّ کـە بۆبـە هێزکردنی خۆی پشت بەهێزی کەسانیتر دەبەستیّ.هێـزی تایبـەتی مـرۆڤ بریتـیـە لـەو هێـزەی لـە هاووڵاتییەکانی خۆیپێکدیّ ,یا لەوانەیپشتی لەزەوی نادەن .ئیتر لەمە دابڕیکا ,گشت هێزەکانی تر یا بەکرێگیراو دەبن یا بیگانەی سەربار .خۆ ئەگەر بـەوردی لـەکردارو رەفتارەکـانی ئـەو چـوار مـیرە بکۆڵرێتـەوە کەلـەم بەشـەدا ناویـان هێنـرا ,یـا ئەگـەر لـەو رێبازانـە بکۆڵرێتـەوە کـە فیلیپـی بـاوکی ئەسـکەندەری گـەورەو سـوڵتانەکان و جمهوریەتـەکان لـە رێکخسـتنی هێزەکانیـدا پـەیرەویان کردوون,ئەوا فێربوونە چۆنێتی رێکخستنی ئەم جۆرە هێزە تایبەتیە ئاسـان دەبـێ واتێدەگـەم لـەم باسەدا پێویست بە لەوەزیاتر پەل هاوشتن ناکا وچونکە نموونەم زۆر لەسەرهێنایەوە.

## 14

## ئەرکی سەرشانی میر

## بەرامبەر بە سەربازی ئیختیاری

میر دەبیّ لە جەنگ  لە شێوەکانی و لە چۆنیەتیی هەڵسووراندنی بـەولاوە ، هـیچ ئامـانجێکی تـری نەبیّ و بیر لە هیچ شتێکی تر نەکاتەوە لێنەکۆڵێتەوە ، چونکە شـەرکر دن بـۆ ئـەو کەسـەی جڵـەوی سەرکردایەتی کردنی دەگرێتـە دەسـت ، تاقـە هونەرێکـەو پێویسـتی پـێی دەبـێ خـۆ وەنـەبیّ ئـەم سیفەتە بە کەلکی تەنیا ئەو کەسانە بێت کە بەمیری لە دایك دەبن ، بەڵکو یاریدەی کەسـانی تـریش لە کوروکاڵانی گەل بۆ گەیشتن بەپایەی میرایەتی دەدا . زۆر جار رووی داوە کە ئەو میرەی پتر بیری لـە خۆشـحاڵی و رابـواردن کردۆتـەوە وەك چـەك ، میرایـەتی یەکـەی لەدەسـت داوە . بۆیـە گومـانی تێدانیە کە پشت گویّ خستنی هونەری جەنگ ، دەبێتە هۆی سەرەکی ی فەوتاندن و لەدەست دانـی دەوڵەتان لە کاتێکدا وستایی و قالّ بوون تیایدا دەبێتە مایەی دەستگیر خستنی دەوڵەت و میرایەتی بۆنمونە فرانسیسکۆ سفۆرزا لە سایەی چەکەکەیەوە لە مرۆڤێکی ئاسایی یـەوە بـە پایـەی دۆقایـەتی گەیشت بەڵام کورەکانی لەبەر ئەوەی ویستیان خۆیان لە گێچەڵ و ئەرك و ئازاری شەر بەدوور بگـرن لە پلەی میرایەتیەوە داخزانە سەر پلەی هاوڵاتیەکی ئاسایی رەنگەیەکێك لـەو ئەنجامـە نەگریسـانەی نەدارایی لەچەکدا دەیهێنێتە کایەوە ئەوەبی کەتوشی زەلیلی و ریسوایت دەکـا و ئەمـەش لـە نرخـی مرۆڤ کەم دەکاتەوە هموو میرێك دەبیّ خـۆی لیّ بپـارێزیّ وەك لـە دواییـدا روونـی دەکەینـەوە ئینجـا لەبەر ئەوەی ناتوانریّ هیچ بەراوردێك لە نێوان مرۆڤێکی چەکدارو یەکێکی بێچەکدا بکریّ ، قەت رەوا نیە وای بۆ بچین کەدەشیّ چەکدارێك بە حوسن و رەزای خۆی سەر بۆ بێچەکێك شۆر بکا یـاخود بـی چەکێك لەناو دەستەوە تاقمە چەکدارەکەی خۆیدا سەلامەت دەربچـێ چـونکەە سـەیر دەکـەیت ئـەم ئاغا ئەو خزمەتکاری خۆی دەبوغزێنیّ یا ئەوەیان گومان لە دڵسۆزی خزمەت کارەکەی خۆی دەکا و بەم جۆرە پەیوەندی لە نێوانیاندا دەپسیّ .بۆ یە نەفام لەکاروباری سەربازیدا ، جگە لەو گێچـەڵانەی

ئیشارەتم پێدا لەلایەن سەربازەکانیشیەوە بە چاوی سووك سەیر دەکرێ هەروەکو ئەویش لەلای خۆیەوە دەکەوێـە گومان لە دڵسۆزیی ئەوان .
بەم پێیە میر دەبێ نەیەڵێ بیرو هۆشی لە هونەری جەنگ دابر بێ و لێی دوور بکەوێتـەوەو پێویستـە لە رۆژانی ئاشتیدا زیاتر بایەخی پێبدا وەك لەرۆژانی شەر کە ئەمەش بەدوو شێوە بۆ دەکری ئـەو دوو شێوەش ئیشکردن و لێکۆلینەوەن . بۆ نموونـە لـە رووی ئیشـکردنەوە لـە سـەری پێویستـە کـە جگە لە بەردەوام بوون لەسەر مەشق پێکردنی سـەربازەکانی و جڵـەوگیرکردنیان خۆیشـی بـەردەوام وەخت بەراوشکارەوە بە سەر بەرێ وز لەشی خۆی بە ماندوو بوون و زەحمەتی چێشتن رابهێنێ و بە دەمیشیـیەوە لە سروشتی وڵاتەکەی بکۆلێتـەوە وەك بـەرزایی چیاکان و قـوڵیی دۆڵـەکان و پانـایی دەشتەکان و چۆنێتی رۆبارو زەلکاوەکان بەڵێ دەبێ زۆر بە وردی لا لەم کاروبارانە بکاتەوە ، چونکە بە دوو باردا سوود لەم زانیاری یە دەبینێ یەکەمیان بە زانینی هەموو شت دەربارەی وڵاتەکەی خۆی بۆ ئەوەی بریاری باشترین رێو شوێنی بۆ پارێزگاری لێکردن بۆبدا . دووەمیشـیان زانیـاری و تـاقی کردنەوەی سەبارەت بە ناوچەیەك هانی دەدەن بە ئاسانی شارەزای ئـەو ناوچـانەی تـریش ببـێ کـە ناچـاری چـاودێریکردنیان دەبـێ . بـۆ نموونـە شـاخ و دۆڵ و دەشـت و رووبارەکـانی تۆسـکانیا ،تارادەیەك لەهاوتاکانیان لەمیرایەتیـیەکانی تردا دەچن . بەم جـۆرە پیـاو لـە رێگـەی شـارەزابوونی ناوچەیەکەوە دەتوانی وەزعی ناوچەکانی تریش پێبزانێ بۆیە ئـەو میرەی لـەم بەهرەیـە بـێ بـەش دەبێ مەرجێکی هەرە سەرەکیی سەرکردە لە خۆیدا ون دەکا . چونکە هـەر ئەمەیـە کـەفێری دەکـا چۆن دوژمنەکەی دەدۆزێتەوە لە کوێدا لەشکر گری دادەمەزرێنێ و چۆن سەرکردایەتی لەشـکرەکەی دەکا و نەخشە بۆ شەرەکانی دادەنێو چۆن شارێك ئابلۆقە دەدا بەمەرجێکیش بزانـێ چـۆن سـوودی لێـدەبینێ.نوسـەران و مێـوو نوسـان ستایشـێکیزۆری فیلۆبـۆمینی مـیری ئاخییـەکانیان کـردوە لەبەرئـەوەی کـە لـەرۆژانی ئاشـتیدا بـیری لـە هیچـی تـر نـەدەکردەوە تـەنیا شـەرو شـێوازو رێو شوێنەکانی نەبێ . تەنانەت کەلە گەڵ هاورێکانیدا چووە بۆ لادێ زۆر جار راوەستاوە لێی پرسیون . ئەگەر دوژمـن لەسـەر ئـەو یاڵـەو ئێمـەش لەگـەڵ لەشـکرەکەماندا ئـا لێـرەدابین ،سـوودی شـوێن بـۆ کاملادەبێ ؟!یا چۆن دەتوانین بیگەبنێ بـێ ئـەوەی بیـەلین پیشـێوی بکەوێتـە نـاو هێزەکانمانـەوە ؟!یا ئەگەر ویستمان بکشێینەوە دەبی چی بکـەین و و ئەگـەر دوژمنـیش کشـایە دواوە دەبـی چـۆن دوای بکەوین ؟! ئینجا بـەدەم رێگـاوە گشـتئەو رێکەوتانـەی بـۆ بـاس کـردون کـە دەشـیا لـە هـەر لەشکرێك روبدەن و گوێی لە بیروڕای ئەوان گرتـوە و رای خۆشـی بـەپاڵ پشـتنی چـەندین بەڵگـەو برهان دەربڕیوە بۆیە لە سایەی ئەم بیرو باوەرەوە کە هەمیشە لەکەللەیدا دەگـەرا ،لەسـەرکردایەتی کردنی لەشکرەکەیدا هەردەم بۆ رووبەرووبوونەوەی هەر رووداوێك لەسەر پێ بووە. بـەڵام سـەبارەت بەبەکارهێنانی عەقڵە سـەر مـیر پێویسـتە مێـژوو بخوێنێتـەوە لـە کردارەکـانی پیـاوانی هەڵکـەوت و بکۆلێتـەوە ،تاسـەرنج بداتـە ری و شـوێنیان لـە شـەرکردنداو لـە هـۆی سـەرکەوتن و ژێرکـەوتنیان

وردبێتەوە بۆ ئەوەی لە سەرکەوتنەکانیاندا شوێن پێیان هەڵبگیو لە ژێرکەوتنەکانیاندا خۆی لە هەڵەو چەوتی یەکانیان بپارێزێ .هەروەها وەك ئەو پیاوانە کردار بکا بکا کە ئەوانیش لە رابردوودا لاسایی یەکێکیان کردۆتەوە کەستایش کرابێو سەری بەرز کرابێتەوە پایەبڵندیو کردەوەی کاریگەری بۆ هەموو کەس ئاشکراو دیار بووبێ و هەر ئەمەش کەدەوترێ ئەسکەندەری گەورە لە لاسایی کردنەوەی ئاخیلداو [69] قەیسەر [70] لە لاسایی کردنەوەی کۆرشدا کردویانە گوماتنی تێدانیە کەژیانی کۆرش بەو شێوەیە ئیکزۆنۆفۆن [71] نوسیویەتی بخوێنێتەوە بەبەراورد لەگەڵ سەرگوزەشتەی ژیانی شیپیۆدا [72] بۆی دەردەکەوێ کە چۆن هۆی سەرکەوتنی ئەم لەلاسایی کردنەوەی ئەودا بووەو چۆن کت ومت شوێن پێی ئەو سیفەتانەی کۆرشی هەڵگرتوە کەئیکزنۆن ئەستنیشانی کردوون و بریتی بوون لە دڵنەرمی و بەزەیی و سۆز و هەستی مرۆڤایەتیو بیرئازادی.
میری ژیر دەبی ئەم جۆرە رێو شوێنەبگرێتە بەر و لەرۆژانی ئاشتیدا بەبێ ئیش دانەنیشێ ، بەڵکو بەردەوام بێ لەسەر چالاکی و کۆشش کردن ، تا ئەگەر چەرخی بەخت سوورا ، بۆ رووبەرووبونەوەی هەر جەزرەبەیەکی لە سەرپێ بێو بتوانێ بەسەر هەر گێچەڵێکدا زاڵ بێ .

## 15

## ئەو کاروبارانەی بۆ مرۆڤ و بەتایبەتی بۆ میر دەبنە مایەی ستایش کردن یا تانووت لێدان

ئیستا پێویستە ئەو رێ وشۆێن وبنچینانە نیشان بدەین کە میر دەبێ سەبارەت بە رەعیەتەکەی خۆی و دۆستانی لە سەریان بڕوا . بەڵام لەبەر ئەوەی کە زۆر کەس بەدووروودرێژی لەسەر ئەو یاسەیان نووسیرە, دەترسم ئەم نووسینەی من لەبارەیەوە , شێوە لە خۆبایی بوونێك بنوێنی , بەتایبەتی کە بیروررام تیایدا لەکەسانی تر جیاوازە .لە گەڵ ئەوەشدا ,من کە مەبەستمە شتیچکی ئەوتۆ بنووسم ئەوانەی تێدەگەی سوودی لێببینن, وای بەچاکتر دەزانم یەکسەر بچمە سەر بارە دروستەکانی باسەکە نەك شتە خەیالاویەکانی ,چونکە گەلێ کەس هاتوون و چەندین کۆمارومیرایەتییان بەخەیاڵ بنیات ناوە بێئەوەی لەجیهانی راستەقینەوا هەبن .ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەو رەوتی ژیانەی لەسەری دەرۆین و زۆر جیاوازە لەو رەوتەی کە گوایە دەبێ لەسەر برۆین ئینجا ئەو کەسەشی بەهیوای روودانی شتێك کەبەتەمایەتی پشت دەکاتە حازری ,لەبری فێربوونی چۆنێتیی پاراستن ,رێگای خۆ بەفیرۆدان دەگرێتەبەر.گومانی تیدا نییە ئەو مرۆڤەی دڵسافی وخیر خوایی لەهەمیشە شتێکدا دەکاتە پیشەی خۆی و بەر هەموو ژمارە زۆرەش لەخەڵکی پەراگەندە دەورە دراوە, تووشی خەفتباری و سەراسیمەیی دەبێ. لەبەر ئەوە پێویستە هەر میرێك کە دەیەوێ پارێزگاری لەخۆی بکا ,فێرببێ چۆن لێدڵسافی وخێرخوایی بەدوور دەگرێ ودەبێ ئەم فێربوونەیشی بە پێی پێویستیی هەر حاڵێك کە تووشی دێ بەکار بهێنێ یا نەهێنێ. جا بەم پێیە

ئەگـەر مـن لـەلای خۆمـەوە واز لەباسـکردنی ئـەو کاروبارانـە بێـنم کـە پەیوەنـدی‌یان بـەمیرە خیالاوی‌یەکانەوە هەیە و لەو بابەتەنەیان بدوێم کە پەیوەندی‌یان بە میر واقعی‌یەکانەوە هەیـە , ئـەوا دەڵێم : هەر مرۆڤێك و بەتایبەتی میرەکان وەختـێ پایـەکی بڵنیـان دەدرێتـێ بـە جـۆرە سـیفەتێکی وەها ناوبانگ دەردەکەن کە یا دەبێتە مایەی ستایش کردن وەیا تانووت لێدانیان .بەم جۆرە دەشێ ئەم میرە بە سەخی و دەس بڵاو بدرێتە قەڵەم وەئەوەی تر بە رەزیل وپیسکە ( وام بەپەسەند زانـی ئەم زاراوە تۆسکانیایی‌یە بەکاربێنم ) یا ئـەم مـیر بەرچـاوتێرە وئـەوی‌تر تێـر نەخۆرەوتـەماعکار ,یـا یەکێکیان دڵرەق ونەگریسە ودووەمیان بەرەحم وبەزویی ,یـا رەنگەیەکـەم بـەڵێن شـکێن بـێو دووەم بەوەفا بۆ بەڵێن . یا ئەمیان بـوو دەوڵـەو ترسـنۆك بێـو ئـەویان بـەهێزو , ورەیەکی‌پتـەو ,یـا یەکـەم خۆش مەعشەر و مرۆڤ پەروەربێ و دووەم لووت بەرزو تووڕە ,یا ئەمیان داوێن پـیس و بـێ رەوشـت بێ وئەویان پاك وبیگەرد ,یا یەکەم قسەروو بێو دووەم فێلباز ,یا ئـەم سەرکێشـبێ وئـەو هـێمن ,یـا ئەم بەویقارە ئەو گاڵتەچی ,یا ئەم بەدین و ئەوبێ‌دین.......هتد بیگومان من دەزانم گشـت خەڵکەکـە ئەوەیان لاپەسەندە کەمیر هەڵگری هەموو ئەو سیفەتە چاکانە بێ کە ئیشارەتم پێدان .بـەلاًم لەبـەر ئەوەی قەت بۆ هیچ مرۆڤێك ناسازێ ببێتە خاوەنی هـەموویان و پـەیرەو یشـیان بکـا کـە بـارودۆخی مرۆڤایەتی خۆی ماوەی ئەوە نادەن , بۆیە پێویستە میر هێنـدە ژێـر سـەنگین و بـیرورد بـێ بتـوانێ خۆی لەو فەزیحەتانە بەدوور بگری کە رەنگە لەئەنجامی ئـەو جـۆرە کـردەوە چـەوتانەدا ببنـە هـۆی لەدەسدانی دەوڵەتەکەی ,هەروەکوو دەبێ خۆی لەو بابەتەشیان بپارێزێ کە رەنگە نەبنە هـۆی ئـەو لەدەسدانەو رەنگیشە ببن. بەلاًم خۆ ئەگەر هەر نەیتوانی خۆی بەدوور بگرێ,ئەوا پێویستە بەجۆرێك کاریان پێ‌بکا کە نەیەڵێ ئاشکرا ببن .ئینجـا وەکی‌تـر ئەگـەر سـەیری کـرد هـیچ رێگایـەکی تـری بـۆ پاریزگاری‌کردن لە دەوڵەتەکەی لەبەردەمدا نی‌یە بەبێ ئاشـکرابوونی هەنـدێ لـەو کـردەوە چـەوتانە ,ئەوا دەبێ هیچ گـوێ نەداتـە تـانووت لێـدانی ,چـونکە قـوول بوونـەوە لـە وردکردنـەوەی کاروبـاردا دەبێتە هۆی ناچاربوونی کردنی هەندێ‌شت کـە هەرچـەندە وەك چـاکەکاری دێنـە پـێش چـاو ,بـەلاًم ئەگەر پەیرەوکران بۆ مرۆڤ دەبنەهۆی ماڵوێرانی, لەکاتێکدا زۆر شتی‌تر هـەن لـە خراپـەکاری دەچـن ,کەچی دەبنە مایەی زیاتر هەست کردنی مرۆڤ بە دڵنیایی و بەختیاری.

## 16

### سەخاوەت و پیسکەیی

ئیستا ئەگەر بگەڕێینەوە سەر یەکـەمینی ئـەو سـیفەتانەی لەوەبـەر ئیشـارەتم پێدان , بۆمـان دەر دەکەوێ کە دەبێ بڵێم : چاکتر وایە مرۆڤ سەختی و پەخشندە بێ ,بەلاًم لەگەڵ ئەوەشدا سەخاوەت بەو جۆرەی خەڵکی تێ‌یدەگەن , دەشێ ببێتەهۆی جەزرەیەڵێدانت , چونکە کارپێکردنی لە شـێوەی چاکەکاریدا بـە رێگـای راسـتی خۆیـدا , وا ناکەوێتـە کـە خـەڵکی پێ‌ی‌بـزانن و دواجـار دەتخاتـە بـەر حاڵەتی گەناهبارکردنەوە بەسیفەتێکی پێچەوانە.بۆ نموونە ئەو مرۆڤەی حەز دەکـا ناوبـانگی لـە نـاو خەڵکیدا بە سەخاوەت بلاوببێتەوە ,دەبێ هیچ کامێك لەو بەخشینانە نەخاتە پشتگوێ کە مانای ئەو

پـەری پایـە بڵنـدی دەگەیـەنن . ئینجـا ئـەو مـیرەی لـەم بابەتـە بـێ ، دیـارە زۆری پێناچـێ گشـت خایەومایـەی خـۆی بـەم ڕێگایـەدا تێـدەنێ و ئەوسـا ئـیتر ئەگـەر هـەر نەیویسـت دەسـبەرداری ئـەو ناوبانگەی خۆی لە سەخاوەتدا ببێ ، ناچار دەبێ گەلا باجی قورس و گران بخاتە ئەستۆی گەلەکەی و ببێتە دەسبڕو ڕاووڕووتکەرو بۆ دستگیرخستنی پارەووپول کۆ لـەهیچ کـردەوەو کارێـك نەکاتـەوە خۆکە داش خزانە ئەم جۆرە حاڵەوە ، ئیتر گەلەکەی دەکەوێتە بوغزاندنی و لە تـاو هـەژاریی خـۆی دەس لە ڕێزلێگرتنی ئەو هەڵدەگرێ و بەم شێوەیە وەهـا دەکەوێتـەوە کـە ئـەو لـە پێنـاوی سـوودی ژمارەیەکی کەمدا ، بەوسەخاوەتیەی زیانیبە ژمارەیەکی زۆر لە خـەڵکی گەیانـدی ، هـەروەکو زۆری پێناچی هەست بەیەکەمین پشێوی دەکا چەندە کەم بایەخیش بێ‌و بەدوای هـەر سەرکێشـیەکدا پـتر دەکەوێتە بەر مەترسییەوە وەکی تر ئەگەر ئەو میرە لە خۆی بەئاگا هاتەوە و ویستی سیستمی ئەو جۆرە مامەلەکردنەی خۆی بگۆرێ ، ئەوا یکسـەر بـە تۆمـەتی ڕەزیـل و پیسـکەیی گوناهبـار دەکـرێ کەوابێ میر ئەگەر نەیتوانی سەخاوەت وەك چاکەکاریەك بەبێ تووش بوونی ئەو  ناوبـانگ دەرکردنـە بگرێتە  خۆی و ئەگـەر ڕۆژکـاربۆ خەڵکەکـەی ڕوون دەکاتـەوە کـە ئـەم بـە پێچـەوانەی تێگەیشـتنی ئەوانەوە، پیاوێکی زۆر سەخیە ، لەبەر ئەوەی کەسـەیر دەکـەن وا لـە ڕێگـەی دەسـت نوقاندنەکـەی لەوەبەرییەوە وای لێ هاتوە بـە داهـاتی خـۆی کـاری خـۆی مەیسـە ر دەکـاو چـی پێویسـت بـێ بـۆ خۆپاراستن لە ڕووی هەر کەسێکدا کە بیر لە شەڕپێ فرۆشتنی بکاتـەوە ، بـۆی مسـۆگەرەو چـەندین پرۆژە بەبێ گرانکردین باری شانی گەلەکەی دەباتەسەر و لەئەنجامدا لای گشت ئەو کەسانەی مـاڵ و سەخی و بۆ ئەوانەشی هیچیان پێ نابەخشێ کە ژمارەیەکی زۆر کەمن دەبێتە پیاوێکی پیسـکە . لـە سەرەمی ئێستاماندا زۆر کاری مەزنمان دیوەو کەسانێك بەجی یـان هێنـاون کەبـە پیسـکە درتونەتـە قەڵەم ، لە کاتێکدا ئـەوانی تـر چارەنووسـیان مـاڵوێرانی بـووە . بـۆ نموونـە پاپـا یۆلیۆسـی دووەم هەرچەندە ناوبانگی بە سەخاوەت دەرکردوەو ئەم ناوبانگەی بۆ چوونەسەر تـەختی پاپایـەتی بـەکار هێنا ، بەڵام لە دواییدا بۆ ئەوەی بتوانێ پێویستییەکانی جەنگەکانی مسۆگەر بکا ناچاربوو واز لـەو سەخاوەتیە بهێنێ  یا پادشای ئێستای فەرەنسا ، چەن جەنگێکی بـەرپا کـردوە بـەبێ ئـەوەی هـیچ باجێکی زیادەبار بخاتە ئەستۆی گەلەکەی ، چونکە بە هۆی دەس پێوەگرتنەوە لە ڕابردودا ، تـوانی جێی هەموو ئەو مەسرەفە نائاساییانە پر بکاتـەوە کـە تووشـیان بـوو . یـا ئەگـەر پادشـای ئێسـتا ئیسپانیا سەخی بووایە ، نەیدەتوانی خۆی بدا لەو ژمارە زۆرە پرۆژەیـەی مـە هـەموویان ئـەنجامیان سەرکەوتن بووە .

لەبەر گشت ئەم هۆیانـە ، مـیر ئەگـەر بیـەوێخۆی لـە ڕووتاندنـەوەی گەلەکـەی بـەدوور بگـرێ و بـۆ خۆپاراستن ببێتە  خاوەنی تواناو دەستەڵاتی خۆی و ماوەش نەدا توشی هەژاری و ڕەزالەتی هەژاری ببێ دەبێ زۆر بایەخ بەناوبانگ دەرچوونی بە پیسکە نەدا و خۆی ناچـاری زەوت کردنـی مـاڵ و ملـك نەکا چونکە پیسکەیی یەکێکە لەو سیفەتە خراپانەی کە توانای حکومرانی کردنی پێدەبەخشێ . خۆ

ئەگەر ووترا قەیسەر لە ڕێگەی سەخاوەتەکەیەوە ئیمپراپۆریتیيەکەی دەستگیر بوو ، یا زۆر کەسانی تر بەسەخاوەت یا هەر هیچ نەبێ بە خۆ بەخستنی نیشاندان گەیشتوونەتە بەرزترین پایەو پلە ئەوا من لە وەرامدا دەڵێم : تۆ لە ئیستادا میریت یاخود بەرێوەیت ببیتە میر . جا سەخاوەتی لە حاڵێتی یەکەمدا زەرەربەخشە بەڵام لە دووەمدا دیارە کەپێویستە و دەبێ خەڵکی بەسەخیو بەخشندەت بدەنە قەڵەم قەیسەریەکێك بوو لەوانەی بە ئاواتەوە بوو ببێتە سەرداری رۆما بەڵام وەختی ئەو ئاواتی سەرداری بۆ خۆی بەدی هێنا ئەگەر بژیایەوە دەستی بە مەسرەفەوە نەگرتایە ، بێ شك ئیمپراتۆریەتەکەی کاول دەکرد . هەروەها ئەگەر کەسانێك هەبن لە وەرامدا بڵێن :ژمارەیەکی زۆر میر هەن لە ڕێگەی لەشکرەکانیانەوە زۆر کاری مەزنیان بەجێ هێناوەو لەگەڵ ئەوەشدا بە گەلی سەخی و بەخشندە ناسراون ،منیش لە وەرامیاندا دەڵێم :میر یا لە سەروەت و سامانی خۆی مەسرەف دەکا یا لەهی رەعیەتەکەی وەیاخودلەهی کەسانی تر . جا بەرای من دەبێ ئەوەکەی خۆی دەستی پێوەبگرێ ، بەڵام سەبارەت بەوانی تر دەبی بەخشندەبێ چونکە گومانی تێدانیە بەخشندەیی بۆ میرێك کەبەخۆی و لەشکرەکەیەوە هێرش دەباو لەسەر ئەو دەست کەوتانە دەژی کە لە ڕێگەی زەوت کردن و سەر قەپڵاندن دەست بەسەراگرتنی ماڵوموڵکی کەسشانی ترەوە بەدی یان دێنێ ، کارێکی پێویستە لەبەر ئەوەی ئەگەر بەخشندە نەبێ سەربازەکانی دوای ناکەون بەم پێیە تۆ بۆت هەیە ئەگەر مەسەلە پەیوەندی بەسەروەت و سامانی خۆت و رەعیەتەکەوە نەبێ گەلی بەخشندەو سەخی بیت ، چونکە مەسرەف کردنت لە سەروەت و سامانی کەسانی تر، چون سیرۆس و قەیسەر وئەلیکسەندەر کردیان نەك لە ناوبانگت کەم ناکاتەوە بەڵکوو زیاتری دەکا ، لە کاتێکدا مەسرەفکردنت لە سامانی خۆت زیاتر پێدەبەخشێ ،بگرە هیچ شتێك هێندەی سەخاوەت و بەخشندەیی بۆت زەرەر بەخش نابێ و هەر کەکەوتیتە دوایەوە ئیتر کارپێکردنت نامێنێ و لە ئەنجامدا دەبیتە یا هەژارێکی لات ، وەیاخود کابرایەکی ریسواو رەزاگران ، ئینجا ئەگەر ویستیشت لە هەژاریەکەرزگاریت بێ ناچار دەبیت ببیتەراوورۆتکەرێك وئەوساش ۆەعیەتەکە دەتبوغزێنن . جا میر بەر لە هەموو شتێك دەبێ خۆی لە ریسوابوون یا بوغزاندن بەدوور بگرێ کە گومانی تێدانیيە بەخشندەیی بەرەو یەکێك لەو دجوو ئەنجامەی رادەماڵێ ، بۆیە چاکتر وایە پیسکە بێت . ئەمەیان ئەو پەرەکەی دەتخاتە بەر حاڵەتی ریسوابوونەوە نەك بوغزاندن کەباشترەلەوەی هەژاریەکە هانت بدا ببیتە دزو جەردە و ئەوسا بکەویتە بەر حاڵەتی هەم ریسوابوون هەم بوغزاندنیشەوە.

## 17

## دڵنەرمی ودڵڕەقی

## ئایا خۆشەویست بیت باشترە

## یا ترسێنەر؟

ئەگەر درێژەی پێ بدەین و لەو سیفەتانەی تریش بدوێین کە لەوەبەر ناومان بردن , ئەوا من وای بۆ دەچم کەچاکترە میر وەهای حەزلێبێ رەعیەتەکەی بە دڵنەرم و بەرەحمی بدەینە قەڵەم نەك بە

دڵرەق و جەربەزە , بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بزانێ ئەم دڵنەرمیو بەرەحمیە چۆن بەکار دێنێ. بۆ قەیسەر بۆرجیا بەدڵرەق و بێبەزەیی دەدریە قەڵەم ,کەچی دڵرەقییەکەی رێك وپێکی ویەکێتیی بۆ رۆمانا سازاند ودڵسۆزی تیدا چەسپاند .جا ئەگەر لەم باسە وردببینەوە ,بۆمان دەردەکەوێ ئەو زۆر لەگەڵی فلۆرنسا بەرەحم تر بوو کەگوایە بۆ خۆبەدوورگرتن لە سیفەتی دڵرەقیو بێبەزەیی , بووە هۆی ماوەدان بە کاول کردنی پیستۆیا [73] بۆیە میر ئەگەر دڵنیابوو کە دڵرەقییەکەی دەبێتە هۆی یەکگرتنی گەلەکەی ودڵسۆزییان بۆی ,دەبێگوێ نەداتە گوناهبارکردنی بەو سیفەتە .ئیمە ئەگەر چەند نموونەیەکی لەسەر بهێنینەوە ,چاك بۆمان ئاشکرا دەبێ کە ئەم جۆرە میرە زۆر لەوانە بە بەزەییترە کە بە زیادەوە دڵناسکی دەنوێنن و لەئەنجامیدا دەبنە هۆی روودانی چەندین ئاشووبی ئەوتۆ کە گەلێ خۆین رشتن ورواوتکردنیان لێدەوەشێتەوە .دیارە ئەم کارەساتانەش زەرەر وزیان پتر بە سەرجەمی یەتەکە دەگەیەنن, لە کاتێکدا ئەو حوکمانەی میر بەسەر ئەم وئەویاندا دەدا تەنیا چەند کەسانێك دەگرنەوە .لەبەر ئەوەتازەمیرەکان بەپێچەوانەی میرانی ترەوە , لە چنگی ناوبانگ دەرچوون بە دڵرەقی و جەربەزەیی دەرباز بێن, چونکە دەوڵەتێکی نوێ کەدورست دەبێ ئاساییە بکەوێتە بەر چەندین مەترسییەوە .لەم رووەوە ڤەرچیل [74] لە زمانی دیدۆوە [75] وتوێتی:

( لەسەر هەرمیرێك پێویستە بۆ رووبەربوونەوەی هەر حاڵەتێکی تەنگەتاوی وبۆ جێبەجێکردنی پێداویستییە نوێیەکانی مەملەکەتەکەی , رێو شوێنی گونجاوە خۆی بۆ سازبدا بۆ پارێزگاری لێکردنیشی ,لەماوەیەکی دوورەوە بە دەوریدا پاسەوان دابنێ)

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ لە باوەڕکردن قسەوباسانەی دەدرێن بەگوێیداو لە کار هەڵسووڕاندنیشدا وریا بێ .ئەو نابێ لەسێبەری تایبەتیی خۆی بترسێ, بەڵکوو پێویستە بە شێوەیەکی مام ناوەندیی ئەوتۆ دەسەڵاتی خۆی بسەپێنی کە خۆش بێن و مرۆڤ پەروەرانە بێو نەیەڵێ باوەر بە خۆهێنانی زیاد لە پێویست پاڵی بۆ کەمتەرخەمی و گوێپێنەدان پێیوە بنێو شەرمەزاربوونیش نەی هاوێتە باوەشی سەرسەختی و دڵرەقییەوە. جا لێرا ئەو پرسیارە دێتە کایەوە کە ئایا چاکتر وایە خۆشەویست بیت زیاتر ئەوەی بەهەیبەت و ترسێنەر بیت, یا خەڵکی لێت بترسن زیاتر لەوەی خۆشیان بوێیت؟!

پوختەی وەرامی پرسیارەکە ئەوەیە پێویستە خەڵکی هەم لێت بترسن وهەم خۆشیان بوێیت ,بەڵام لەبەر ئەوەی زەحمەتە بتوانیت هەردووکیان پێکەوە لە خۆتدا کۆبکەیتەوە ,چاکتر وایە لێتی بترسن وەك لەوەی لەلایەن خۆشەویست بیت ,ئەمە ئەگەر ناچار بوویت کە یەکێکیان هەڵبژێریت وچونکە دەوتری کە خەڵکەکە بە شێوەیەکی گشتی سپڵەو بێبار ریاکارن و خۆیان لەمەترسی بەدوور دەگرن و زۆر تەماعکاریشن .ئەوان هەتا تۆ بۆ یان سوودبەخش بیت لەگەڵتادا دەبن و خوێن وژیانی خۆیان و ماڵ ومنداڵیان و هەرچییان هەیە لەپێناوتدا دەیبەخشن وەك لەوەبەر وتم , ئەمە لە وەختێکدا کەتۆ

هێشتا هۆت تیـان نەکـەوتوە ,بـەلآم هـەر کـە هاتـە سـەر ئـەوەی هـۆت تیـان بکـەویٚ,بـە رووتـدا دەتەقنەوە بۆیە ەچارەنووسی هەرمیریچك کـە پشـتبە چارە نووسـیان دەبەسـتێ بـێ ئـەوەی رێـو شوێنیتری بۆ خۆی دانابێ ماڵوێرانی و تێك شـکان دەبێچـونکە ئـەو دۆسـتایەتیەی لەسـەر بناغـەی کرینـو فرۆشـتن بنیـات نرابـی نـەك لەسـەر پـاکی و مـەزنیی گیـان ، دۆسـتایەتییەکی سـاختەیەو ئەگەرچی بە پارەو پوول دەکـردرێ . بـەلآم جێگـەی بـاوەرو متمانـە نابـێ و لـەو بابەتەیـە کەهـەر هێندەی پێویستیت پێی هەبوو وەك نەبووبێ وەهایە . خەڵکی چەندە سڵ لە خراپە کردن لەگەڵ ئەو کەسەدا دەدەنەوە کە لێی دەترسن ، هێندەش بۆ خراپەکردن لەگەڵ ئەو کەسەدا خێران کە خۆی لە لایان خۆشەویست دەکا ، چونکە خۆشەویستی بەندی زنجیرەیەك پەیوەندی ئەوتۆیـە کەدەشـێ لـە ئەنجامی خۆپەرستی ی خەڵکەکەدا و لەهەر وەختێکدا کە پساندنی سوودو بەرژەوەندی ئەوانی تێـدا بێ هەرەس بێنێ ، لە کاتێکدا ترس بەندی سل کردنەوەیە لە سزادان و ئەم سـڵ کردنەوەیـەش کـەم جار لەکار دەکەوێ .

لەگەڵ ئەوەش میر ئەگەر خۆشەویستی بۆ مسۆگەر نەکرا ، لە سەری پێویستە ترسەکە بە شێوەیەك بسەپێنێ کەیخۆی پێ لەرق و کینەی خەڵکی بەدوور بگرێ ،چونکە دەگونجێ کـە تـرس و نـەبوون رق و کینـە شانبەشـانی یـەکتر بـرۆن ئـەو مـیرەی دەسـتدرێژی ناکاتـە سـەر ژن و مـاڵ و مـوڵکی هاولآتییەکانی ، دەتوانێ ئەو شـتانە تـر دەسـتگیر بخـا . بـەلآم وەختـێ ناچـار زەوتکردنـی ژیـانی مرۆڤێك دەبێ ، پێویستە بەهانەیەکی پەسەندو هۆیەکی ئاشکرای بە دەستەوەبێ بۆیە بەر لە هەموو شت پێویستە خۆی نەدا لە زەوتکردنی ماڵومولکی خەڵکی لەبەرئەوەی مرۆڤ لە بیرچوونەوەی مردنی باوکی لا ئاسان ترە وەك لە فەرامۆش کردنی لە دەس چوونی میرات و بۆ ماڵ وملکی ، جگـە لـەوەی کەبەهانە بۆ زەوتکردنی ماڵومولك هەردەم لە کایەدا هەیەو ئەو کەسەی یان بـە راووڕووتکـردن دەس پێ بکا ، بەهانە بۆ رووتاندنەوەی بـە کەسـانی تـر دەدۆزێتـەوە ، لەکاتێکدا بەهانـە بـۆ لـەناوبردنی ژیانیان دەگمەنەو زووش دەپوکێنەوە .

بەلآم میر وەختێ لەگەڵ لەشـکرەکەیدا دەبـێو ژمارەیـەکی زۆرسـەرباز هەڵدەسـورێنێ ، پێویسـتەو ناچاریە کە زۆر گوێ نەداتە دابرینی لەقەبێ دڵرەقی لە لایەن خەڵکەکەوە بە سەریدا ، ئەو بەبێ ئـەو ناو بانگە ستەمە بتوانـێ لەشـکرەکەی بەیـەکگرتوویی ومـل دان بـۆ رێـك وپێکـی و ئـەرکی سەرشـان بهێڵێتـەوە ئەمەیـەکێك بـوو لـە سـیفەتە گرنگـەکانی هانیبـال (76) کـە ئەگـەر چـی سـەرکردایەتی لەشکرێکی گەلێ گەورەی پێك هاتوو لە چەندین نەژادی لەیەك جیـای دەکـردو لـەولآتێکی بێگانەشـدا دەجەنگان ، کەچی هیچ ناکۆکییەکیان نەدەکەوتە نێوانەوە ، یا هیچ یاخیبونێکیان لەرووی میردا چ لەرۆژانی خۆش بەختیو چ لەماوەی بەتبەختیدا لێ نەدەوەشایەوە . ئەمەش تەنیا دەگەرێتـەوە بـۆ ئەو جەربەزەییە لە توانایمرۆڤ بە دەرەیکەدەینواند . ئینجا ئەو سیفەتەی لەپاڵ چـەندین سـیفەتی

چاکی تردا یلەبەر چاوی سەربازەکانی کردیانە  مرۆڤێکی هەردەم بە هەیبەت و ترسێنەر بگرە ئەگە ئەم سیفەتەی تێدا نەبووایە ، سیفەتەکانی تری لە وزەیاندا نەدەبوو ئەو ئەنجامەببەخشن .
ئەو نوسەرانەی لەبیرکردنەوە بێبەشن وای بۆدەچن کەلە لایەکەوە بەتان و پۆی کارەکانیدا هەڵبدەن و لە لایەکی تریشەوە تانووت لە هۆیەسەرەکییەکەی رێگا خۆش کردن بۆ ئەو کارانەی بدەن .
گومانی تێداینە ئەو راستییەی دەرم بریو وتم کە رەنگە سیفەتە چاکەکەنی تر بەس نەبن ، لەمەسەلەی شیپیۆدا (کەنەك تەنیا بۆسەردەمی خۆی بەڵکو بۆ هەر سەردەمێك کەبیرەوەری ئەوەی تێدا زیندوو بێ بەبانگە)بە ئاشکرا دەردەکەوێ ئەوەبوو لەشکرەکەی لەئیسپانیادا لێی یاخی بوو کەبووە هۆی ماوەدان بە سەربازەکانی بۆ شتی وەها کە لەگەڵ سیستمی سەربازیدا نەگونجێ تاتەنانەت فابیۆس مەکسیمۆس [77] لەکۆبونەوەیەکی کۆنگریسی پیراندا لەسەر ئەوە لۆمەی کردو بە تۆمەتی گەندەڵکردنی سەربازانیلەشکری رۆمانەکان گوناهباریکرد هەروەها وەختی یەکێك لەئەفسەرەکانی (لوکری)ی تێکشکاند ، ئەفسەرەکە نەیکر بەدوایدا تۆلەوەسێن بێ هەروەکو شیپۆ خۆیشی ئەو ئەفسەرەی لەسەر ئەو کردەوەی دڵنەرمی یە سزانەدا لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کەس لەکۆنگرێسی پیراندا حەزیان دەکرد بیانوو بۆ کردەوەکانی بهێننەوە و دەیانوت کە زۆر کەس هەن چاکتر دەزانن خۆیان لە هەڵکردنی بپارێزن وەك لەوەی هەڵەی کەسانی تر راست بکەنەوە . بەم هەلۆیستە بۆ شێواندنی ناوبانگی شیپیۆ بەس دەبوو ئەگەر لە ژێر سایەی کۆنگرێسی پیراندا نەژیایە .ئەو سیفەتە زیان بەخشەی نەك هەر بوو بە ژێرەوەو کەلاکەوت ، بەڵکو بۆیشی بووە مایەی سەربەرزی .
من قسەکانم سەبارەت بە باسی ترس و خۆشەویستی بەوە کۆتایی پێدێنم کە دەڵێم : خەڵکی بەپێی حەزو ئیرادەی تایبەتی خۆیان خۆشەویستییان لا پەیدا دەبێ بەڵام بەپێی حەزو ئیرادەی میر ترسیان لێدەنیشێ ،میری ژیریش ئەو میرەیە کەپشت بە دەستەڵاتی ناو چەنگی خۆی دەبەستێ نەك بە دەستەڵاتی ناو چەنگی کەسانی ترو ئیتر تەنیا هێندەی لەسەر پێویست دەبێ کە شەخسی خۆی لە رقوکینەی خەڵکی بەدوور بگرێ ، وەك لەوەبەر روونم کردەوە .

## 18

## ئایا میر دەبێ چۆن بەڵێن بەرێتە سەر ؟

گومانی تێدا نییە هەر مرۆڤێك دەزانی کە دەبێ سیفەتە چاکەکانی میر بریتی بن ئەوەی لە بەڵێنەکانیدا راستگۆ بێبە شەرافەتمەندی و سەربەرزییەوە بژی نەك بە فرت وفێڵ وتەڵەکەبازی : بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا , تاقیکردنەوەکانی ئەم سەردەمەمان سەلماندویانە کە ئەو میرانەی کاریگەورەو مەزنیان لێوەشاوەتەوە ,زۆر بایەخیان بە بەڵێنەکانیان و بە وەفاداری بۆیان نەداو , بەڵکوو بەفرت وفێڵ وقوماربازی وبە گاڵتەکردن بە ئەقڵی خەڵکی وسەر لێشێوەندنیان , توانیویانە لە

ئەنجامدا بەسەر ئەو هاوشانانەیاندا کە دڵسۆزیو وەفاداری‌یان بۆخۆیان کردۆتە قوپلەنما ,سەربکەون تۆ پێویستە بزانیت کە دوو ڕێگەت بۆ شەڕکردن لەبەر دەمدایە ,یەکەمیان بە هۆی قانوونەوەو دووەمیان لەرێگەی هێزەو کە دیارە ئادەمیزاد پەنا دەباتە بەر یەکەمیان و ئاژەل پەنا دەباتە بەر دووەمیان .بەلاَم لەبەر ئەوەی ئاسایی‌یە کەرێگەی یەکەمیان بەس نەبی‌بۆ بەدی هێنانی ئامانج , ئەوا مرۆڤ لەئاکامدا ناچار دەبیَ پەنا بەرێتە بەر رێگەی‌دووەمیشیان . بۆیە بۆمیر پێویستە بزانیَ چۆن هەر دوو شێوەکە پێکەوە بەکاردەهێنیَ ,واتە ئەوەی مرۆڤ و ئەوەی ئاژەلّیش .ئەمە ئامۆژگاری‌یەکی نووسەرەدێرینەکانیشە بۆ حوکمڕانان لە رابوردوودا و نموونەیان لەسەر ئاخیل وچەندانێکی تر لە میرە کۆنەکان هێناوەتەوە کە چۆن بۆ پەروەردەکردنیان بە کانتووری[78] ئەفسانەیی(شێرۆن ) سپێردراون تا ریَوشوێنی ئەو بگرنە بەر زدیارە مەبەست لەم رەمزە ئەفسانەیی‌یە نیوە مرۆڤ و نیوە ئاژەلّە ,ئەوە کەمیر دەبیَ لە هەر دوو سروشتی مرۆڤانە و ئاژەلاَنەوە شت فێربیَ,چونکە هیچ کامیان ناتوانی بەبیَ ئەوی تریان بژی.

هەروەها ئەو میرەی خۆی بۆ فێربوونی چۆنێەتی کردەوەی ئاژەلّ بە ناچار دەبینیَ,پێویستە لەیەك کاتدا لاسایی رێوی و شێریش بکاتەوە ,چونکە نەشێر دەتوانیَ خۆی لیَتەلّەبپارێزیَ ونەرێوی‌یش دەتوانیَ لە رووی گورگاندا پارێزگاری لە خۆی بکا .لەبەرئەوە ناچار دەبیَ ببێتە رێوی تا تەلّەبناسێتەوە وببێتە شێر تا گورگ بتۆقێنی .بەلاَم ئەوەی وەهای حەز لیَیە کە هەر بەتەنیا شێربیَ وهیچی‌تر ,باشی بۆ ناچیَ.حوکمرانی زیرەك و وردبین کاتیَ دەبینیَ وەفاداری بۆ بەلّێنەکەی بۆی دەبێتە مایەی زیان گەیاندن بەسوود وبەرژەوەندی خۆی وئەو هۆیانەشی ناچاری ئەو بەلّێندانەی کردبوون لەکایەدا نەماون ,دەبیَ بەلّێنەکە لە ئەستۆی خۆی دابمالّیَ.دیارە ئەگەر خەلّکەکە چەوت ودلّپیسن و ئەوانیش لەلای خۆیانەوە بەلّێنی خۆیان ناپارێزن ,ئەوا تۆش لە رووی ئەواندا بەندی بەلّێن پاراستن نابیت .ئەو میرەشی دەیەویَ هۆی رەوا بەدی هێنانی ئەم ئامانجە بدۆزێتەوە وقەت پەکی ناکەویَ و دەتوانیَ چەندین هۆی جۆراو جۆری لە هەمە رەنگە بۆ خۆدزینەوە لەبەلّێنەکەی بخاتە پێش چاو .پیاو دەتوانیَ گەلیَ نموونە لە ژمارە نەهاتووی هاوچاخ بۆ ئەم راستی‌یە بێتێتەوە و دەری‌بخا کە چەند جار میران پشتیان لە باوەڕنامەی ئاشتی کردەوە وپەیمانیان هەلّوەشاندۆتەوە وچەند جار ئەنجامی خۆدزینەوەیان ,بەلّێنەکانیان لەبایەخ کەوتوون . هەروەها بیسەلمێنیَ کە چۆن ئەوانەی بە باشی توانیویانە لاسایی رێوی بکەنەوە ,لە کەسانێکی‌تر سەرکەوتووتر بوون .بەلاَم ئەو میرەی ئەم سیفەتەی تێدابیَ , پێویستە زۆر وەستایانە لە خەلّکەکەی حەشار بداو بلّوفچی‌یەکی گەورە ودووروویەکی لیَهاتوو بیَ .خەلّکی بە تەبیعەت هێندە سادەو ساکارن کە ئاسایی مل کەچی پێداویستی‌یەکانی رۆژانەی دەبن ,بۆیە ئەو کەسەی لە فرت وفێلّدا دەستی بالاَ بیَ,هەردەم کەسانێك دەبینێتەوە ئەو فرت وفێلّەیان بە سەردا تیَبپەرێنیَ.

من لێرەدا تەنیا یەك نموونـەی هاوچاخ دەگێرمـەوە .پاپـا ئەلیکسـاندەری شەشـەم لـە خەڵەتانـدنی خـــەڵکی بـــەولاوە نـــەدەکرد لـــەوە زیـــاتر بـــیری لـــەهیچ شـــتێکی‌ترنەدەکردەوە .هەمیشـــە هـــەلی سەرکەوتنیشــی بــۆ فــرت وفێڵــەکانی خــۆی دەبینیــیــەوە , چــونکە هــیچ کەســێك لــە بەڵێنــدان و دووپاتکردنەوەی سوور بوون لەسەریان وبە سوێند خواردنیش بەحەوت مـەزەب,لـەو چـالاکتر نـەبوو .کەچی هەمیشە لـەفرت وفێـڵ کردنـدا سـەرکەوتوو دەبـوو,چـونکە لـە هەڵسوراندنی کاروبـاردا بـەم شێوەیە قاڵ بووبوو . بەهەر حاڵ وەنەبێ بوونی گشت ئەو سیفەتانە پێکەوە لەمیرێکدا پێویست بـێ بەڵام بەلایەنی کەمەوە پێویستە خۆی وەها نیشـان بـدا کەهـەموو یـانی تێـدا هـەن . بگـرە لەوانەیـە بـوێرم کـەبوونی ئـەو سـیفەتانە بەراسـتی و لـە سەرۆیشـتنیان بـە بـەردەوامی رەنگـە بیخەنـە بـەر مەترسیەوە لە کاتێکدا بەنیشاندان بوونیان زۆر جار دەبێتە کارێکی سود بەخش . بـەم پێیـە راسـتە چاکتر وەهایە خۆت وەها نیشان بـدەیت کـە بـەرەحمیت و بـەڵێن دەپارێزیـت و خـاوەنی هەسـتێکی مرۆڤانەی بێگەردیت و دڵسـۆزیت و بـەدینیت و بگـرە بەراسـتیش ئـەم سـیفەتانەت تێداهـەن بـەڵام دەبێ خۆت بۆ ئەوەش ئامادە بکـەیت کەلـە کـاتی پێویسـتیدا خـاوەنی سـیفەتە پێچەوانەکانیشـیان ببیت دەبێ بزانرێ کەمیر ، بەتایبەتی تازەمیر ، ناتوانێ گشت ئەم شتانەی کەلەلای خەڵکی پەسندن بگرێتەخۆ ، چونکە وەختێ سەیر دەکا ئەو دەبێ پارێزگاری لە دەوڵەتەکەی خۆی بکا ، ناچار دەبێ پێچەوانەی وەفاداری یەوە بۆ بەڵێن و بۆ بەرەحمیو مرۆڤپەروەری و بۆ دیانـەت کـردار بکـا . لەبـەر ئـەوە لەســەری پیچویســتە ئــەقڵی خــۆی ئامــادەی هەڵســوران بــەپێی حــەزی شــەپۆل بکــا و بــەو شێوەیەشی کە جیاوازی هەم کۆشش و هـەم خۆشـبەختی دەیهێنێتەکایـەوە . واتـە وەك وتم ئەگـەر بۆی لوا با پشت نەکاتە خێر خـوایی ، بـەڵام بـە مـەرجێك کـە ئەگـەر تەنگـەتاوو ناچـار کـرا کۆ لـە خراپەکاری و شەرخوایی نەکاتەوە. هەروەها مـیر دەبـێ لـەوەدا وریـا بـێ کەلـە قسـەکردندا ، خـۆی لەگەڵ ئەو پێنچ سیفەتەدا کە ئیشارەتم پێدان نەخاتە ناکۆکیەوە . دەبێ خەڵکەکە وەها لێ بکـا کـە بەرەحمی و وەفاداری بۆ بەڵێن و مەردایـەتی و مرۆڤپـەروەری و دینـداری لەلابـە بیـنین و بـە بیسـتن وەك یەك هەست پێبکەن . خۆرەنگە ئەو سیفەتەی دواییـنیان لە هـەموویان پێویسـت تربـێ چـونکە خەڵك بەگشتی بە چاو زیاتر نقورچ دەگرن وەك لە دەست . هەروەکو هەموو بەبینین دەبینین ، بەڵام کەمیان بەهەست کردن هەست دەکەن واتە خەڵکەکە هەموو بەچاو دەبینن تۆ چـی دەکـەیت و چـۆن دەنوێنیت ، بەڵام کەمیان هەست بەباری راستە قینەت دەکەن و ئەم کەمەش کەبۆ پارێزگاری کـردن لە خۆیان پشت بەهەیبەتی دەوڵەت دەبەستن ، لەبەربەرەکانێ کردن لەگەڵ راسـتی گشـت دوو دڵ و رارا دەبـن . بێگومـان لـە کـرداو رەفتـاری گشـت خەڵکیـداو بەتایبـەتی میرەکـان ، ئامـانج شـێوەی بەجێهێنان بێگوناە دەکا (الغایە تبرز الواسـتە )و ئەمـەش راسـتی‌یەکەو دەرهاوێشـتنی تێدانیـە بـۆ نمونە میر ئەگەر نیازی داگیر کاری هەبوو ، دیارە دەبێ ئەو دەوڵەتەی داگیری دەکا لـە ژێـر چـەنگی خۆیدا بیهێڵێتەوە کەئەو سا خەڵکەکە هەموو بەم کردارەیدا هەڵدەدەن و بەنموونـەی شـەرافەتمەندی

دادەنـێن ، چـونکە خەڵکـە ڕەشـۆکیەکە پیشـەیانە کەبەتەنتەنـەو عەنعەنـەوە ئەنجامـەکانی هـەر کارەساتێك هەڵبخەلەتێن ئاشکرایە جیهانیش بەگشتی لەخەڵکی ڕەشۆکی پێك دێ و ئینجا لەگەڵیاندا کەمەکە کەسانێکی نارەشـۆکی کـە وەختـی ڕاگشـتیەکە شـتێك لـە میرەکەیانـداەبینن و بـۆی مـۆر دەکەن ئەمانە لێیان دابر دەبن بۆ نموونە ئێستا میرێك هەیە کەلەم سەردەمانەدا دەژیو چاکتر وایـە ناوی نەبەم سەری زمانی و بنی زمانی بانگ راهێشتنە بۆ ئاشـتی و وەفـاداری بـۆ پـەیمان و بـەڵێن ، کەچی لە ڕاستیدا دوژمنی باوەکوشتەی ئەو دوو شتەیە . جا ئەگەر لـە چـارەی بنووسـرایە کـە هـەر کام لەو دووانەی بگرتایەتە خۆی ، ئەوا زۆر جار تووشی ئەوە دەبـوو کەدەوڵەتەکـەو نـاوو ناوبـانگی خۆی لەدەس بدا .

## 19

## لەسەرمان پێویستە

## کەخۆمان لەریسوا بوون و

## رق لێ بوونەوە بەدووربگرین

لەبـەر ئـەوەی لـە پـێش لـەگرنگترینی ئـەو سـیفەتانە دوام کەبەنـدی ئـەم باسەنە،ئێسـتابەکورتیو بەشـێوەیەکی گشـتی باسـی پاشماوەکـەیان دەکـەم ،ئـەوە بـوو وتم کـەمیر دەبـی تەقەلابـدا خـۆی لەریسـوابوون و رق لێبوونـەوە بـەدوور بگـرێ و وەختیچـکیش لـەم رووەوە سـەرکەوتن بـەدی دێنـێ وادەکەوێتەوە کەکاری خۆی مەیسەر کردووە ئیتر خراپەکاریـەکانی تـر مەترسـی بـۆ دروسـت ناکـەن هەروەها وتم : بەشێوەیەکی گشتی ئەو لەوەختێکدا تووشی رق لێ بوونەوە دەبی کەببێتـە ڕاووڕووت کەرێك و ماڵ و موڵـك و ژیـانی ڕەعیەتەکـەی زەوت بکـا و کەپێویسـتە خـۆی لەقـەرەیان نـەدا ئینجـا کاتیمیر خۆی لە دەستدرێژکردنی بۆ سەر ماڵ و موڵك و شـەرەفی جـەماوەری خەڵکەکـە دەپـارێزێ دەبینێ ئەوانیش بەرەزامەندی و قیل بوونەوە دەژین و ئیتر تەنیا ڕووبەرووی تـەماعی هەندە کەسـێك دەوەستێتەوە کە دەتوانی بە زۆر ڕێ و شوێنی جۆراو جۆر جڵەویان بگری و بیانخاتـە ژێـر ڕکێفـەوە هەروەها ئەگەر خەڵکەکە بێباری و چڵێتی و موخەنەتی و ترسنۆکی و لانەوابیان لە میر بینی دەشـێ بەنەگریس و چەپەڵی بدەنەقەڵەم جا لەبەر ئـەوەی ئـەم کـارو کردارانـە بـۆی دەبنـە بـەردی بناغـەی مەترسی دەبێ خۆیان لێ بەدوور بگرێ و کاروباری خۆیان وەها ساز بدا کـە کردەوەکـانی ئـەو پـەری مەزنی و چەست و چالاکی و ورەپتەوی و خـۆراگری بنـوێنن .هـەروەکوو سـەبارەت بـە حـوکمکردنی ڕەعیەتەکەشی دەبێ ئەو بڕیارەی دەیدا ببڕابێ هەڵوەشاندنەوەی بۆ نەبێ, دەبێ سوور بێ لـە سـەر بڕیارەکانی خۆی وماوە بەهیچ مرۆڤێك نەدا بیخەڵەتێنێ و فێڵیلێبکا . ئەو مـیرەی ئـەم نـاوو نابانگـە بۆ خۆی پەیدا دەکا ,لای ڕەعیەتەکەی دەبێتە خاوەنی شۆرتێکی گەورەو گران , ستەمیشـە خەڵکـە بتوانن پیلان دژی خاوەن شۆرت وناوبانگیکی وا گەورەگران بگێرن , هەر وەکـوو زەحمەتـە بتـوانرێ پەلاماری بدری ,بەتایبەتی کە بە خاوەن دەسەلات و ڕێزلێ گیراو لەلایـەن ڕەعیەتەکەیـەوە ناسـرابێ.

بەلأم میر دەبێ لەدوور لایەنەوە ترسی هەبێ. یەکەمیان ناوخۆییەوە بەندی رەعیەتەکەیەتی و دووەمیان دەرەوەییە و بەندی دەوڵەتە بیگانەکانە .جا ئەو بەبوونی چەکی بەهێز و دۆستی دڵسۆز کە ئەم جۆرە دۆستانە ئەگەر چەك وهێزهەبن زۆرن, هەردەم دەتوانێ خۆی لە دەسدرێژیکردنی بیگانە بۆ سەری بپارێزی .ئەم پێیە بەری ناوخۆ ئەگەر پیلانگێران ئاشووبی تێدا نەنێنەوەو ئەگەر لە دەرەوەشەوە دەست درێژی نەکرێتە سەر ,هەمیشە هێمن دەبێ ,بگرە ئەگەر دەوڵەتە بیگانەکانیش تەقەلای پەلاماردانی بدەن ,ئەەو دەتوانێ ئەگەر حوکمرانییەکەی و ژیانی بەو رێبازەدا رۆیشتبن کە باسم کردن و ئەگەر توانییشی لە سەر ئەو هەڵوێستە خۆی رابگرێ بەرگەی هەر جۆرە شڵەقاندنێك بگرێ, وەك چۆن نابیسی سپارتەیی کە لەوەبەر ئیشارەتم پێدا کردی .بەلأم سەبارەت بە رەعیەت ,تەنانەت ئەگەر نەشکەونە ژێر تەئسیری بیگانەوە , مەترسیی ئەوەیان هەر لێدەکرێ کە بەشێوەیەکی نهێنی پیلانی لە دژ بگێرن .بۆیە میر دەبێ بە باشی خۆی لەمەیان بپارێزێ وئەویش بە خۆبە دوورگرتن لە رق وکینەیان و لە سووك و ریسوابوون لەبەر چاویان و بە فەرامۆش نەکردنی رەزامەندییان بەرامبەر مامەلەکردنیلەگەڵیاندا کە ئەمە ئەرکێکی ناچارییە و دەبێ بەجیّی بێنێ ,وەك لەوەبەر بە دوورو درێژی لە بەشێکی تردا روونم کردەوە. رەنگیشە چاکترێن چارەسەر بۆ خۆپاراستن لە پیلان ئەوەبێ کە میر لەلایەن جەماوەری گەلەکەیەوە نەبوغزینرێ, چونکە ئەو کەسەی پیلان دەگێرێ وایدادەنێ کە بە کوشتنیمیرگەل رازی دەکا .بەلأم ئەگەر باوەری وابوو کە ئەو بەم کارەی خراپە لەگەڵ گەلدا دەکا ,ئەوا لە خۆتێوەگلاندنی پرۆژەیەکی وەها دوو دڵ دەبێ , لەبەر ئەوەی کە ئەو گرفتانەی پیلان گێرەکان تووشیان دێن لە ژمارە نایەن .تاقیکردنەوەکانی لەوەبەریش بۆمان دەردەخەن کە لە رابووردوودا گەلێ پیلان کراون ,بەلأم کەمیان سەریان گرتوو, چونکە پیلانگێر لی کەسانی بێزارو کینەلە دڵدا نەبێ ناتوانێ هاورێ بۆ خۆی بدۆزێتەوە . تۆ کە نیازی دڵی خۆت لای مرۆڤێکی بێزار دەردەخەیت , حەوانەوەیەك بە دڵ و دەروونی دەبەخشیت و هیوای دەسگیربوونی خواست مەبەستەکەی خۆی لەلا دەژێنیتەوە .ئیتر ئەو دەشێ تەنیا بەپێزانینی هەواڵەکە دڵی ئاو بخواتەوەو وای ببینێ کە هەندێ سوودی لێ چاوەڕوان بکا .لە کاتێکدا بە دیوەکەی تریدا وایدادەنێ کە بەشداربوونی بە کردەوە , رێگایەکی پڕ لە مەترسی و گومانە .ئینجا ئەو بۆ ئەوەی لە دۆستێکی هێجگار دڵسۆز بۆتۆ , وەیا دوژمنێکی باوەکوشتەی میر . من بۆ روونکردنەوەی باسەکە بە چەند وتەیەك دەڵێم : پیلانگێر لە ترس و حەسوودی بردن و گومان کردن و تۆقین لە سزا بەولاوە کە دڵی دێننە لەرزە ,چیتر لە تەك خۆیدا نابینێ, لە کاتێکدا میر هەیبەتی حوکمرانی کردن و یاسا و پاراستنی لەلایەن هاورێیان و دەوڵەتەوە کە بۆی دەبێتە پاسەوان ,لە پاڵ خۆیدا دەبینێ و خۆ ئەگەر نیازپاکیی گەلیشمان خستە پاڵ ,ئەوا بۆمان دەردەکەوێ کە ستەمە هیچ مرۆڤێك توانای سەرکێشی کردن بۆ پیلانگێران لە خۆیدا ببینێ ,چونکە بە شێوەیەکی گشتی

پیلانگێر لەم حاڵەتەدا دەبێ پێش جێبەجێکردنی پیلانەکەی لە دوژمنایەتی گەل بترسێ, تەنانەت ئەگەر تاوانەکەشی سەربگرێ هێشتا هەر مەڵبەندێکی ئەوتۆ نابینێتەوە لە توورەیی گەل بپارێزێ.

رەنگە نموونە لەسەر ئەمە زۆربن ,بەلاَم من تەنیا یەك کارەسات دەگێرمەوە کە لە رۆژانی باوکانماندا رووی داوە , ئەویش ئەوەیە کە وەختێ پیلانگێرەکانی بنەماڵەی کانیشی , بەرز هانیپاڵ بێنتیڤۆگلیی میری بۆلۆنا وباپیری میری ئیستا بەرێز هانیباڵیان کوشت و میری کژراو لە بەرێز جیۆڤانی [79] بەولاوە کە منداڵ بوو هیچ کەس وکارێکی تری نەبوو , سەرجەمی گەلی بۆلۆنا راپەرین و یەك بەیەکی بنەماڵەی کانیشییان کوشتەوە . دیارە ئەم هەڵوێستە ئەنجامی خۆشەویستی ولایەنگیری کردنی گەل بوو بۆ بنەماڵەی بێنتیڤۆگلی و ئەو خۆشەویستییە گەلەکەی هان دا کە دوای کوشتنی هانیپاڵ و دوای ئەوی کەسێکیان لە بنەماڵەکەی بۆ نەبینرایەوە فەرمانرەوایی بگرێتە دەست ، بکەونە گەران و پشکنین هەتا یەکێکیان دۆزیەوە کە لە فلۆرنسادا دەژیاو باوکی ئاسنگەرێك بوو پەیوەندیەکی خزمایەتی لەگەڵ بنەماڵەکەیدا هەبوو ، ئەوسا هێنانیان ودەزگای فەرمان رەوایی شارەکەیان دایە دەست تا تائەو وەختەی جیۆڤانی بالق دەبێ و دەتوانێ حوکمرانی شارەکە بکا .

لەمەوە من ئەو ئەنجامە دەت گیر دەخەم کەمیر ئەگەر گەل لێی رازی بوو ترسی پیلان لەدژگێرانی نابێ ، بەلام ئەگەر هەستی کرد دەیبوغزێنێ و دومنایەتی لە گەڵدا دەکا ، لەسەری پێویستە ترسی لە هەموو مرۆڤێك و هەمووشتێك هەبێ .بۆیە ئاسایی وا رۆیشتوە کە دەوڵەتە رێك و پێکەکان و میرە ژیرەکان ، بەسەریچك نەیان هێشتوە سەردارەکان بگەنە رادەی دەستەلأتداری و بە سەرێکیش گەلیان رازی کردوەو ئا ئەمەش گرنگترین باسێکە کەمیردەبی بایەخی پێبدا .

گومانی تێدانیە کەفەرەنسا لە رێك و پێکی و لە حوکمرانی کردندا لە سەردەمی ئێستاماندا ،چاکترینی دەوڵ'تانەو ژمارەیەکی زۆر دەزگای ئەوتۆی تێدا بەدی دەکەن کەسەلامەتی و سەربەستیی پادشایانی لەسەر راوەستاوەو لە پێشی ئەو دەزگایانەشەوە ، بەرلەمان و دەستەلأتەکەیەت کە دیارە ئەو کەسەی مەملەکەتەکەی دامەزراندوە ، ئاگاداری تەماعو سەرکێشی ی سەردارە گەورەکان بووە و بە پێویستی زانیوە بۆ جڵەوگیرکردنیان لغاوێك بخاتە دەمیانەوە . هەروەکو لەولای ترەوە ، دەرکی بەوە کردوە کە جەماوەری گەل چ رق و کینەیەکی داڕژراویان لەسەر بناغەی ترس ،بەرامبەر بەو سەردارە گەورانە لەدڵدایە .ئینجا بۆ ئەوەی دڵنیاییان پێببەخشێ، ویستوێتی پادشا لەم باسە رزگار بکا و نەیەلێ ببێ بە کۆڵکیئەوەوە ، تا لە حاڵەتی رازیکردنی گەلدا لە نارەزایی سەردارەکان بیپارێزێ و لە حاڵەتی رازی کردنی سەردارەکانیشدا لە نارەزایی گەلی بە دوور بگرێ . بۆ ئەم مەبەستەش هات قازیەکی سێیەمی دانا کەلە لایەکەوە مل کەچی فەرمانی راستەوخۆی پادشا نابێ و لەلایەکی ترەوە گەورەپیاوان جڵەو گیر دەکاو لەلایەکی تریشەوە دڵسۆزی جەماوەری گەل دەبێ . جا بەراستی هیچ راێگیەك بۆ زامن کردنی سەلامەتی